# ژەهری ژیر



ئەسکەندەر چاربوتی

# بەناوی خوی بەخشیندە و میهرەبان

**ناوی کتێب: ژەهری ژێر**

**ناوی نووسەر: ئەسکەندر چاربوتی**

**دیزاین و پێداچوونەوە: ئەسکەندر چاربوتی**

**ساڵی:٢٠١٨**

**چاپی یەکەم: ٢٠٢٠**

**چاپخانە: رۆژهەڵات**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان بە ژمارەی سپاردنی (١٦٨)ی ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە.**

# سوپاس و پێزانن

- سوپاس بۆ هەموو مامۆستاکانم لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن و ژیان.
- پێشکەشە بە هەموو خۆشەویستانم و دڵسۆزانی رێگای چاکسازی و دادپەروەری.

# پێرست


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| بەشی یەکەم | ٨ |
| تێگەیشتن لە گەندەڵی | ٩ |
| چاکسازی و سیستەمی ژەهراوی | ٢٦ |
| بیرکردنەوەی ژەهراوی | ٣٨ |
| بەشی دووەم | ٥٠ |
| حزبایەتی ژەهراوی | ٥١ |
| یاسای ژەهراوی | ٦٣ |
| ڕاگەیاندنی ژەهراوی | ٨٠ |
| بەشی سێیەم | ٩٧ |
| سیاسەتی ژەهراوی | ٩٨ |
| بەرپرس سازی ژەهراوی | ١١٨ |
| کۆمەڵگای ژەهراوی | ١٣٤ |
| سەبارەت بە نووسەر | ١٥٥ |

## پێشەکی:ـ

ئەگەر حزبایەتی بە خراپی لە کۆمەڵگادا جێ بە جێ کرا، وەک ژەهر دەچێتە نێو سەرجەم جۆمگەکان و دەمارەکانی کۆمەڵگا هەتا دەگاتە مێشک، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی تاکێکی (لاواز و بێ دەسەلات و کۆیلە)، بەم هۆیەشەوە خاوەنەکانی ئەم ژەهرە بە ئاسانی دەتوانن حۆکمی تاکەکان و کۆمەڵگا بۆ ماوەیەکی درێژ بکەن، بۆیە خۆ رزگارکردن لە بیری حزبی ژەهراوی کارێکی گرنگی تاک و چینەکانی ناو کۆمەڵگایە.

حزب زۆرجار ژەهرە، بەلام هەر ژەهرێک دەتوانرێت وەک دەرمان بەکار بهێنرێت، بۆیە لە خراپ تێگەیشتن لە حزب بیروباوەر ژەهراوی دەبێت و پێویستە دژە ژەهر بەکار بهێنرێت بۆ خۆپاراستن لە بیری هەڵە.

ئایدیا و رێبازی هەر حزبێک دیارە، بۆیە ئەندامەکانی حزب دەبێت، حزب بەکار بێنن، بە پێچەوانەوە ئەگەر حزب ئەندامەکانی بەکار بێنێت، ئەوا کاریگەری دەبێت لەسەر جۆری بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ئەندامەکانی و چەسپاندنی ئامانجەکانی کەسی تاکڕەوی دەسەلاتدار، بۆیە کاتێک هزری تاکەکان کەوتە دەست حزبە نەخۆشەکان (تەمبەڵ و گەندەڵ) ئەوا ژەهراوی دەکرێن.

حزب ئۆتۆمبێلێکە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ خزمەتکردنی تاکەکان تاکو بگەنە شوێنی مەبەست، هەروەها دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ لەناوبردنیان!

جۆری تێگەیشتن لە کاری حزبی و بەکارهێنانی، زیاتر چەمکی ژەهراوی بوونی ژێر روون دەکاتەوە.

ئەم کتێبە لە سێ بەش پێک دێت، بەشی یەکەم لە سێ باسی سەرەکی پێک دێت کە باسی یەکەم: بەناونیشانی تێگەیشتن لە گەندەڵییە، چۆن بتوانرێت کەسانی دڵسۆز و خیانەتکار لەیەک جیا بکرێتەوە؟ باس لە تایبەتمەندییەکانی پانکردنەوە و چەندەها کولتووری خراپ دەکات کە رووبەڕووی تاکەکان دەبێتەوە، هەموو ئەوانەی کە لەژێر ناونیشانی نیشتمان پەروەری و بازرگانی خەریکە گەندەڵین.

باسی دووەم: تێگەیشتنە لە سیستەمی ژەهراوی گەندەڵ، هەروەها چۆنیەتی چاکسازی کردن لە بەڕێوەبردندا و ناسینی سیستەمی گەندەڵ.

هەروەها باسی سێیەم: تێگەیشتنە لە بیرکردنەوەی ژەهراوی و گەندەڵ، ناسینی ئەو کەسانەی وەک مار هەوڵدەدەن بیری خەڵک ژەهراوی بکەن و وایان لی بکەن کە ژیری خۆیان بفرۆشن.

بەشی دووەم لە باسی یەکەم سەبارەت بە حزبە ژەهراوییەکانە کە چۆن تاکەکان کۆنترۆل دەکەن و حزبایەتییەکی پڕ لە رق و کینە بۆ کۆمەڵگا دروست دەکەن.

لە باسی دووەم ژەهراوی بوونی یاسایە ئەویش بە نەهێشتنی سەروەری و متمانە کردن پێی و زۆربوونی نادادپەروەری و پێدانی هەندێک سیفەتی خراپ بە یاسا وەک شلی و رەقی و گازی!

لباسی سێیەم: ژەهراوی کردنی دەزگاکانی راگەیاندنی کە تێدا نووسەران ژەهراوی دەکرێن کە نووسینەکانیان بفرۆشن و رەخنە لە پیناو حزب بگرن و شی کردنەوەی ناراست بدەن و چۆن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ژەهراوی کراون.

له بەشی سێیەم لە باسی یەکەم باس لە سیاسەتی ژەهراوی دەکات کە تیایدا تاکەکان فیری سیخۆری و چاوچنۆکی و بیرتەسکی دەکرێن و رەنگی حزبە سیاسییەکان گرنگی پێ دەدرێت و شوێنی شیاو دەدرێتە کەسانی ناشیاوی حزبی.

لە باسی دووەم چۆنیەتی بەرپرس سازی ژەهراوی کە تیایدا تایبەتمەندی ئەم بەرپرسانە و شێوازی دانانیان بە کورتی خراوەتە روو.

لە باسی سێیەم کۆمەڵگای ژەهراوی کە ئەمەش بە بڵاوکردنەوەی بێکاری و تەمبەڵی و چینایەتی و ترس، کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی خەڵک کراوە، هەروها چۆن هەوڵ دراوە کە خەڵک لە خۆبایی بکرێن؟

بە گشتی ئەم کتێبە لە کۆمەڵەنووسینە سەبارەت بە رۆڵ و کاریگەری گەندەڵی حزب لەسەر بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵگا و دەسەڵات و یاسا و راگەیاندن، هەروەها ئەو جۆرە لێکدانەوە و بەهەڵە بیرکردنەوانەی کە بوونەتە هۆی ئەوەی ک تاک هزرێکی ژەهراوی هەبێت و نەتوانێت و ناچار بکرێت کە داخراوانە بیر بکاتەوە.

بە راستی حزبی گەندەڵ دەتوانێت مێشکی سەرجەم تاکەکان گەندەل بکات و ببێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگایەکی چەقبەستووی مردوو و پڕا و پڕ لە هزری بۆگەن بەرهەم بێت، بۆیە تاکەکان پیویستە ئاگاداری ئەم بارۆدۆخە بن.

# بەشی یەکەم

# تێگەیشتن لە گەندەڵی

# چاکسازی و سیستەمی ژەهراوی

# بیرکردنەوەی ژەهراوی

# تێگەیشتن لە گەندەڵی

گەندەڵی شەپۆلە، کاتێک تاک بە تاکی کۆمەڵگا بەپێی توانا و دەسەڵاتیان رۆژانە گەندەڵی {بچۆک و گەورە} ئەنجام دەدەن، ئەمە دەبێتە هۆی درۆست بوون و بەردەوام بوونی شەپۆلەکان و ئارامی لەناو دەچێت، بۆیە هەموو ئەوانەی لەناو کەشتی دان دەبێت بە ناچاری بە ئاراستەی دڵی شەپۆڵەکان بڕوون، کەس ناتوانێت رێگری لە شەپۆلەکان بکات، بۆیە بۆ ئارام بوونی کۆمەڵگا پێویستە شەپۆلەکان ئارام بکرێن و بۆ دووبارە و چەندبارە نەبوونی شەپۆلەکان پێویستە هەموو تاکەکان بێ جیاوازی رۆژانە بە کەمی واز لە گەندەڵییەک بێنن و ئارام ئارام شەپۆلی گەندەڵی لاواز بکەن، بەم شێوەیە کۆمەڵگا بە ئاراستەی راستی خۆی جۆڵە دەکات.

سێ چەمکی (خیانەت،گەندەڵی،خزمەت)زۆر نامۆ، نەناسێنراو، نەبینراو، پێناسەنەکراو، لەهەمان کاتدا گشتگیرن لە کۆمەڵگای دواکەوتوودا، بەشێوەیەک کە رۆحی ئەم سێ چەمکە و بەها و هەیبەتیان دیار نییە، تێکەڵ و پێکەڵن، ئەوەی ئاشکرایە چەمکی گەندەڵی دەبێتە پردێک لەبەینی هەردوو چەمکی خیانەت و خزمەت، بە ئاسانی بەرەکانی (خیانەت و خزمەت) لەمبەر بۆ ئەوبەر دەبردرێن، کەواتە گەندەڵی رۆڵی (پردی قەچاغ) دەبینێت، بۆ نموونە بەرەی(خیانەت) بە هۆی پردی گەندەڵییەوە دەبردرێتە بەرەی(خزمەت) و بەم شێوەیە خیانەتکار دەبێتە خزمەتکار!

یان بەرەی (خزمەت) بە هۆی پردی گەندەڵییەوە دەبردرێتە بەرەی (خیانەت) و بەم شێوەیە خزمەتی دڵسۆز هەژمار ناکرێت و وەک خائینێک پشتگوێ دەخرێت! ئەمە ئەنجامی نادیار بوون و روون نەبوونی ئەم سێ چەمکەیە لای تاک لە کۆمەڵگادا، کەواتە ئەم سێ چەمکە(خیانەت، گەندەڵی، خزمەت) وەک جنۆکە بەکاردەهێنرێن، دەبینرێن و نابینرێن، کاریگەرن و ناکاریگەرن، هەستپێکراو و هەست پێنەکراون، بایەخدار و بێ بایەخن، بەتام و بێ تامن، بۆیە لە کۆمەڵگادا هیچ شتێک لە شوێنی خۆی نامێنێت، ئاڵووزی و سەرلێشێواوی خۆراکی رۆژانەی خەڵک دەبێت.

خۆی دەبێت سیاسەتی خزمەت کردن بێت نەک سیاسەتی پان کردن! سامۆرایی بە مانای خزمەتکاری گەل دێت، سامۆراییەکان رێزیان لە (پلەوپۆستی) سامۆرایی دەگرت، نەک خۆدی سامۆرایی! بۆیە تا ئێستا بۆ مانەوەی ناوی (سامۆرایی) گەورە و بچوکیان ئامادەی خۆ قوربانی کردنن. لە پلە و پایەدا شتێک هەیە خەڵک بە هەڵە لێی تێدەگات، دەبێت بزانین هەرکەسێک پۆستێکی گەورەی وەرگرت پێی گەورە نابێت! بەڵکو هەمان کەسی پێشوویە، تەنیا پۆستەکە گەورەیە و دەبێت رێز لە پۆستەکەی بگیرێت نەک لە کەسەکە! چۆنکە پۆستەکە بە هۆی خزمەتی خەڵکی گیانفیدا دروست بووە لە پێناو خزمەتی گشت خەڵک، بۆیە ئەگەر سیاسەتی خزمەتکردن شوێنی سیاسەتی پانکردنەوە بگرێت رێز لەو پۆستە بگرن کە قوربانی و زەحمەتی پێدراوە نەک کەسەکان، لەبەر ئەمەیە ژاپۆنییەکان بۆ بەرز کردن و بەهادان بە خزمەت و قوربانیدانی باو و باپیرانیان(سامۆراییەکان) و

دروستکردنی وڵاتێکی پێشکەوتوو ڕێگای دڵسۆزی و یاسا و دادپەروەری و زانست دەگرنە بەر، نەک ڕێگای خۆ شیرین کردن و پان کردن و...

ئەرکی نیشتمان پەروەر ئەمە نییە خەڵک بکاتە خائین و وڵات فرۆش، چۆنکە هەروەک لە ناوەکەیدا دیارە پێویستە بیری نەتەوایەتی لە ناو مێشکی ئەوانەی کە نیانە بچێنێت و پەروەردە بکات، بەڵام ئەگەر ئیشی تەنیا لە چوارچێوەی فرۆشتنی بیری نەتەوایەتی بێت بە ئەم و ئەو، ئەمە پێی ناڵێن نیشتمان پەروەری ، پێی دەڵێن جۆرێک لە موزایدەی فرۆشتنی هەستی نەتەوەیی، ئەم تێنەگەهشتنە لە کاری نیشتمانپەروەری بوویتە هۆکاری زیاتر سۆربوونی تاکەکانی تر لە پیشەی خیانەت و نیشتمان فرۆشی، ئەمەیە کە وای کردووە کۆمەڵگایەگی پڕ لە رق و کینەی دابەش بوو بەسەر چەندین بەرە دروست ببێت.

لای نیشتمانپەروەر بەهای تاکە پێڵاوی گەندەڵێک لە حۆکمی هەموو دۆژمنێک زیاترە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێزی بۆ ئەم گەندەڵانە کەمترە لە ڕێزی بۆ خوێن مێژترین دۆژمنی بێگانە.

با بزانین دەوڵەمەندە دڵسۆزەکان کێن؟

هیچ دڵسۆزی و خزمەتێک لەوەدا نابینم کە دەوڵەمەندەکان هەستن بە دروست کردنی پارک و شوققە و شاری گەورە و نەخۆشخانەو قۆتابخانەی ئەهلی و دانانی کۆمپانیای ئەلیکترۆنی و حزب و کەناڵی ڕاگەیاندن، چۆنکە ئەمانە تەنیا بۆ پڕترکردنی گیرفانیانە و پارە دەرهێنانە لە گیرفانی خەڵکی ڕەش و ڕووت! بێ ئەوەی هیچ خزمەتێک بە بناغەی

ئـابووری وڵات بکات، بۆیە کاتێک کە وڵاتانی دەوروبەر تەهدیدی داخستنی سنوور دەکەن رووی هەموو دەوڵەمەندەکان رەش دەبێت و دەنگیان ناهێت. دەوڵەمەندی دڵسۆز ئەو کەسەیە کارگە دابنێت و سوود لە پەتاتە و گەنم و هەنار و سەرجەم بەرهەمەکانی جۆتیاران وەربگرێت و هزاران کەسی تێدا دابمەزرێنێت و رێگە نەدات بەرهەمیان لە بازار هەراج بکرێت. دەوڵەمەندی دڵسۆز ئەو کەسە بەم وڵاتانە بڵێت کەڵ و پەلەکانتان بۆ خۆتان، بەرهەمە کشتوکاڵیی و پیشەسازییەکانتان بۆ خۆتان، ئێمە پێویست مان بە لاپەڕە کاغەزێکی ئێوە نییە، بە پارەی خۆمان و دەستی کاری خۆمان وڵات بەخێودەکەین.

*خەڵک ئەگەر دڵسوز نەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە کۆمەڵگا بەڕەو گەندەڵی و وێرانی دەڕوات، دڵسوزی لە وڵاتانی پێشکەوتوو جیاوازی هەیە لەگەڵ وڵاتانی دواکەوتوو ، چونکە لە وڵاتانی دواکەوتوو دڵسوزی پێناسەی خرابی بۆ کراوە بۆ نمونە : تاک بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن لە وڵاتەکەیدا هەر کارێکی خراب دەکات لەوانەیە پارەی نایاسایی (حەرام) بە دەست بهێنێت و بۆ خۆ شاردنەوە مزگەوتی پێ دروست بکات!

زۆربەی بازرگانەکانی هەوڵ دەدەن بەردەوام شتی خراب و ماوە بەسەرچوو بهێننە وڵاتەکەیان و پارەی زیاتر بەدەست بهێنن! یان بەردەوام حەزیان لێ یە مووچە لە وڵاتەکەیان وەربگرن و دەولەمەند ببن بێ ئەوەی کە هیچ خزمەتێک بکەن و دەسەلاتیش بۆ مانەوەی لەسەر کورسی هەر کارێک دەکات

بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکەی خۆی بپارێزێت، لێرەدا دەبینین کە هیچ دلسوزییەک نیە بۆ پاشەرۆژی وڵاتەکەیان و بەرەو پێش بردنی وڵاتەکەیان.
لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا تێگەیشتنی خراپ ئەمەیە کە تاک گەندەڵ بێت و نەزانێت کە گەندەڵە، زۆر تایبەتمەندی خراپی هەبێت و پێی نەزانێت، بەردەوام بیانۆ بۆ کارە خراپەکانی بێنێت و فێڵ لە خۆی بکات، خراپتر لەمە کاتێکە کە ئەم تاکە خۆی وا پێشان بدات کە دژی گەندەڵی و تایبەتمەندییە خراپەکانە و لەسایەی ئەم شانۆگەرییە چەندەها ساڵ بمێنێت لەسەر کورسی! تێگەیشتنی خراپتر لەمە ئەوەیە کە خەڵکی تر ئاگاییان نەبێت کە ئەو کەسەی کە پێی دەڵێن گەندەڵ، لای ئەم (تاک)ەی بەرپرس بە کەسانی دڵسۆز و دەستپاک و باش دەناسرێن! چۆنکە لە خۆی دەچن، ئەوەی خەڵک پێی دەڵێت گەندەڵی، لای ئەم (تاک)ەی بەرپرس خزمەت و رەوشتە! چۆنکە لە هەڵسۆکەوتی خۆی دەچێت، ئیتر وای بۆ ئەو خەڵکەی کە راپۆرتی گەندەڵی و گەندەڵەکان بباتە لای ئەم تاکە و رەخنە لە گەندەڵی و گەندەڵەکان بگرێت.
نە خیانەت و گەندەڵی، نە خیانەتکار و گەندەڵکار، بوونی نییە لە نێو یاسای ژیانی ئەو میللەتانەی کە تەنیا بیر لە بەرژەوەندی گیرفانیان دەکەنەوە، ئەگەر گیرفانیان بەتاڵ بوو هەموو کەس گەندەڵ و خائینە، ئەگەر گیرفانیان پڕ بوو گەندەڵ و خائین بوونی نییە و هەر نایبینن، تەنانەت بە قارەمانیش دێتە بەرچاویان، بۆیە تا ئەو کاتەی گیرفان حوکمی عەقلی تاک بکات، هیچ سزایەک بۆ گەندەڵ و خائین لە ئارادا نییە، بۆیە دەتوانین بڵێین: لێکدانەوەو هۆشیاری تێگەیشتن لە بابەتەکان

کاری هەموو گەلێک نییە، گەلێک کە بیر ناکاتەوە و تەنیا خەریکی گوێ گرتن لە پڕۆپاکندەکان بێت، هەرگیز ناتوانێت گەندەڵ لە دەستپاک و گەندەڵی لە دەستپاکی جیابکاتەوە.

نابێت ئەوانەی دژی گەندەڵی دەوەستن و خاوەن دەسەڵاتی باڵان بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە پەنا بۆ خۆدی گەندەڵکاران ببەن و ئەوان بکەن بە سزادەرانی گەندەڵکاران و گەندەڵ سزای گەندەڵکار بدات، ئەمەش زۆر پێکەنیناوییە! بەڵام ئەمە بەردەوام کراوەو دەکرێت، بۆیە دەبیت پەنا بۆ ئەوانە ببرێت کە قوربانیانی گەندەلی بوونە، بۆ ئەوەی هەر بزانرێت لە کۆمەڵگاکەدا گەندەڵی چییە؟ گەندەڵی ئەوە نییە کە تۆ نەتوانی دەوڵەمەند بیت یان پوستێک وەرگری، بەڵکو لەوەدایە کە بۆچی نەیان هێشت تۆ دەوڵەمەند بیت و پۆستێک وەربگری؟

کاتێک دڵسۆزترین تاکەکان ئەوانەی خاوەنی بیروباوەڕێکی پتەو بوون بەرەو گەندەڵی چوون ئەو کاتە دەبینین کە کۆمەڵگاکە بەرە و شێرپەنجەی گەندەڵی چووە و تەنیا بە لەناو بردنی و بەکارهێنانی حەب و دەرمانی بەهێز و کاریگەر(کیمیاوی) دەتوانرێت چارە بکرێت و لە ژێرخانەوە چارەسەر بکرێت، کەواتە بەلێسەندنەوەی سەرجەم مال و سامان و پلە و ناو و بانگییەکەی.

گەندەڵی لە هەموو شوێنێک هەیە تەنانەت فەرمانبەرێکی ئاسایش دەتوانێت گەندەڵ بێت، هەر وەک رۆشنبیرێکی عەرەب دەڵێت فەرمانبەربوون یەکسانە بە کوێلەبوون، بەڵام بە دیدێکی تر هەر فەرمانبەرێک کار بۆ بژێوی ژیانی خۆی بکات بە مەرجێک لە سنووری کارەکەی هیچ کارێک بە نایاسایی نەکات

**و ڕێگە نەدات بە نایاسایی غەدری لێ بکرێت و بە شەرافەت مەندانە ئەرکی خۆی جێ بە جێ بکات، نەک کوێلە نییە، بەڵکو شۆڕشگێڕێکی بواری مافی مرۆڤە.**

**مێژووی دروست بوونی فەرمانبەری خراپ و گەندەڵ لە عێراق هەر وەک د. علی وەردی دەڵێت: لە نێوان ساڵانی (١٨٧٦-١٩١٤) لە عێراق چینێک پەیدا بوو بە ناوی (چینی ئەفەندییەکان)[1] کە شوێنی فەرمانبەرە کۆنەکانی گرتەوە.**

**نابێت پزیشک لە نەخۆشخانەی حکۆمی ڕۆلی سیستەرێکی نەبێت، کەچی لە نەخۆشخانەی ئەهلی وەک(ابو عەلی سینا)یە! مامۆستا لە قوتابخانەی حکۆمی ڕۆڵی پاسەوانی قوتابخانە دەبینێت، چۆنکە تەنیا کۆنترۆل کردنی قوتابی بە ڕۆڵی خۆی دەزانێت، کەچی لە قوتابخانەی ئەهلی (ئەفلاتۆن)ە! بەرپرسە مافیاکانیش بە ئیهمالکردنیان ئامانجەکەیان دەپێکن، ئەمە**

---

[1] - (لونگریک) وا وەسفی چینی ئەفەندی کردووە:
خوێندن و نووسینیان دەزانی، بێ ئەوەی هیچ زانستێکیان هەبێت! لە جل و بەرگ لاسایی ئەوروپییەکانیان کردووە، بەرتیلخور بوون و دەیانتوانی هەر مامەلەیەک بۆ کاتێکی دیارینەکراو دوا بخەن، هەر بە زمانی خۆیان(تورکی) قسەیان دەکرد، بە چاوێکی سووکەوە سەیری عەشایەرو و جووتیارەکانیان دەکرد، زاراوەی بیانیان بەکاردەهێنا وەک (میکروب و کێشی زەوی،...) بۆ گاڵتەجاری، لەبەر ئەوەی خۆیان بە ڕۆشنبیر پیشان بدەن، لای پیاوماقوڵان ڕێزیان هەبوو!

نموونەی دوو چینە و سەرجەم چینەکان تا رادەیەکی زۆر بەم شێوەیە خزمەت دەکەن لە بەرژەوەندی دەزگای مافیاییە بە بێ زانین، گرنگی نەدان بە ئەرکی تایبەت لە دەزگا حکومییەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک پەنا بۆ دەزگا ئەهلییەکان ببات و پارەی خەیالی بدات، دواتر هەر ئەم خەڵک و چینانە دەبێتە بۆڵەبۆڵیان و رەخنە دەگرن لە ئەدای سیستەم و بەڕێوەبردنی حکومەت، بۆیە ئەگەر خەڵک بە باشی بە ئەرکی خۆی هەستێت خزمەتێکی گەورە بە نەهێشتنی گەندەڵی و هەبوونی سیستەمێکی باش دەدات.

بۆ نموونە: ئەگەر خەریک ئەمەبیت تا فێری منداڵێک بکەی کە بەستنی پۆشاکەکەی تەرک بکات و بڕواتە شوێنی تایبەت(WC)،بەڵام سەیرت پێ دێت کە بۆ هەر چوونە ئاودەستێک داوای پارە و دیاری دەکات و دەڵێت من قارەمانم!!!بەرپرسە گەندەڵەکانیش هەر وان، لە جیاتی دامەزراندنی کەسانی لێهاتوو بە نهێنی داپیر و باپیر و دایک و خۆشکی دامەزراندووە،بودجەش دەدزێت و دەڵێت ئەگەر نەیدزم ئەی دزن!ئینجا بە رووییێکی قایم و زمانێکی درێژ دەڵێت: من خزمەتم کردووە دەبێت خەلات بکرێم!!!

پێشینان وتوویانە: ئەوانەی کە ئامۆژگاری وەرناگرن و تەنیا شتی خراپ وەردەگرن، ئەوانەی دەبنە مایەی ئازار و مەترسی بۆ خەڵک و نایانەوێت تێبگەن، ئاودەست{WC}ن!

ئەگەر ئەندامی بنەماڵەیەک کارێکی خراپی بکردایە، دەیان گۆت چی بکەین؟ هەر بنەماڵەیەک ئاودەستێکی هەیە! کەواتە کۆمەڵگای ئێمەش

بەدەر نییە لەو کەسانەی سیستەمی بیرکردنەوەیان پیسە، بۆیە هەرکەسێکی خراپتان دۆزییەوە، خۆتان لە تێکەڵی لەگەڵیان بە دوور بگرن، چونکە ئەوانەی خۆیان ناپارێزن و قەیران دروست دەکەن، کەسانی ئاودەست ئاسان! حەزیان لێیە تەنیا پیسایی و بابەتی خراپ وەربگرن و کۆمەڵگا بۆگەن بکەن، ئەمانە تەنیا شتی پێچەوانە و خراپ وەردەگرن .

لەهەر شوێنێک کاتێک گلۆپی سەوزی (بژیت گەندەلی) دادەگیرسێت ئەو کاتە هیواکان بەرەو نەمان هەنگاو دەنێن، ئەو کاتەیە کە ئامانجەکانت بەرەو قوڵایی بێ هیوا بوون دەڕوات، ئەو کاتە ئەگەر هیوا بۆ پلەیەکی گەورە بخوازی دەبینی کەسانی نەشیاو زۆر بە ئاسانی پێی گەیشتن، هیوا بۆ رۆشنبیر بوون بخوازی دەبینی رۆشنبیران چۆن بێ کەڵک کراون و بەکرێ گیراون، هیوا بۆ بوون بە وەرزشوان یان هونەرمەندێکی لێهاتوو بخوازی دەبینی ئەوانیش حالیان زۆر جوان نییە، بە کورتی ئیتر لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا واز لە ئامانجی ناوبانگی و دەسەڵات بێنە، تەنیا هیوا بەمە بخوازە کە تا زیندووی بتوانی خزمەتی خەڵک و وڵاتەکەت بکەی و رێز لە مرۆڤایەتی بگری، کەسێکی سوودمەند بیت تەنانەت بۆ مێروولەیەک، دوور بیت لە لادان و تاوان، ئەمەیە دانایی و زانایی، بەم شێوەیە ئامانجە گەورەکەت پێکاوەو ویژدانت لە ئاسوودەیی دا بێت.

گەندەڵەکان دەبنە هۆی دروست بوونی کولتووری خراپ، نەبوونی کارەبا هێی زۆر بەکارهێنانێتی بە شێوەیەکی نارێک و پێک، ئەگەر کولتووری بەکارهێنانی هەبێت خەڵک پێویستی زۆری پێ نییە بە بەردەوامی، کەواتە هەموو شتێک خەتای حکومەت و بەرپرسە دزەکان نییە، خەتای کولتوورە،

کولتووری بەکارهێنانی ماڵ و سەرمایە لە گەندەڵەکانەوە وەرگیراوە، لای ئەوان بەزەیی نەبە ماددیات و نە بە مەعنەوییات دەکرێت.
یان نموونەیەکی تر: ئەگەر ئافرەتێک هەڵەیەکی بچووکی کردبێت، ئەوەندە بە (بێ حەیا) ناوی دەرکراوە کە نەک ئافرەتەکە، بەڵکو عەشیرەتەکەشی هەستیان بە شەرمەزاری و سەرشۆڕی کردووە! بەڵام بۆچی ئەم بەڵایەی کە بەسەر ئافرەتی داماو دەتان هێنا، بەسەر ئەو گەندەڵکارانەش نەتان دەهێنا کە کردووتانە قارەمانی خەیاڵەکانتان؟ خەڵک بۆیە گەندەڵی کردووە و دەیکات، بۆ ئەوەی ببێتە قارەمان، چۆنکە ئەگەر بە گەندەڵی پلە و پایە و موڵک و سامان وەرنەگرێت کەس بە پاڵەوان سەیری ناکات و ئەگەر زۆر دەستپاک بێت، تەنانەت بە کەسێکی گێژ و نەزانیش سەیر دەکرێت! ئەمە بە کردار جێ بە جێ دەکرێت لە بیری خەڵکدا، کولتووری بیرکردنەوە زۆر ڕۆڵ دەبینێت! بۆیە هەتا خەڵک ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەی نەگۆڕێت، بەرەو گەندەڵی چوون ئامانجی هەموو تاکەکانە.

ڕێگەیەکی دروست بوونی گەندەڵ کار پێگە و پروپاکەندەیە، کە دوو پێوەری سەرەکی زۆر سەیرن! تەنیا بە پێدانی (پێگە و بڵاوکردنەوەی پروپاکندەی باش) نەزانی داماو لە ناکاو دەکرێتە دانای پالەوان، بە لێسەندنەوەی (پێگە و بڵاوکردنەوەی پروپاکەندەی خراپ) دانای پالەوان دەکرێتە نەزانی داماو، بەم دوو پێوەرە کەسایەتیەکت بۆ دروست دەکەن،زۆر بە ئاسانی شایلوک دەبێتە ئەفلاتون و ئەفلاتون دەبێتە شایلوک.

ئەم دوو پێوەرە لە زۆربەی شوێنە خراپەکانی دوور لە دیموکراسی و بوونی هەستێکی زۆری دەسەڵات خوازی دا بە زەقی بوونی هەیە، بەرهەمی نا عەدالەتییە، کاتێک پێگەی کەسەکان پێچەوانە دەبیت، ئەو رۆڵەی کە پێویستە پێی نەدرێت، شتەکان پێچەوانەی بیر و خواستی خەڵک ئارستەیەکی هەڵە وەردەگرێت و پێکدادانێکی رەفتاری زۆر خراپ دروست دەبێت و ئەنجامی گەورەی نێگەتیڤی بەدواوە دێت.

پێگە پێویستە لەسەر بنەمای لێهاتوویی تاکەکەس بە پێی ئەو توانابییەی کە هەیە بدرێت، چونکە پێگە جۆرە مافێکە کە دەبێت کەسانی تایبەتمەندی خۆی بتوانن وەری بگرن و بە خراپ دابەش کردنی کارەساتی کۆمەڵایەتی و پێشێل کردنی مافی مرۆڤە.

سەلماندنی گەندەڵی ئاسانە، بۆ نموونە: تەنیا بیربکەرەوە کە لەگەل مەنتیق ناگۆنجێت سەدان بەشی زانستیت هەبێت و ساڵانە سەدان دەرچوو لە ژێر ناوی پسپوور بنێردرێتە ناو کۆمەڵگا و لە سەرجەم بوارەکان تەنیا قەیران بتوانێت پێناسەی بارودۆخەکان بکات.

لە سەرجەم بوارەکان تەنیا ئاسانە کەمێک سەرنج بدەی، بۆ نموونە لە پەروەردە دەبینی کە نە تەنیا بەرپرسەکان، بەڵکو فەقیرەکانیش بێزیان دێت منداڵەکانیەن بنێرن بۆ قوتابخانە حکومییەکان! کاتێک بە هەزاران منداڵی فەقیر دەروون بۆ ناونووسین و قوتابخانە ئەهلییەکانن باشترین قوتابخانەن!

**یەکێکی تر لە نیشانەکانی پەیدابوونی گەندەڵی(پانۆڵۆجی)یە[2] بە مانای (زانستی پانکردنەوە) یان هەمان ماستاوکردنە، لە زۆر وڵاتان لە حاڵەت و دیاردە سنووری بەزاندووە و تەنانەت لە سەرجەم وڵاتە دواکەوتووەکان دەبێت وەک زانست بدەینە ناسین، پانۆڵۆجی وەک ڕێبازێک زۆربەی تاکەکان بۆ گەیشتن بە ئامانج و شوێنێک کە شایانی نین بەکاری دێنن، هەموو کەسانێکیش ناتوانن بە باشی فێری ببن، ئـەوەندە پێش کەوتووە دەتوانن لە ژێر پەردەی دینداری و نەتەوایەتی و تەنانەت دڵسۆزی و هتد دا بە ئاسانی پیادەی بکەن، هەروەها دەتوانن پانکردنەوەکە بکەن و تاوانەکەی بخەنە ئەستۆی ئەوانەی کە نەیانکردووە، لە ناو حزبەکان فێرگەی نهێنی هەن کە لە لایەن هەندێ گرۆپی فۆل سوودمەند بەڕێوە دەچن و ئەم بیرۆکەیە وەک (شەکر و خوێ) دەکەنە نێو هزروبیری تاکەکان و هەرکەسە و بە پێی حەز و ویست یان نەزانی خۆی وەری دەگرێت، بە شێوەیەک کە هەمووان دەتوان تامی سوێری و شیرینییەکەی بچێژن.**

**گەندەڵی وا دەکات شعوور نەمێنێت، بە تایبەت کاتێک دەبینی تاک بۆ ئەم خاکە شەهید دەبن، کەچی کەس ناڵێت: من چەندین مووچەم هەیە با تەنیا دانەیەکی وەرگرم! من چەندین زەویم داگیر کردووە با بیاندەمەوە! من پلەکەم بە نایاسایی وەرگرتووە با واز بێنم! من پاسەوانەکانم بۆچییە لەکاتێکدا لە وڵاتی خۆمم؟ کەس ناڵێت با ئیتر گەندەڵی نەکەم، غەدر**

[2] - خوالێخۆش بێت پ.ی.د. فواد احمد قادر لە بەشی کۆمەڵناسی بۆ یەکەمجار ئەم چەمکەی داهێناوە .

نەکەم، مافی کەس نەخوم، رق و کینە بڵاو نەکەم و هتد، چونکە شعور نەماوە.

با بە کورتە چیرۆکێک وڵاتێکی گەندەل بەم شێوەیە راڤە بکەین:- هەبوو نەبوو گەندەل خانەیەک هەبوو...

گەندەل بە واستە بۆ بە مامۆستا، گەندەلەکانی فێرِی خوێندن کرد، گەندەل بۆ بە دکتۆر، بۆ ئەوەی پارە بەدەست بێنێت، گەندەل بۆ بە ئەندازیاری کارەبا، بۆ ئەوەی کاری سیاسەت بکات، گەندەل بۆ بە بازرگان و بە کەل و پەلی ئیکسپایەر گەندەلەکانی تووشی نەخۆشی کرد، لە ناکاو گەوەرە گەندەلێک هات وتی دەیگۆڕم!؟! گەندەل خۆی کاندید کرد، گەندەلەکان دەنگیان پێ دا، وڵات تووشی قەیران بوو، گەندەڵەکان خۆپێشاندانیان کرد، گەندەل لێدانی خوارد بە دەستی گەندەل، گەندەل بە دەستی گەندەل کوژرا، وڵات پڕ بوو لە گەندەڵی و گەندەلەکان وا بە خۆشی دەژین.

کاتێک بابەتەکانی پێویست بۆ زانین نادیار بن لە لایەن خەڵک، ئەوا تاوانەکانیـــــش نادیارن و سەرچاوەی کولتووری نادیاری لە سیستەمی حوکمڕانیەوە دروست دەبێ، هەرچەند نادیاری و ناڕوونی شتەکان لە ڕادەبەردەر بێت، ئەوا ئاستی ڕۆشەنبیری کۆمەڵگا و خەڵکەکەی لاواز تر دەبێ.

لە کۆمەڵگا گەندەڵەکاندا دەسەڵات قورخ کراوەو بە پێی حەزی حوکمڕانەکان خەڵک زانیارییان پێ دەدرێت، هەر ئەمەش دەبێتە هۆکار کە گەندەڵییەکان زۆر بن و بە ئاسانی کەسانی بەرژەوەندیخواز و ئاست نزم کاری نایاساییی ئەنجام بدەن، بۆ نموونە : ئەگەر ڕوون و ئاشکرا نەبێت

فلانە فەرمانبەر بۆچی دەگوازرێتەوە؟ یان فلانە فەرمانبەر بۆچی دامەزرا؟ یان فلانە پرۆژە لەسەر حسابی چی دروست دەکرێت؟ یان دەرامەتی وڵات چون چۆنی خەرج دەکرێت؟ یان فلانە کەس لەسەر چی گیرا؟ یان؟... هەموویان دەبنە هۆکار کە تاکەکان فێری شاردنەوەی شتەکان بن و فێری درووکردن بن و فێری ئەوە بن کە لە مێشکیان زۆر شتی نادیار کۆبکەنەوەو توانای بەدواداچونیان نەبێت بۆ شتەکان، هەر شتێکیش کە بوونی نادیاری و نا شەفافی لێی بێت ئەوا فێلی تێدایە! و ئەگەر فێلی تێدا بوو ئەوا کێشەی تێدایە و لە دواییدا ... گەندەڵی تێدایە .

یەکەم شت کە کۆمەڵگای دواکەوتوو دەبێت لە یاساکانیدا پەیڕەو بکات و گرنگی پێ بدات، روونکردنەوەو بە ئاشکرا ئەنجام دان و خەرج کردنی پرۆژەکان و کارەکانە، بۆ ئەوەی هیچ بیانویەک بەدەستی تاکەکان نەکەوێت کە هەڵسن بە ئەنجام دانی کاری نایاسایی و هیچ بیانویەک نەبێت کە لە دەسەڵات تورە بن و هەستی نەتەوایەتیان نەمێنێت.

نەبوونی ئەقلێکی مەدەنی و هەبوونی بەرژەوەندی خوازی، هەمووان تاوانبارن راستییەکی تاڵە، هەرکەس لە خەمی گیرفانێتی، هەر حزبێکیش لە خەمی خۆدەرخستنەکەیەتی ، لەسەر ئەقلییەتی شارستانی، کابرا بە واستە زەوی و خانووی وەردەگرت دەیان گوت زیرەکە! کە هەرچی خزمێتی کردییە خاوەن مووچە و ٢ مووچە، دەیان گوت زیرەکە! کە کابرا مووچەی ٧٠ ئەوەندەی مووچەی هەژارێک بوو دەیان گوت زیرەکە! کە بە شەو و رۆژێک پلەی فڕی دەیان گوت زیرەکە! کە مەتعەم و سەفەری بۆ دەرەوەی وڵات بەلاش بوو دەیان گوت زیرەکە! ئەرێ ئەم زیرەکانە بۆچی هیچ داهێنانێک

به ناویان نییه؟ ئەم کەسانە لە ناو هەموو حزبەکان دا هەن، بەڵام کە گیرفان بەتاڵ بوو، ئەوکات دەزانین بڵێین بەرپرسەکان دزنن!

*هەرچەند تاوانەکان نادیار بن پاشەرۆژی کۆمەڵگا نادیارتر دەبێت، بەداخەوە زۆربەی کۆمەلگاکانی ئەمڕۆ دواکەوتوویی خۆیان بەم ڕێگەیە پەرەدەسێنن و وێرانی دەکەن، ئەوانەی کە شتەکان دەشارنەوە لە دژی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیان کار دەکەن و دەبێت وەک تاوانبار لێکوڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت ، ئەگەر کۆمەڵگا بە وردی و روونی بەڕێوە نەچێت بە ئەستەم بەرەو پێشکەوتن هەنگاو دەنێت و هەر ئەمەش ئەگەری سەرەکی زۆربەی نەهامەتییەکانی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانە، ئەگەر تاکی کۆمەڵگا نەزانێت بە پلانی وڵاتەکەی چییە بۆ داهاتوو؟ ئەگەر تاکی کۆمەڵگا نەزانێت مەبەستی ڕامیاری وڵاتەکەی چیە ؟ ئەگەر نەزانیت...؟ ئەوا بە مسۆگەری (دڵنیایی) دەسەڵاتدارانی وڵاتیش نازانن هزروبیری تاکەکەسی وڵاتەکەیان چیە؟ ئەوا دەسەڵات نازانێت بۆچی و کەی تاکەکانی وڵاتەکەی بەرەو تاوان دەڕوون؟بویە نابێت شتی شاراوە هەبێت، چونکە بەس تاوان شاراوەیە و هەر شتێک کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەڵکی گشتی و دەسەڵاتی گشتی دا بێت نابێت لە چوارچێوەیەکی شاراوەدا بپارێزرێت.

ئاسەواری بەرپرسی خراب لەمەدا دیار دەکەویت، کاتێک بەرپرسەکان واستەیان بۆ کەسی نەشیاو کرد کە بڕواتە شوێنی شیاو، مافی هەژار و دڵسۆزەکانیان بە واستە دا بە و بەڵاشخۆرەکان، نەزانیان بە واستە کردە زانا و دەسەڵاتیان پێدا، کولتووری سیخۆری و

گەندەڵی و کۆتلەکاری و چەلاوخۆرییان پیرۆز کرد، ئەمە وا دەکات لە ناو حزبەکان چەند چینێک دروست ببێت، بۆ نموونە:- چینێک خزمەت بکات و هیچی دەست نەکەوێت، چینێک خزمەت نەکات و بەردەوام زک تێر و گیرفان پڕ بێت، چینێک قوربانی بدات و بۆ مافی چاوەڕێی دەستی چینی بەرژەوەندیخواز بێت، لەهەمووی خراپتر (غەدرلێکراو و غەدرکەر) هەر هەموویان ناراز دەبن و خۆیان بە مافلێخۆراو دەزانن، ئیتر بەم شێوەیە تێکەڵ و پێکەلی لە (ماف و دادپەروەری) لە نێوان خەڵک سەرهەڵدەدات و بێ بنەمایی سێبەری خۆی لەناو هزر و بیری تاکەکاندا دەچێنێت، دواتر بەرپرسەکان دەبنە (سیحرباز)، چۆنکە لە پێش چاوی خەڵک (سەری قازان) هەڵدەگرن سارد و بەتاڵ دەبێت، بەلام بۆ خۆیان و دارودەستەکەیان هر کاتێک(سەری قازان) هەڵدەگرن گەرم و پڕ دەبێت!!

بیر لەم رستەیە بکەنەوە، خوا خێرت بنووسێت! زۆر بەکار دێت کە لە راستیدا مەبەستیان ئەوەیە خوا گەندەڵییەکەت بنووسێت! رستەیەکی خراپ و بێ مانایە کاتێک کەسێک واستەیەک ئەنجامدەدات بۆ کەسێکی تر، راستەوخۆ پێی دەڵێن: خوا خێرت بنووسێت! ئەم رستەیە وا لە بەرپرس یان ئەنجامدەری گەندڵییەکە دەکات زیاتر بەردەوام بێت لەسەر گەندەڵی و وا بزانێت هەمووی دەبێتە خێر بووی لە رۆژی دوایی، گەندەڵی چاکە نییە، کردارێکی نایاسایی و نائاساییە کە زۆرجار مافی کەسێکی تر دەخۆڕێت و دەدرێتە کەسێکی تر، تەنانەت ئەگەر بەبێ نۆرەی خۆت زووتر کارەکەت بەڕێ بکرێت بە گەندەڵی هەژمار دەکرێت، بۆیە بەداخەوە خوا دەکەن بە پارێزەری گەندەڵەکان و دوای ئەنجامدانی گەندەڵی بە

گەندەڵەکە دەڵێن خوا خێرت بنوسێت، بەمشێوەیە خۆیان دەکەن بە کەسی خێرخواز، بۆیەشەرم نامێنێت لە ئەنجامدانی گەندەڵی و کەس ناڵێنێت خوا ئەم گەندەڵییەت بنووسێت کە بۆ منی گەندەڵ ئەنجامتدا.
بەردەوام تاکەکان دەبنە قوربانی رێنمایی و فرت و فێلی نازانستی و ناواقعیانە ، ئەم تاکانە بوونەتە هۆی دروست بوونی بەربەستی زۆر، بۆیە بە هەموو ئەو بەربەستانەی کە لە ژیان ماندا دانراون پێی دەڵێین گەندەڵی، چونکە بەربەستەکان بۆ هەندێک کەس دەروازەیە و دەکرێتەوە و بۆ زۆر کەس بەربەستە و ناکرێتەوە، کەی دەبێت رزگار بکرێین لەو بەربەستانەی کە لە عەقلییەتی بەعسەوە بە میرات لەناو بیرکردنەوەی دەوروبەر و رۆتینی دام و دەزگاکان و ژیانی رۆژانەدا ماوە؟ هەر کارێک کە ئەنجامی دەدەی ئەگەر واستەت بۆ کرد لێی رازیت، بەڵام بێ واستە کەم کەس رازییە !نادادپەروەری زۆرە، زۆر کەس لەو جێگایەدا نییە کە دەبێت لێی بێت.
بۆیە قسەی دەروونی تاکەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە دەتوانین بە قسەی ئەم {هەڵۆ}یەی ناو قەفەس کە زۆر کاریگەرە کورتی بکەینەوە کە دەڵێت: {ناراحەتیم هێی ئەمە نییە کە لەناو قەفەس دام و پیر بووم! ناراحەتیم هێی ئەمەیە کە دەبینم لەدەرەوە قەلەڕەشەکان دەفڕن!}

# چاکسازی و سیستەمی ژەهراوی

بۆ چاکسازی دەبێت بیر لە ئیرادەیەکی ئیداری بکەین نەک ئیدارەیەکی ئیرادی! ئەم رستەیە دەیان جار دوبارە بلێیەوە لێی تێ ناگەی، چۆنکە پێویستی بە لایەنی پراکتیکی هەیە نەک تیۆری.

بە زمانێکی سادە، ئیدارەی ئیرادی بریتییە لەوەی لە بەڕێوەبردن دا هەوڵ دەدەن بە میزاج و حەزی خۆیان ئیدارەی خەڵک بکەن، هەیبەتیان بشکێنن، رێگر بن لە پێشکەوتنیان، بیانترسێنن، مافیان بخۆن، بەهاو نرخیان کەم بکەن، ئەم عەقلییەتی بەڕێوەبردنە لە وڵاتانی نادادپەروەر و دواکەوتوودا بە روونی دیارە وەک ولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، بۆیە دەبینین چۆن گەندەلی تەشەنە دەکات لەنێو دام و دەزگاکان.

بەڵام (ئیرادەی ئیداری) بەو مانایە دیت کە ئیرادەیەک هەبێت کە بە ئاسانترین شێوە رێکخستنی کاروباری خەڵک، ئیدارەکردنی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە کە تاک هەست بە گەشبینی و دڵسۆزی بکات و بۆ بەدەست هێنانی ماف و رێز و پێشکەوتن و داواکارییەکانی، هیچ بێ رێزی و رێگرییەک لە بەرامبەری دا نەبێت، نموونەی ئەمەش لە وڵاتانی سیستماتیک و پێشکەوتووی رۆژئاوایی دا دیارە.

هەر کاتێک باس لە چاکسازی دەکرێت دیار نییە چۆن دەست بە چاکسازی دەکرێت؟ چونکە لەم دام و دەزگایانەدا دیار نییە چ ساز دەکرێت؟ مەبەستیان چ سازییە؟ {بەڕەلاسازی، خراپسازی، شلسازی، تۆندسازی}؟ بۆ ئەوەی بزانرێت چۆن و کەی لە دامەزراوە و دام و دەزگایەک چاکسازی

بکرێت؟ یەکەمجار دەبێت دەستنیشانی ئەمە بکرێت کە لەو بەڕێوەبردن و دام و دەزگایە {چ}سازییە؟ دەبێت بزانرێت کە ئایا خراپسازییە؟ بەرەڵاسازییە؟ شلسازییە؟ تۆندسازییە؟ ئینجا بە پێی کەم و کورتییەکان چاکسازی ئەنجام بدرێت، کەواتە دەبێت دوای دەست نیشان کردنی {چ}سازییەکە، چاکسازی دەست پێ بکات، ئەویش بە هاتنی چینێکی بەبەرنامە بۆ ئامانجێکی روون و ئاشکرا کە هەوڵ دەدەن دۆخی دام و دەزگا و دامەزراوەکە رزگار بکەن و یاسا سەروەر بکەن و شەفافییەت و یەکسانی و دادپەروەری زیاد بکەن.

بۆ نموونە:- چۆن بزانرێت کە لە دام و دەزگاکە خراپسازییە؟

ئەمە ئەو کاتەیە کە کەسانی ئاست نزم لەسەر کورسی دادەنیشن و بۆ شاردنەوەی ئاست نزمیان، هەوڵ دەدەن بەرێگای سیخوڕی و پرۆپاکەندە و ململانێ و شەڕ و چەندین شێوازی تری خراپکارانە کەسانی بەهرەدار و لێهاتوو لە گۆڕەپانەکانی کارکردن بسڕنەوە و ساحەکە بۆ خۆیان چۆلی بکەن و وا پیشان بدەن کە بەدیلیان نییە، بەمەش وا دەکەن کە کارەکان رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو خراپ بوون بڕوات.

چۆن دەزانرێت کە لە دام و دەزگاکە بەرەڵاسازییە؟

لێرەدا کەس ئاگای لە هیچ نییە و زۆربەی خەرجی و بڕیارەکان بە نهێنی ئەنجام دەدرێن، چینایەتی و نادادپەروەری لە پلانی سەرەکیدایە، بەمەش دەتوانن زۆر بە ئاسانی هەموو شتێکی نایاسایی ئەنجام بدەن، پێشکەوتن هیچ مانایەکی نییە و بەدەیان ساڵ هەر یەک فۆرم و شێواز و سیستەم پەیڕەو دەکرێت.

چۆن دەزانرێت کە لە دام و دەزگاکە شل سازی!؟

ئەمە ئەو کاتەیە کە یاسا بەرامبەر بە هەموو کردارێکی نایاسایی چاوکوێرە، ئامانج ئەمەیە لەبەرامبەردا دەوروبەریش لەسەر دزی و گەندەڵییەکان چاوکوێر بێت، هەوڵ دەدرێت بۆ هەر جۆرە سەرپێچی و گەندەڵییەک بیانۆی تایبەت بهێنرێت، شلسازی زیاتر بۆ بێ دەنگ کردنی دەوروبەرە.

چۆن دەزانرێت کە لە دام و دەزگاکە تۆند سازی!؟

لێرەدا خەڵک ماندوو دەکرێت و فشار دەخرێتە سەر توانایی و گیرفانی خەڵک، بۆ ئەوەی مافەکانیان لەبیر بکەن، هەروەک چۆن بتانەوێت جلێکی تەڕ زوو وشکی بکەن، دەبێت هەرچی ئاوە بە تۆندی لێ دەربهێنن. ئەو کاتەیە کە دامەزراوەکە دەیەوێت خۆی شەفاف پێشان بدات! ترسی هەیە لە ئازادی، رووتین زۆرە و کەم ناکرێت، هەموو شت بە واستەی و ...

خۆی ئەوەی پێویستە ئامانج بێت (بەڕێوەبردن) نییە، بەڵکو (بەرەوپێشبردن)ە، بە تایبەت لە هەردوو کەرتی (پەروەردە و تەندروستی)، چۆنکە لە زیاتر لە مەترسیدان و نابێت تەنیا بەڕێوە بچن و بەرەوپێش چوونیان نەبێت، عەقلی باش و تەندروستی باشی هەرتاکێک پەیوەندی بەم دوو کەرتەوە هەیە، بچۆکترین هەنگاویش ئەمەیە کە پێویستە سەرجەم بەڕێوەبەرانی ئەم کەرتانە کە لەسەر پشکی حزبی دادەنرێن بگۆڕدرێن بە دڵسۆزترین و شارەزاترین کەس لە بوارەکەدا و لیژنەکانی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونیان هەبێت، دەبێت ئەم دوو کەرتە هێلی سۆر بکرێن لە سیاسەت و دەستێوەردانی حزبی، گەڕانەوەی هەیبەت و شکۆ بۆ ئەم دوو کەرتە، گەڕانەوەی هەیبەت و شکۆیە بۆ سەرجەم کەرت و

بوارەکانی تر، پێویستە زانست و داهێنان بگەڕێتەوە ناو دامەزراوەکانی، ئەمە نەک تەنیا بۆ خەڵک، بەڵکو بۆ بەرپرسەکانیش باش دەبێت، ئەمە بۆ ئایندەی کۆمەڵگاکان پێویستە، ئاسانە، کەمێک ئیرادە و دڵسۆزی پێویستە بۆ چاککردنیان، سەرکەوتن لەمەدایە، پشتگوپشتگو خستنی ئەم دوو کەرتە ئایندەی کۆمەڵگا وێران دەبێت، بە ملیۆنان دۆلار پارە بۆ چارەسەری دەبردرێتە دەرەوە، بە ملیۆنان دۆلار دەدرێتە بازرگانەکانی قوتابخانە ئەهلییەکان و هیچ بەرهەمێکیش نابێت، بەرهەم و ئامانج و خزمەتی هەموو مووچە خۆرەکانیان دیارە نابێت.

یەکێک لە باشترین ڕێگاکانی نەهێشتن و کۆنترۆڵ کردنی گەندەڵی لەناو حکۆمەتدا ئەوەیە کە کابینەکانی حکومەت دەبێت ئەزموون لە کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئەنتەرنێت وەربگرن، چونکە بۆ نموونە: ئەگەر سەیری جۆری بەڕێوەچوونی ئەم کۆمپانیانە بکەین دەبینین

پێویستی بە (سیستەمی بایۆمەتری) نییە، بە ئاسانی دەزانێت کێ بن دیوارە و کێ بن دیوار نییە؟ چۆنکە ئەگەر سیمکارتێک بۆ ماوەیەک کار نەکات ئۆتۆماتیکی رای دەگرێت و دەیداتە کەسێکی تر.

پێویستی بە (لیژنەی گەندەڵی) نییە و بە ئاسانی دەزانێت کێ دز و گەندەڵە؟ چۆنکە ئەگەر کەسێک موبایلێک بدزێت یان ئەگەر وەحدەی لە مۆبایلی کەسێکی تر دزی یان موبایلی کەسێکی تری بەکار هێنا، بە ئاسانی شوێنەکەی دەست نیشان دەکات و سزای دەدات.

پێویستی بە (دەستەی دەستپاکی)نییە، بە ئاسانی دەزانێت سەرمایەی هەرکەسێک چەندە و کەی کارتی داخل کردووە؟ هەروەها کەس ناتوانێت

**سیم کارتی کەس بەکار بێنێت.**
**پێویستی بە (دادگا) نییە، کەسێک بێ ئەدەبی بکات بە بەڵگەوە دەنگی تۆمار دەکات و سزای دەدات و بە ئاسانی دەزانێت کێ پەیوەندی لەگەڵ کێ هەبووە؟**
**پێویستی بە (مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت) نییە، چۆنکە یەکسانی هەیە و لە هەموو جێگایەک نرخی کارت و سیمکارت بۆ هەموو رەگەز و هەموو کەسێک وەکو یەک وایە، هەموو کەس ناوی بەشداربووی ئازیزە، حزب حزبانێ نییە، سیمکارت و کات رێز و هەیبەتی خۆی هەیە.**
**پێویستی بە (پاشەکەوت و خشتەی مووچە) نییە، لە یەک چرکەدا یەک ملیۆن کەس پێکەوە دەتوانن ئۆفەر وەردەگرن، پێکەوە کارت بکرن و بەکاری بێنن، نەک چاوەڕێی خشتەیەک بن کە کەنگی نۆرەی ئەوان دێت؟ ئیتر دڵەڕاوکێی پاشەکەوت و درەنگ کەوتنیشیان نییە.**
**هەموو ئەمانە لە چرکەیەکدا**
**بەبێ دانانی هیچ لیژنەیەک، هیچ یاسایەک، هیچ بەدواداچۆنێک، هیچ راگەیاندنێک، هیچ....کەواتە ئەگەر ئیرادە هەبێت سیستەم هەیە بۆ چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی .**
**هەروها پێویستە چاودێرییەکی باشی گەندەڵەکان بکرێت بە بێ چاوپۆشی، جۆنکە چاوپۆشی دەبێتە هۆی دروست بوونی تیمساح...**
**زۆرجار تاک کە گەندەڵییەک یان کارێکی نایاسایی دەبینێت، بە بیانۆی سەبر و ئارام گرتن یان هەر بیانۆیەکی تر چاوپۆشی لێدەکات، لەمە خراپتر ئەوەیە کە خەڵک ئەم چاوپۆشییەی تاک بە عەقل و زیرەکی**

دادەنێن! دواتر هەموو کێشەکان لەسەری حکۆمەتی داماو دەشکێنن.
ئەمە لە دام و دەزگاکاندا بەزەقی دیارە کاتێک چاوپۆشی لە گەندەڵی و کەمتەرخەمی بەڕێوەبەرێک دەکرێت، دواتر حکۆمەت بە گەندەڵ دادەنرێت و نازانرێت کە بێدەنگی هۆکاری گەندەڵییە! ئەم هەموو چاوپۆشییە وا دەکات تیمساح(گەندەڵ) دروست ببێت و تیمساحەکان بەدڵی خۆیان مافی خەڵک بخۆن و باجەکەشی حکۆمەت بدات، ئەم تیمساحانە کاتی خۆی (مارمێلکە) بوون لەپێش چاوی خەڵک، بەڵام خەڵک چاوپۆشیان لێ کرد و ئەوانیش چاوپۆشیان بەکار هێنا بەرامبەر سەرۆی خۆیان وەک رێگەیەک، بۆ ئەوەی پلەیەک بەدەست بێنن یان بۆ پلەیەکی بەرزتر بڕوون یان لەسەر کۆرسییەکەی خۆیاندا بمێننەوە، لەمەش خراپتر ئەمەیە کە ئەم جۆرە کەسانە بە هۆی هەبوونی ئەم تایبەتمەندییە خراپەیان(چاوپۆشی کردن)، لای خەڵک بە کەسانی عاقل و زیرەک دەناسێنرێن، کەواتە هەم تێگەیشتنی ئەوان و هەم تێگەیشتنی خەڵک هۆکارە بۆ ئەوەی گەندەڵی رەگ و ریشەی قووڵتر بێت و بەرهەمەکەی زیاتر بێت.
گەندەڵی ئەمەیە حکومەت وا بزانێت داهاتە سروشتی و مرۆییەکان تەنیا هێی خۆی و مووچەخۆرانە، بەڵام داهاتە سروشتییەکانی وڵات تەنیا هێی مووچەخۆران نییە،دیاری خوای گەورەیە بۆ دامەزراو و دانەمەزراو، پیر و گەنج و منداڵ،بەڵام کاتێک جیاوازی سیاسی و ناوچەیی وئایینی بۆ برسی کردنی لایەنی رکابەر بەکاردێت،چاوەڕێ نەکردنی فرە تاوانگەلی جیاواز، ئاماژەیە بۆ ساوێلکەیی خەڵک و حکومەت، دەبێط راستگویی و دادپەروەری هەبێت.

یەکێک لە ئاسانترین هەنگاوەکانی راگرتن و نەهێشتنی گەندەڵی کە پێویست لە دەسەڵاتە تازە پێشکەوتووەکاندا بە گرنگی چاوی پێدا بخشێنرێت ئەوەیە کە سەرۆکی وڵات یاسایەکی تەواو بۆ عەدالەتی دابەشکردنی مووچە و بوودجە بەسەر خەڵک دا دابنێت، ئەمە باشترە لە پەنا بردن بۆ گرتنی گەندەڵکاران، بۆ نموونە بڕیارێکی لەم شێوەیە دەربکات؛ مووچەی هەرچی بەرپرسە بەپێی ساڵانی خزمەتی دابنێت، دڵنیام بڕە پارەیەکە تەنانەت کەمتر دەبێت لە مووچەی ژێنگە پارێزێک یان فەرمانبەرێکی ئاسایی، دەسەڵاتی دامەزراندن و نەسریە و هەموو دەسەڵاتێک کە بوونی گەندەڵی لێ بێت لێیان بستێنرێت، چونکە کاتێک (شتێک نەبێت شتەکانیش نابن) ئەگەر پارە نەبێت بۆ دزی، دزیش پەیدا نابێت ئەمە یاسایە، ئیتر ئەو کاتە شەڕی کورسی حزبەکان نامێنێت، چاوچنوکی بۆ پلەبەرزکردن نامێنێت، واستەکاری و دزی نامێنێت، کەس نابێتە وەزیر و مودیر(کەسانی شیاو و دڵسوز نەبن)، کەواتە بەیەک بڕیار هەم گەندەڵی و هەم کێشەکانی وڵات چارەسەر دەبێت و بە ئاسانی ئومێد و گرنژین بۆ خەڵک دەگەڕێتەوە.

لە نیشانەی خراپییەکانی دەسەڵاتی گەندەڵ ئەمەیە دەبێت سەرنج بدەی هەر جادە و شەقامێک کە پڕی (تاسە و کەندوکۆل) بووە ئەگەر تەمەنێکی زۆر نییە درۆست کراوە یان تەمەنی لەوانەیە تەنیا یەک ساڵ بوو بێت، رێگاکانی دەرەوە و ناوەوە، جۆت سایدەکان، کۆلانەکان و هتد، هەر هەموویان تەمەنیان نەگەیشت بێتە یەک ساڵ و تێک چووبن! کەواتە دەبێت بەڵێندەر و ئەندازیارەکان بدۆزنەوە و بزانن خزم و کۆتلەی کێن؟ چۆنکە

حکومەت تا مابێت دەبێت خەریکی پینەکردنی ئەم ڕێگایانە بێت، نابێت ئەو پارەیەی کە حکومەت بۆ دروست کردنی ڕێگە و جادەی هەمیشەیی خەرج دەکات بدزرێت و لە جیاتی ڕێگە و جادەی کاتی و یەک جار بەکاربێنە(سەفەری) دروست بکرێت! بۆیە ئەو ڕەخنانەی لە حکومەت دەگیرێت بە هۆی خراپی ڕێگە و بانەکان هۆکارەکەی بەرپرس و بەڵێندەر و ئەندازیارە کەمتەرخەم و واسیتەچی و بێ ویژدانەکانن.

لە چارەسەرکردنی گەندەڵیدا پێویستە هەموو کات یەکەم جار لە جیاتی گرتنی کەسەکان، کار و لێکۆڵینەوە لەسەر چەند پرسیارێک بکرێت کە بۆچی دەدزرێت، لە کوێ دەدزریت؟ چۆن دەدزرێت؟ چون بەرزدەکرێت؟ کێ بەرزی دەکات؟ بۆچی بەرز دەکرێت؟ و دوای ئەم پرسیارانە بەربەست دروست بکرێت و ڕێگری بکرێت بە دروست بونی ئەم پرسیارانە وەک ئامانجێک لە ژیانەی هاووڵاتیاندا.

کەسێک کە دەکرێتە بەرپرس چ خراپ یان باش، پێویستە کۆنترۆل بکرێت، ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی خراپکردنی ئاکار و کەسایەتییەکەی دەبێت چارەسەر بکرێن، بۆ نموونە ئەم بەرپرسە دەبێت ڕاستییەکان بڵێت و ئاگاداری کێشە و گرفتەکانی خەڵک بێت، دەبێت بزانێت کە گیرفان گەرم بوو زمان سەرخۆش دەبێت و توانای دەربڕینی ڕاستییەکانی نامێنێت، کە زک تێر بوو چاو پڕ لە خەو دەبێت و توانای بینینی ڕاستییەکانی نامێنێت، کە دەستەکان پیس بوو لە کرداری خراپ توانای گرتنی دەستی ڕاستبێژ و هەژارەکانی نابێت، گەر بوونی خۆشی مالی دونیا بەردەوام بێتە ناو هەستەکان مێشک توانای کارکردنی لەسەر ڕێڕەوی ڕاست نابێت، کە

خاوەنداری مۆلکێکی زۆر بێت قاچەکان توانای چوونە سەر ڕێی ڕاستی نابێت، بۆیە بەرپرس گەر ئەمە حاڵی بێت لەهەر پلەیەک بێت تەنیا دەتوانێ دروو بکات و خەڵک هەڵبخەڵەتێنێ.

با نموونەیەک بێنم، دەبێت بۆ بەڕێوەبەرەکانی دام و دەزگاکان کورسییەک دروست بکرێت نەسووڕێتەوە، بۆئەوەی ڕۆژبەڕۆژ کابرا گێژتر نەبێت، زستانان ژێرەکەی لەسەرما ببەستێت و هاوینان لە گەرما بکوڵێت،دارەکەی رزێو بێت هەر کە زەختی لێ کرد زوو بشکێت، ئەوکاتە ئەگەر پێی بڵێن تۆ ئیتر دەبێت ئەم کورسییە بەجێ بێڵی نە زیز دەبێت و نە تهدیدی وازهێنان لە حزب دەکات و نە بۆ مانەوە لە حزبەکەی دەپاڕێتەوە، نە پلان بۆ مانەوەی هەتاهەتایی دادەنێت، هەر کە وتت هەستە بە ئەو پەڕی خۆشحاڵییەوە پێ لەسەر بەنزین دەنێت و سەیری پشتەوەی خۆی ناکاتەوە، ئەگەر ئەم کورسییە هەبێت کابرا ئیتر بە شانازییەوە ناڵێت بیست ساڵە لەسەر ئەم کورسییە، بازیاتر ڕوونی بکەمەوە پێویستە چاودێرییەکی زۆری کەسی خاوەن کورسی بکرێت و ڕێگە نەدرێت خەریکی کاری تر بێت و تەنیا سەری لە کارەکانی خۆی دابێت بەم شێوەیە ڕێگە لە سووراندنەوەی کورسییەکەی دەگیرێت و ئەگەر باری قورستر بێت لە فەرمانبەرانی تر و کارەکانی زیاتر بێت، ئەوا لەهەر چوار وەرز ڕقی لە دانیشتن لەسەر کورسی هەڵدەستێت و ئیدی ماندوو دەبێت، بۆیە نابێت تەمبەل بکرێت و ڕێگەی پێ بدرێت هەر خەریکی پێشوازی و چا خواردنەوە بێت، ئەگەر بەمشێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرا ئەوا بە دڵنیاییەوە ئیتر حەزی لە کورسی نامێنێت و بەم شێوەیە دەتوانرێت ڕێگری زۆر بکرێت لە هەبوونی چاوچنوکی

و قۆرخکاریی که ڕێگه خوشکەر و دەروازەیەکن بۆ گەندەلی. ڕووداوەکانی وەک خۆپیێشاندان و هەڵبژاردن له کۆمەڵگای گەندەڵ، ناتوانن هیچ شتێک یەکلایی بکەنەوە، چۆنکه هەر حزبێک دەنگی پێویستی دەهێنێت و ئاراستەی خۆپیێشاندانیش بەڕەو بێ ئەخلاقی دەبردرێت و تێکەڵی ڕق و کینه و موزایەدەی سیاسی دەکرێت، ئەم ڕووداوانه چەندین جار تاقی کراونەتەوە، دڵی خەڵکی دهۆک و هەولێر پڕ تره له خەڵکی سلێمانی، دڵنیا بن ئەم حکۆمەتەش ناتوانێت هیچ گەندەڵییەک چارەسەر بکات! هیچ کەس و حزبێکیش ناتوانێت چارەسەری گەندەڵی بکات! ئەم پرسه پرسی ئەندامانی سەرجەم حزبەکانه، بۆیه خۆپیێشاندەرانیش دەبێت بزانن مودێلی داواکاری نەماوە، له ڕاستیدا هەر حکۆمەتێک پێویستی بەبڕیاری ڕیشەیی و یەکلاکەرەوە هەیه بۆ چاکسازی له سەرجەم جۆمگەکن، ئەم بڕیارانه لای شەخس و حزبەکان نین، ئەم بڕیارانه لای خەڵکی (گیانفیدا و دڵسۆز و دەستپاک و هەژارەکان)ە، بۆ دەرکردنی ئەم بڕیارانەش پێویست دەکات به دامەزراندنی (ئەنجومەنی دژەگەندەڵی) که نوێنەری سەرجەم چینەکانی تێدا بێت.

خەڵک له هیچ ناترسێت و نارازیش نابێت، بەڵام هەموو ئاڵووزییەکانی کۆمەڵگا لەسەر ناشەفافییەتی سامان و داهات و ناعەدالەتی سەرهەڵدەدات، لێرەدا دوو دارودەسته له بیری خەڵکدا دروست دەبێت که ئەوانیش دارودەستەی (دزەکان) و دارودەستەی (درووزنەکان)ە، ئەو دەڵێ دەیدزن و ئەوەکەی تر دەڵێ درووده دەکەن، بڕیاری مێژوویی له کرداردا دەردەکەوێت، بۆیه پێویسته دادوەری دادپەروەر بهێنرێت و نوێنەرانی

هەردوو لا بەڵگەکانیان بخەنەڕوو و هەموو شت بۆ هەتا هەتایە روون ببێت کە ئـایا حکومەت دزە یان ئـۆپۆزیسیۆن درووزنە! و بە بڕیارِی دادگا دروزن و دزەکان سزا بدرێن، تەنیا ئـەم بابەتە چارە بکرێت، وڵات پڕ دەبێت لە هەستی نەتەوایەتی و گیانفیدایی و گەشبینی و خەمخۆری و دڵسۆزی و خۆراگری و هتد... نە گۆشتی یەکتر دەخۆن و نە لێکترازان دروست دەبێت و نە ئـاڵووزی، ئـەگەریش چارەسەر نەکرێت بۆ هەتـا هەتـایە پێچەوانەکەی چاوەڕێیەتی.

لە کۆمەڵگا دەبێت پێگەکان خاوەنی رێزی خۆی بن و ئەگەر هەر کەسێک هەر پلەیەکی ویست بێ هەبوونی توانایی وەری گرت ئەوا ئیتر ئەم رێزە نامێنێت و ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی ململانێی ناتەندروست و هوکاری ئەوەی کە هەر کەسەو بۆ خۆی ببێتە کەلەشێرێک.

هەموو کات دەبێت دەسەڵاتی کاریزمایی خۆی بە دوور بگرێت لە گەندەڵی، چونکە ئەمە هێزەکەی لە ناو دەبات و ئەگەر لە کاتی تەنگانەدا خەڵک بەبێ هیچ داواکارییەک بەرەو یارمەتی و قوربانیدان بۆ هێزێکی کاریزما چووە ئەمە بە پێچەوانە دەبێتەوە و لە باشترین بارودوخدا ئەم خەڵکە پشت لە هێزەکە دەکات و ئەو کاتەیە کە بە پارە و بەخشینی مال ئێدی متمانەی کاریزمابوون پێی نابەخشرێتەوە.

لە دابەشکردنی (داهاتێک) کە هونەری ئـادەمیزادی تێدا نییە دەبێت دادپەروەرانە بەسەر گشت تـاک و چینەکانەوە دابەش بکرێت و هەر جۆرە نادادپەروەرییەک ئەنجامەکەی لێکترازانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە لە ئاستی تـاک بۆ گروپ و جین و بـاڵاترین کۆلەکەنای کۆمەڵگا وەک حزب و

**ناوچە، هەروەها سەرهەڵدانی نائومێدی لەناو دەروونی تاکەکان و هەست نەکردن بە بەرپرسیارێتی و ئەنجامەکەش پەیتا پەیتا بە تاوانی جیاواز دەست پێدەکات.**

**هەموو پرۆژەیەکی چاکسازی لە نێوان ٣ قۆناغدا {داواکاری، پشتگیری، ئەنجام} لەدایک دەبێت وگەشەدەکات**

**یەکەم: قۆناغی داواکاری، لەم قۆناغە هاووڵاتیان بە ئاشکەرا و نهێنی داوای چاکسازی و نەمانی گەندەڵی دەکەن.**

**دووەم: قۆناغی پشتگیری، دواتر قۆناغی پشتگیری دێت کە پشتگیری سەرجەم حزبەکان و حکومەتی بە ئاشکرا وەردەگرێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی بچێتە بواری جێ بە جێ کردن.**

**سێیەم: قۆناغی ئەنجام، ئەمە گرنگترین و هەستیار ترین قۆناغە و چەندین پرسیاری گرنگئاراستەی قۆناغەکە دەکرێت وەک: ئەنجامی ئەم پروژەیە چۆن دەبێت؟ لە چ ماوەیەکدا جێ بە جێ دەکرێت؟ چەند ساڵ دەبات؟ چۆن جێبەجێ دەکرێت؟ جێبەجێکەرەکان کێن؟ زەرەرمەندانی راستەقینە کێ دەبن؟ ئایا بە نهێنی دەبێت یان ئاشکرا؟ ئەمانەو و چەندین پرسیاری تر کە دەبێت حکومەت وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە بەرپەرسیارێتییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، چونکە دەبێت بە کردار وەڵامەکان بگاتە هاووڵاتیان.**

# بیرکردنەوەی ژەهراوی

لە راستیدا گەندەلەکان دەبێت رێنمایی بکرێن، ئەندامانی (٣) ژینگە کاریگەری راستەخۆیان هەیە لەسەر پەروەردەی تاکی گەندەڵ (خێزان، قوتابخانە، دەوروبەر)، بەڵام تۆ ناتوانی ئەندام بیت لە خێزانی هەموو تاکێکی گەندەڵ، بۆ ئەوەی بێ تەربیەت گەورە نەبێت و ناتوانی مامۆستا بیت لە قوتابخانەی هەموو تاکێکی گەندەڵ، بەڵام دەتوانی بە هەبوونی رۆڵی باش لە دەوروبەر کاریگەریت هەبێت بەسەر هەموو تاکەکان، کەواتە بەردەوام بە لە رێنموویی کردن و کاریگەربوون بەسەر گەندەڵکاران بە رێگایەکی سەرەکی ئەویش بە خۆ دورگرتن و قبول نەکردنی گەندەڵی.

بۆ نەهێشتنی گەندەڵی بەردەوام دەبێت پێداچۆنەوەیەک بە چۆنیەتی هەڵبژاردنی شتە بایەخدارەکردنی ناو هزرو بیر بکرێت، بایەخ بە کەس و شتی بایەخدار بدرێت، تاکەکان بایەخ بە چی بدەن ئاراستە و داهاتووی کۆمەڵگا بەرەو شتە (بایەخ پێدراوەکان)ی ئەوان دەڕوات، ئەگەر لە داهاتوودا پەشیمان نەبن و لە کۆمەڵگایەکی پاکدا بژین، هەوڵ بدەن بایەخ بەوانە بدەن کە پێکەنینێکی گەرمیان هەیە، بەوانەی قسەکانیان راست و جوان و زانستیانەیە، بیرکردنەوەیان باشە، خزمەتیان پاکە، بەوانەی کە هۆکاری خۆشحالی دەوروبەرن و یارمەتی خەڵک دەدەن، نەک ئەوانەی لۆت بەرز و قسە زڵن، نەک ئەوانەی پلەدار و دەسەڵاتداری بێ

خەمن، نەک ئەوانەی بەرژەوەندیخواز و درۆزن و ئاست نزمن ، نەک ئەوانەی بە رۆخسار جوان و گیرفان گەرمن، نەک ئەوانەی چەندرِوو و ئامانج پۆچن.

شەرم لەمەدا نییە جل و بەرگی کۆن(لەنگە)ت لەبەر کردبێت، شەرم لەمەدایە بیرکردنەوەی کۆن(لەنگە)ت هەبێت، بیرکردنەوەیەکی بەربەرییانە! بەرِاستی هەندێک جار هەڵسۆکەوت و رەفتارێک دەبینی، گوێبیستی رِاو و بۆچۆنێکت دەبیت، بابەتێک و پۆستێک دەخوێنی، لێکدانەوە وهزر و بیری کەسێک شیدەکەیەوە، پەروەردەیەک دەبینیت، نائۆمێد دەبی لە ژیان، خەمبار دەبی و دڵت دەشکێت، رەشبین دەبیت، ئاخر چۆن دەتوانن واز لە بیری خۆیان بێنن و بیری کەسانی تر بەکار بێنن بۆ بەرِێ کردنی ژیانیان، ئەوان هەرچۆن بیر بکەنەوە ددانیپێدابنێن، کار بە هزری خۆیان نەکەن، مێشکیان سفر کیلومەتر بێت و تەنیا کاری کۆپی پێست بێت، بەدڵی ئەم و ئەو بیربکەنەوە و بەدڵی ئەوان و بە عەقلی ئەوان لێکدانەوە بکەن، گۆفتار و بیرکردنەوە و کرداری وایان هەبێت کە بەربەرییەکان شەرمەزاریان بن.

ئەگەر بۆ چۆنە ناو بارەگایەکی حزبی، شوێنێکی ئایینی، بەرِێوەبەرایەتییەکی حکومی، رێورەسمێکی کۆمەڵایەتی، شوێنێکی رۆشنبیری، لای بەرپرس و ئاغا و دەوڵەمەندێک، تاک یان هەمان هاووڵاتی رەنگی کەسایەتییەکەی گۆرِی، بوو بە کەسێکی تر، رووپەکی تری بەکارهێنا، نیشانەی ئەوەیە لەم کۆمەڵگایەکدا تاک ناچار کراوە کە بۆ بەدەستهێنانی

ئـاسایی ترین مافی خۆی (واسته بکات، نادادپەروەری بکات، چاوچنۆکی بکات، خولی ماستاو ببینێت، درووو بکات، رق و کینه بڵاو بکات،...)، هەر ئەمەیە وا دەکات کە تاک هەرگیز پەرە بە تواناکانی نەدات و بەردەوام بگۆڕدرێت و رەفتار و رای جیاوازی لێ ببینرێت، بۆ زانین کەسێک کە ماسک دادەنێ دەتوانی پێی لادەی، بەڵام ئەو کەسەی کە ناچار دەکرێت ماسک ببەستێت چارەسەری نییە! ئەم ماسکانە بەرهەمی کولتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگان، بەرهەمی عەقلییەتی حزبی و ناوچەگەری و رادیکاڵی ئـایینین، بۆیە چاوەڕێی هەموو شتێک بکە لەم تاکە و لە گۆڕانکارییەکاندا سەرت لێ نەشێوێت، ئـەمانە بە بچۆکترین با دەلەرزن، لەم جۆرە کۆمەڵگایانە هەر تاکێک چەندین ماسکی کراوەتە گیرفانی، گیرفان پڕە لە ماسکی جۆراوجۆر، بۆ هەر شوێنێک ماسکێکی تایبەت لەگیرفان دەردەهێنرێت، ئـەگەر تاک ئـەم ماسکانە بەکار نەهێنێت دەبێتە سۆک و ریسوای شوێن و خەڵکەکە، بۆیە چارەسەر ناکرێت.

کاتێک لە جیاتی درۆست کردن و چاککردنی کەسایەتیان، کەسایەتییەکی ساختەی (چینی ئـاسا) دروست دەکەن و وەک کارگەی کەل و پەلی چینی بەردەوام ماسکی نوێ بۆ کەسایەتیان بەرهەم دەهێنن کە لە کەسایەتییەکی (رووکەشی ناو بەتاڵ) دەچێت، ئـەمە وەک ئـەوە وایە بە خراپ ترین کوالێتی، بەرهەمێکی بێ کەڵک دروست بکەن، ئـەمانە کەسایەتی خۆیان بە چەندین ماسکەوە بەرهەم دەهێنن لە پێناو ئـامانجێکی ماددی یان کاتی، ئـەمانە خۆیان نین، رۆڵ دەگێڕن، زۆر زوو دێنە گۆڕین، ئـەمانە ئـۆرجیناڵ نین، ئـەمانە وا دەکەن کەس متمانەی بەکەس نەمێنێت، وا دەکەن قسەی

**راست نەمێنێت، ڕێژەی ئەم جۆرە کەسایەتییانە ئەگەر لە نیوە زیاتر بوو ئەو کاتەیە کە پەندی کۆمەڵگاکەیان دەبێتە ئەمە (قسەی راست یان لە منداڵ ببیستە یان لە شێت)!! بۆیە مرۆڤ دەبێت هەوڵ بدات کەسایەتی راستەقینەی خۆی دروست بکات و کەم و کوڕتییەکانی چارەسەر بکات، بە دوای خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بگەڕێت، بناغەیەکی پتەو بۆ پەیوەندییەکانی دابنێت لەگەڵ دەوروبەر، نەک بە شێواوی لە ئەم بابەتە تێ بگات و ببێتە مرۆڤی چەند ڕوو.**

**کارەساتە کە هزر و بیری مرۆڤ گەندەڵ بێت، چونکە کاریگەری هەیە لەسەر چۆنیەتی بەدەستهێنان و گەیشتنی تاک بە ئامانجەکانی، بۆ نموونە: مرۆڤ بەردەوام هەوڵ بۆ پلەی باش و ژیانی باش بدات، خراپ نییە، هەڵەش نییە، بەڵام نە بەهەر نرخێک!؟! نە بەو نرخەی کە مافی کەسێکی تر بخۆی و شوێنی کەسێکی تر داگیر بکەی، نە بە ڕێگای فرۆشتنی کەرامەت، نە بە ڕێگای خیانەت و سیاسەتی خەنجەر لێدان، نە بە ڕێگای کوتلەکاری و مافیاگەری، نە بە ڕێگای پانکردنەوە و زمان لۆسی، بە کۆرتی نە بە ڕێگای ناکەس بەچچەیی، تەنیا و تەنیا لەڕێی (ماف و حەق و زەحمەت و توانایی) خۆت، بە ڕێگایەکی پاک، هەموو شت (چەندێتی) بەدەستهێنانی گرنگ نییە، بەڵکو (چۆنێتی) بەدەستهێنان گرنگە، چەندت هەیە و چەند بەرزی گرنگ نییە، چۆن بەدەستت هێناو چۆن بەرز بووی، گرنگە، چۆنکە لەڕێی خراپ گەیشتن بە پلە و پۆست، ئامانجی گەندەڵی و پۆز و خۆبەزل زانی و بۆگەنی و تەمبەڵییە، لەڕێی باش گەیشتن بە پلە و پۆست، دڵنیا بن ئامانج خزمەت و خەمخۆری و**

دڵسۆزییە، تەنانەت لە ڕێی پاک ئەگەر نەگەیشتییە ئامانجیشت، باش بزانە لە دەیان وەزیر بە (کەرامەت تر و بەڕێزتر و بەرزتری).

پەندێکی ئێرانی هەیە دەڵێت: (لە شارێکدا کە هەموو کەسێک دەشەلێت، پێدەکەنن بە کەسێک کە ناشەلێت)!

ئەمە ئەگەر لەسەر کۆمەڵگای گەندەڵدا پیادە بکەین، دەبینن لەهەندێک قۆناغدا گەندەڵی دەگاتە رادەیەک ئەوەندە بەرفراوان و گشتگیر دەبێت کە ئەگەر کەسێک گەندەڵ نەبێت، دەبێت شەرم لە خۆی بکات، چۆنکە خەڵک(گەندەڵەکان) پێی پێدەکەنن!

یەکێک لە گەورەترین ئەو ململانێ و شەڕانەی کە دەتوانی بکەیە ئامانجی سەرەکیت لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان، ئەوەیە کە شەڕی نەهیشتنی گەندەڵی بکەی و بۆ ئەمەش لەوانەیە ئالوودەی زۆر کێشە ببیەوە و تەنانەت بەلەدەستدانی ئازیزەکانت یان گیانی تایبەتی خۆت، بۆیە مردن لە پیناو ئامانجی گەورە گەورەترین شانازییە بۆ مرۆڤایەتی.

یوسف پێغەمبەر رەنج و عەزابی زۆری بینی بەرامبەر پیلانەکانی زولەیخا، بەڵام شەڕی لەگەڵ زولەیخا نەکرد، بەڵکو هەوڵیدا چاکسازی لە رەفتار و بیروباوەرەکانیدا بکات، ئەمە باشترین نموونەیە کە بۆ نەهێشتنی گەندەڵی پێویست ناکات شەڕ لەگەڵ گەندەڵکاران بکرێت و سزا بدرێن، بەڵکو پێویستە شەڕ لەگەڵ هۆکارەکانی گەندەڵی و بیروباوەری گەندەڵ بکرێت، پێویستە هەموو سەرچاوەکانی دروست بوونی گەندەڵی وشک بکرێن یان کۆنکریت بکرێن.

مەبەست ئەوەیە نابێت بەردەوام خراپەکار بکرێتە ئامانج، بەڵکو کار بکرێت بۆ دامەزراندنی بیرێکی باش، بۆ ئەوەی خراپەکاران رێی راست بدوزنەوە چونکا بە لەناو بردنیان هیچ سودێکی نابێت ئەوانیش مرۆڤن و عەشقێک وای کردووە خراپە کار بن، ئەم عەشقە لێرەدا رەگەزی بەرامبەر نییە، بەڵکو پارە و دەسەڵاتە.
ئەگەر گەندەلی شتێکی دەست نیشانکراو نەبێت لەکۆمەڵگادا نابێت بە هەرەمەکی هێرش بکرێتە سەری، گەندەلی گەر لەلوتکەشدابێت چارەسەر دەکرێت، بەڵام گەر گەندەلی بەرۆکی تاک بە تاکی کۆمەڵگای (بە ویستراو و نەویستراو) گرتبێت کەمیش بێت چارەسەر ناکرێت، چونکە ناتوانرێت دەستنیشان بکرێت بۆ ئەوەی لەناو ببردرێت، لێرەدا گەر تاک بە تاکی کۆمەڵگا بێزار بێت لە بارودۆخ و ژینگە و سیستەم و حکومەت، نە بەخۆپیشاندان و نە بە گۆڕین و نە بەرووخاندن ناتوانرێت هیچ چارەسەر بکرێت، دروست کردنی شەڕێک بەناوی شەڕ لە نێوان عەقلییەتی بریندار و تێکدەر لەگەڵ عەقلییەتی کاسەلێس و گەندەڵ هیچ لە بارودۆخەکە ناگۆڕێت، چونکە ئەم شەڕە تەنیا بۆجێگۆڕکێ کردنە بە کورسی نەک نەهێشتنی گەندەلی، دەبێت گرێیەکە بکرێتەوە نەک لەناو ببرێت.
سیاسییەکان نابێت ببنە ئەستێرەکانی کۆمەڵگا لەناو هزری خەڵک! ئەمە جۆرە نەخۆشییەکە کە سیاسییە لاوازەکان تووشی دەبن، نابێت خۆیان بکەنە ئەستێرە و سەردێری هەواڵەکان! نابێت خەریکی خۆ خۆشەویست کردن و خۆ بە ئەستێرە کردن بن! چۆنکە بەمشێوازە لە جیاتی پێشکەوتن و دروست کردنی ئاییندەیەکی گەش هەردەبێت چاوەڕێی سیناریۆی دووبارە لەژێر

ناونیشانی:- (سیاسییەک هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی قەیرانە درۆستکراوەکانی دەستی سیاسییەکەی تر)!! بەمەش هەر دڵەراوکێ بەشی خەڵکە، سیاسییەکان دەبێت بە هەبوونی سیاسەتێکی باشەوە، ببنە هۆی درۆست بوونی ئەستێرە و کەسانی زیرەک لە بوارە جیاوازەکانی (هۆنەر و وەرزش و زانست و تەکنەلۆجیا و داهێنان و هتد...) و بەشێوەیەک خۆشەویستیان بکەن کە لە دڵی خەڵک ببنە جێگای شانازی و بەردەوام لەسەر زاری خەڵک بن، چۆنکە وڵات بەمانە پێش دەکەوێت نەک زۆربوونی ئەستێرەی سیاسی...

بەداخەوە زۆر لە سیاسییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە ژیان و بۆ بەدەستهێنانی رێز و ناوبانگی و پار ە و پلە و پۆست جولەی مار بەکاردێنن، خەڵک ئازار دەدەن و دەترسێنن و لە پشتەوە ژەهریان پێ دەڕێژن، بەڵام هەندێک کەسی تر هەن جولەی پەپۆلە بەکاردێنن بۆ گەیشتن بە پلە و پایە و رێز و ناو و بانگی و بەمەش پێکەنین وجوانی بۆ خەڵک بە دیاری دێنن، کۆتایی ئەنجامی ئەو دوو جولەیە ئەمەیە کە کەسی مار ئاسا چ لە هێز بێت یان نا، بەردەوام لە لایەن خەڵکەوە نەفرین دەکرێت و کەسێکی قیزەونە و ئەگەر پێیان بکرێت لە ژێر قاچەکانیان سەری ئەم مارانە پان دەکەن! بەڵام کەسی پەپۆلەئاسا چ لە هێز بێت یان نا، بەردەوام خۆشەویستی خەڵک بۆی دەڕوات و خەڵک بە بینینی ئاسۆدەیە و ئەگەر پێیان بکرێ لەسەر سەری خۆیان دادەنێن! هەرکاتێک ئەوانەی وەک مار لە دەوروبەرمانن زۆربن و ئەوانەی وەک پەپۆلە لە دەوروبەرمان کەم بن، زیاتری کاتەکانی ژیان لە خەم و دڵەڕاوکێ دەبین و بە کەمی

پێدەکەنین.
دەبێت بزانرێت کەسی گەندەڵ وەک مار وایە، شەڕی گەندەڵی ئاسان نییە، بۆیە بۆ ئەوەی گەندەڵگرێکی باش بیت، دەبێت مارگرێکی باش بیت. بۆ نموونە:-
-لە مارگرتن دا دەبێت خۆپارێز بیت، هەر پێوەدانێک تا مەرزی مەرگ دەتبات، لەگەڵ گەندەڵەکانیش دەبێت ئاگاداری کوتلە و هێزیان بیت، ئەگەرنا خراپ باجەکەی دەدەی!
-مار خۆی ترسنۆکە، هەر کە زانی لێی دەترسی هێرش دەکات، بۆیە بەرامبەر گەندەڵەکان دەبێت بوێر بیت، چونکە بوێر نەبی ناتوانی دەستی بۆ ببەیت و هێرش دەکاتە سەرت.
-مار کومەڵایەتی نییە، بۆیە گەندەڵەکانیش کۆمەڵایەتی نین، نابێت ببنە هاوڕێیان و بە پشتگوێ خستنی گەندەڵەکان، دوور دەبن لەهەر کێشە و گرفتێک.
-مارگرتن دەبێت بە پلان بێت، بۆ ئەمەش دەبێت چوار دەوری بگیرێت، کەواتە گەندەڵەکانیش بە پلان دەبێت لە ژێر چاودێری بن.
-بۆ مارگرتن دەبێت خێرا بیت، چونکە زوو رادەکات، بۆیە دەرفەتدان دەبێتە هۆی ئەوەی بەهێز ببن، گەندەڵەکانیش ئەگەر خێرا وشک نەکرێن، بەهێز دەبن!
-دەبێت ئەزمۆن هەبێت لە مارگرتن دا، چونکە جۆرەها مار بە تایبەتمەندی جیاواز هەیە، بۆیە بۆ زانین گەندەڵەکانیش جۆری جیاوازیان هەیە!
-ئەگەر بتەوێت مارێک بگریت، دەبێت ئارام بگری و چاوەڕێی بیت، هەتاکو

کلکی لە کۆنەکە بە بێ دەنگی دێتە دەر، بۆ گەندەڵەکانیش هەر وایە، چۆنکە لە دەستپێک خۆیان لەژێر پەردەی (شەریف پێشاندان) دەشارنەوە، دواتر بە بێ دەنگی کاری خۆیان دەکەن.
لەکۆتاییدا پێویستە بزانی ئیشی مارگر هەر بەگرتنی مارێک و دووان کۆتایی ناهێت، بە گەندەڵێک و دوو گەندەڵیش کۆمەڵگا پاک نابێت.
ئەمانە مرۆڤی ژەهراوین! نموونەی {مرۆڤی ژەهراوی} وەک:. بەڕێوەبەری میزاجی، دینداری کەلەڕەق، پیاوی شەڕانی، ئافرەتی فێڵباز، سیاسەتمەداری دروزن، بازرگانی چاوچنۆک،تاکی نابەرپرسیار{بێ مەسئولییەت}، ... هەموو ئەمانە خۆی مرۆڤی ژەهراوین.
بەردەوام زۆمی ئێمە هەر لەسەر تاکی گەندەڵ بووە، تێبینیمان لەسەر مرۆڤی ژەهراوی نەبووە کە لە پرۆسەیەکی دوور و درێژی {ڕێکخراو و ناڕێکخراو} دروست دەبێت، ئەمانە بە {تێپەربوونی کات} و {تێکەڵبوون}یان لە پرۆسەی ژیاندا، وەک ڤایرۆس ئەم تایبەتمەندییانە دەگوازنەوە بۆ هۆگرەکانی خۆیان، شێوازی بڵاوبوونەوەکە وەک ئەم ڤایرۆسە، لەبەرئەوەی ڕێگریان لێ نەکراوە ئێستا دەبینین زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگا بەم خۆیانە ژەهراوی بوونەتەوە.
ئاگادار بن چۆن {ڤایرۆس} دەبێتە هۆی دروستبوونی نەخۆشی، بەم شێوەیەش {تاکی ژەهراوی} دەبێتە هۆی دروستبوونی گەندەڵی! بۆیە چۆن ڕێنمایی بڵاودەکرێت بۆ ناسین و خۆپاراستن لە ڤایرۆس، دەبێت ڕێنمایی بڵاو بکرێت بۆ ناسین و خۆپاراستن لەم تاکانە.

دەبێت بزانرێت عەقل فرۆشی بەشێکە لە لەشفرۆشی، لەشفرۆشی هەر ئەمە نییە کە کەسێک لاشەی بفرۆشێتە کەسێکی تر، لەشفرۆشی راستەقینە ئەوەیە کە بەشە گرنگەکەی لەش کە{عەقلە} بفرۆشێت!
کاتێک بۆ قوولتر کردنی قەیرانەکان شتی زیادە بکرێت و کۆ بکاتەوە، کەواتە بە گوێی دوژمنی کردووە کە خۆی تێر بیت و دەوروبەرت برسی!
کەواتە بەشە هەرە گرنگەکەی لەشی فرۆشتووە بە خراپترین کەس، هەرکەسێک بە زیادە شت کۆ بکاتەوە و خەڵکەکەی نەی بێت، بە پێی شەرع و یاسا و عورف خائینە، عەقلفرۆشە، ئەمجۆرە کەسانە لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە ترسی ئەوەی پێیان نەڵێن لەشفرۆش، خۆیان بە دوور دەگرن لەم کردارانە، چونکە لەوێ لەشفرۆشی راستەقینە ئەو کەسەیە کە بێ ئەوەی بەرژەوەندی خەڵک و وڵاتەکەی بێتە بەرچاوی هەڵدەستێت بە کڕین و قۆرخکردنی کەل و پەلی زیادە، ئەمانە لەوێ نەفرین دەکرێن، چونکە عەقلیان فروشتووە.
بۆ کۆنترۆڵی عەقلی تاکەکان مافیا حزبی ییەکان ڕۆڵی سەرەکییان هەیە، گرۆپی مافیایی هەن کە دەیانەوێت حزبەکان کۆنترۆڵ بکەن تاکو عەقلی خەڵک پەنچەر بکەن!
مافیاکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کە تێکدانی یەکرێزی خەڵک و دروست کردنی رق و کینە بەرامبەر یەکتر و شێواندنی رووداوەکانە، یاری بە رووداوەکان دەکەن و هەوڵ دەدەن تەم و مژ {بە حزبی کردن} دروست بکەن، تاکو بە پەنچەر کردنی عەقلی خەڵک زاڵ بن بەسەر هەست و سۆزیان!
رووداوەکان هەر روودەدەن، نادادپەروەریش هەر دەبێت، بەڵام بۆچی بە

حزبی دەکرێن؟ کێن کە یەکەمجار بە حزبی دەکەن؟ کێن کە حزب بۆ یاری کردن بەکار دێنن؟ بەڵێ مافیا حزبییەکانن.
بەڵام نابێت تاکی هاووڵاتی عەقلی خۆی پەنچەر بکات، مافیاکان مەبەستیانە کە لە هاووڵاتی {وردە مافیا} دروست بکەن، کاتێک تۆی هاووڵاتی کێشەیەک یان ڕووداوێک دەگەڕێنیەوە بۆ حزبێکی دیاریکراو، خۆی لە خۆیدا دەبیە {وردە مافیا} بۆ ئامانجی مافیا گەورەکان!
بە حزبی کردنی کێشەکان و ڕووداوەکان دەستێکی مافیایی لە پشتە!
بەدەست ئەمانەوە کۆمەڵگا پێش دەکەوێت بەڵام زوو دەکەوێت، چەند بەڕەو پێش بڕوات و سەرکەوێت، بە بچوکترین بەربەست زوو دەکەوێت !
ژێرخانی {متمانە} نابێت لە چوارچێوەی قسەکردن دا بێت، ژێرخانی {ڕۆشنبیری} نابێت لە چوارچێوەی ریکلام و بانگەشەدا بێت!
دەبێت بیر بکرێتەوە و چارەسەری گۆنجاو بدۆزرێتەوە و وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بدرێتەوە کە:.
بۆچی یەک فەتوای هەڵە کۆمەڵگا دەکاتە چەند بەرە؟
بۆچی یەک بڕیاری سەرۆک عەشیرەت پێکەوە ژیان تێکدەدات؟
بۆچی یەک بڕیاری حزبی بەسە بۆ دروست بوونی ئاژاوە و شەڕی ناوخۆ؟
بۆچی یەک ڕۆژ نەچوونی نەوت کار لە قۆتی خەڵک دەکات؟
بۆچی یەک ڕۆژ نەهاتنی گاز برسییان دەکات؟
بۆچی نەهاتنی یەک ڕۆژ بەنزین دەبێتە قەیرانی هاتووچۆ؟
بۆچی یەک ڕۆژ سنوورەکان دابخرێت دڵەراوکێ دروست دەبێت؟
ئەمانە بەرهەمی خراپ بەکار هێنانی عەقلی خەڵکە.

نەگەشبین بینی، نە رەشبینی!! زۆر کەس هەن لەبەر {بەدەست نەهێنانی بەرژەوەندییەکانیان} رەش بینن و سەرجەم گفتوگۆ و بیرکردنەوەکانیان بۆنی رەشبینی لێ دێت.

لەلایەکی تر زۆر کەس هەن لەبەر {لەدەست نەدانی بەرژەوەندییەکانیان} هەر دەیانەوێت گەشبین بن و بە گەشبینی ململانێ بکەن. ئەمە ئاماژەی ئەوەیە کە لە کۆمەڵگادا بەرژەوەندی تایبەت سەرووی بەرژەوەندی گشتییە و تاکەکان نایانەوێت ببنە خاوەنی بیری مۆدێرن و حەز و ویستی رزگار نەبوون لە تایبەتمەندی تاکی {ئاژەڵی یان بۆکەڵەیی} زۆرە.

بۆیە پێویستە تاکەکان لەو بوارانەدا کە بەرەو پێش چوونی باش هەیە گەشبین بن، بۆ ئەوەی هەوڵی باشتر بدرێت.

لەو بوارانەشدا کە بەرەو پێش چوونی نییە و پشتگوێ خراوە، پێویستە رەشبین بن و فشار دروست بکەن، بۆ ئەوەی بەردەوام تاریک نەبێت و چارەسەرێک بدۆزرێتەوە و دەریچەیەکی گەش بۆی بکرێتەوە.

ناکرێت لەلایەک بڵێی گەندەڵی هەیە و لەلایەکی تر خۆت لێی بێ خاوەن بکەی و بڵێی من گەندەڵ نیم و بە حەقی خۆم شت بەدەست دێنم! چونکە لە کۆمەڵگای گەندەڵ بەدەستهێنانی مافەکان، بەگەندەڵی نەبێت، بەدەست ناهێنرێت

# بەشی دووەم
# حزبایەتی ژەهراوی

---

# راگەیاندنی ژەهراوی
# یاسای ژەهراوی

# حزبایەتی ژەهراوی

**لەکاری حزبیدا ئامانجێکی سەرەکی هەیە کە ئەویش کۆنترۆڵی ئەندامەکانی ناو حزبە کە لە یاسا و ڕێنماییەکانی پروگرامی حزب لانەدات، کاتێک ئەم لادانە لە لایەن کەسانی دەست ڕوویشتووی ناو حزبەکان یان کەسانی ژێر پشتگیری و سپۆنسەری ئەوان دا ڕوویدات و لەدواوە بەرگری کردنێکی شاراوە لێی بکرێت، لێرەدا حزب لە میتۆدی خۆی لادەدات و بەرەو کاری تێکدەرانە و کاڵ کردنی دڵسوزی و دروست کردنی گریمانە و گومانی خراپ لە ناو مێشکی ئەندامەکانیدا دەچێت.**

**کۆنترۆلی ئەندام گرنگترە لە کۆنترۆڵی حزب، حزب ئەگەر نەتوانێت ئەندامەکانی کۆنترۆل بکات، کەواتە حزب نییە، بەڵکو دەزگایەکی بەڕەلاکراوە بۆ تاوانکاریی هەڕەمەکی، بۆ نموونە: حزب هەیە کاتێک ئەندام تێدا دەبێتە بەرپرس، بەهۆی کۆرسییەکەیەوە، تەنیا ئەوانەی دەستی ماچ بکەن و لێی نێزیک بن بکاتە بەرپرس و ئازادی بکات لە هەموو تاوان و گەندەڵییەک، کەواتە لەم جۆرە حزبانەدا، خزمەتکردن نابێتە ئامانج، بەڵکو دۆزینەوەی دەستێک بۆ ماچ کردن دەبێتە ئامانج و خەڵک بەرەو ڕەفتاری قیزەوەنی وەک چاوچنۆکی و پانکردنەوە دەڕوات، نابێت حزب بگاتە ئەم ئاستە ئەگەرنا بە هەموو ماندووبوون و خەباتی هەر (Stop) ڕاوەستان چاوەڕێیەتی.**

پێویستە کە ئەم کۆنترۆلە لە ئاستە بەرچاوەکان  بە چڕی کارا بکرێت لە ناو دام و دەزگاکان، چۆنکە کۆنترۆڵ نەکردنی تەشەنە دەکات بۆ ناو کاری حکومی و ئەمەش مەترسیدارە بۆ سەرجەم دەستکەوت و بەهاکانی کۆمەڵگا.

کێشەی سەرەکی کاتێک سەرهەڵدەدات کە تاکەکان لەکاتی بوون بە ئەندامی حزبێک، بەداخەوە بە شێوەی (ڤی ئای پی) دەبنە خزمەتکاری کۆمەڵێک بەرپرس کە تەنیا کاریان دروست کردنی پەرتەوازەیی و لێکترازان و دژایەتی سەرکردەکانی حزبەکانی ترە و تەنیا بەم هۆیەوە بەردەوامن لە مانەوە لەسەر پلە و پۆستیان، هیچ حزبێکی خراپ بوونی نییە، تەنیا کۆمەڵێک سەرکردەی باڵای ناو ئەم حزبانە خراپەکارن، هۆکاری هەموو شکستەکانی کۆمەڵگا دواکەوتووەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم جۆرە ئەندام بوونە، بۆیە دەبێت ئەمە بکرێتە بناغە بۆ بیرکردنەوە کە دڵسۆزی حزب، ئەو ئەندامەیە کە ڕێگە نەدات سەرکردەکانی لە ڕێباز و پەیڕەوی حزبەکەیان لابدەن، پێویستە سەرکردەکان واز لەمە بێنن کە بۆ شاردنەوەی کردارە خراپەکانیان، ئەندامەکانی حزب سەرقاڵی جنێودان و دژایەتی کردنی حزبی بەرامبەر بکەن.

کارەساتە لە وڵاتێکدا بژی حزبێک پێی خوش بێت ئەندامانی حزبەکەی تر کە هاووڵاتی خۆیە بکوژرێن، کارەساتە لە وڵاتێکدا بژی دایکە شەهیدێک بڵێت لە گەرەکی ئێمە لەبەر ئەوەی کورەکەم سەر بە حزبەکەیان نەبوو ڕێورەسمیان بۆ دانەنا، بەڵام بۆ دراوسێکەمان ڕێورەسمیان دانا! کارەساتە لە وڵاتێکدا بژی ئایدۆلۆژیای شەهید بوون لە پێناو حزب گەورەتر بێت لەوەی

**له پێناو خاک و نەتەوە و دین بێت، کارەساتە لە وڵاتێکدا بژی کەسانی خۆبەخش و بە وره و جەرگ نەکرانە ئەفسەر و فەرماندە، لەبەر ئەوەی واستەیان نەکرد! کارەساتە لە وڵاتێکدا بژی کەسانێک قارەمانانە بەرگری بکەن و کەسانێکی تر وەک کەروێشک لە ترسان را بکەن، کارەساتە لە وڵاتێکدا بژی بڕوانامەی زانکو ببێتە کاڵای مارکێت ، لە وڵاتێکدا بژی کە خەڵک و جەنگاوەرەکانی لە دین و ئەخلاق لە ڕێزبەندی یەکەمدا بن و دەسەڵات دژایەتی دین و ئەخلاق بکات**

**یان کە دەبینی شەڕی ڕەنگەکان[٣] بوونی هەیە هەر لەسەر ئاستی میللی هەتاکۆ ئاستی بنەماڵەیی ، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان ڕەنگێک وەک هێما هەڵدەبژێرێن و هەر لایەنێک پشتگیری لە ڕەنگێک دەکات وەک ڕەمزێکی میللی و بنەماڵەیی، لە پێناو پاراستنی ڕەنگەکە و پیرۆزکردنی،**

---

[٣] -خوایە ئامانج بدەبە بەرپرسەکانی ئێمە، بڕوا و عەقیدە بدە بە خوێندکاران، بێداری بدە بە خەوتووان، ئیرادە بدە بە بێداران، بە وتاربێژان حەقیقەت، بە نووسەران بەڵێن و ڕاستی، بە شاعیران شور و عەشق، بە هونەرمەندان دەرد و ئازار، بە لێکولەرەوان ئامانج، بە ناچالاکان چالاکی، بە چالاکان جوولە، بە مردووان ژیان، بە کوێرەکان بینایی، بە خەمووشان فەریاد، بە حزب و فیرقەکان یەکگرتوویی، بە حەسوودان شیفا، بە خۆ ویستەکان ئینساف، بە دەمپیسەکان ئەدەب، بە تێکوشەران سەبر و ئارامی، بە خەڵک هوشیاری، بە هەموو میللەت هیممەت و ئامادەبوون بۆ گیان فیدایی و ڕزگاری و لێهاتوویی و سەربەرزی...علی شەریعەتی

خۆیان بەهێز دەکەن، ئینجا ئەم ڕەنگە خزمەت بە هەموو چینەکان بکات یان خزمەت بە ژمارەیەکی کەم بکات لایان گرنگ نیە ! خاوەنی هزرێکی کۆنی بۆماوەین (ویراسی) و هزرەکەشیان بە ڕەنگێکی تایبەت هەڵبژاردووە کە پێ یان وایە دەبێ هەموو هزرەکان بەم ڕەنگە بن و ترسی لە ناوچوون بەردەوام لە هزریان دایە، چونکە نازانن هەتاکەی دەمێنن و کەی لە ناو دەچن و ئەم ترسە گەورەترین دوژمنیانە و بە هۆی ئەم ترسە گیرۆدەی زۆر هەڵەی مێژویی بەرامبەر خاک و خەڵکی خۆیان دەبن ، شەرم لە زۆر شت دەکەن و شەرم لە زۆر شت ناکەن ، بەناوی پاککردنەوەی نامۆوس تا تاوانێک ئەنجام نەدەن ئارام ناگرن و بێ قەرارن! بەڵام لە لایەکی ترەوە هەڵدەستن بە ئەنفاڵ کردن و کوشتنی هەزاران کەسی وڵاتەکەیان ، بەردەوام درۆ دەکەن و دزی دەکەن و پاشان هەڵدەستن بە ئەنجام دانی فەرزە ئایینییەکانیان، بەردەوام لە هزرێکی داخراوی بەم شێوەیەدا دەژین و چاوچنۆکی و ترسیان لە ژیان و لە ناوچوون ئەرکی سەرشانیانی قورس کردووە و نائاگاییان و بارودوخی کۆمەڵایەتیان و کاریگەری تاکەکان ، هەموویانی وەک یەک کردووە.

نابێت گلەیی بکرێت، کاتێک حزبایەتی خراپ، بێتە هەڵبژاردن، چاولەدەر دەبێتە چاودێر و دز دەبێتە دەستپاک و بکوژ دەبێتە کرنوژبوبەر، مەلا دەبێتە عاشق و مامۆستا دەبێتە ماستاوچی و دکتور دەبێتە ئزرائیل، گێل و مێل دەبێتە سەرخێل و سەر زل، پیاو دەبێتە ژن و ژن دەبێتە پیاو، ئەگەر حزباتیکمان پێ باشتر بێت لە سیستماتیک، دەبێت نەڵێین فلان فلانی بە عەنتەری کۆشت، فلان لەبەر فلان حزب بۆ بە فلان، فلان هندە پارەی لە

**فلانی بە دیاری وەرگرت، فلان پێشوازی لە فلانی کرد، فلان فلانی دامەزراند،خەتا لە هیچ حزبێک نییە، پێویستە کۆدەتایەک بەسەر هزری حزباتیکدا ئەنجام بدرێت و سیستماتیک ببێتە شوێن گرەوەی، ئەگەرنا دواکەوتن بەردەوامە و لە هەموو رووداوێک تەنیا تامی دروی لێ دەچێژین.**

**هەرگیز نابێت حزبییەکی حزب دۆست بیت، حزبییەکی مرۆڤ دوست بە، چونکە گەر تەنیا ئەندامانی حزبەکەت خۆش ویست و مرۆڤەکانی تر بە بابەتێکی تر ببینی ئەوا نەک تەنیا لە مرۆڤایەتی دووری، بەڵکو بەچاوی ئەوانیش بابەتێکی تری.**

**پێویستە ئەندامانی حزب بە حزبەکەیان بڵێن: کە ئەگەر بە هەزاران کەس دابمەزرێنی، بە هەزاران زەوی دابەش بکەی، بە هەزاران دەنگ بکڕی، بە هەزارارن دەفتەر دولار دابەش بکەی، بە هەزاران شەهید بدەی، کە ناعەدالەتی و نایەکسانیت پەیڕەو کرد بەقەدەر نیوەی زەویە دابەشکراوەکان و کەسە دامەزراوەکان و دەنگە کڕاوەکان و ژمارەی شەهیدەکان و دەفتەر دولارە دابەشکراوەکان دەنگ ناهێنیت، بۆیە نابێت ڕێبازە پیرۆزەکە بکرێتە قوربانی ڕێبازە ساختەکە.**

**هەموو تاکێک حەزی لە هۆشیاری و زانینە، کە لە دایک دەبن بەرەبەرە دەبنە لایەنگری بوارە جیاوازەکانی وەک (زانست و وەرزش و هۆنەر و هتد...)، بەڵام حزبەکان و سیاسییەکان مێشکی خەڵک بۆگەن دەکەن، بۆیە**

ڕێڕەوی پێشکەوتن کە لە ناخیاندایە تێک دەچێت، زۆر خراپ ئالوودەی سیاست و گەندەڵی دەبن و بوارەکانی تر لەبیر دەکەن.

حزبە خراپەکان شێوازی زۆر بەکار دێنن، یەکێکی تر لەو ڕێگایانەی کە ئەم حزبانە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە پاوانخوازی و دواکەوتووەکانیان و بۆ ژەهراوی کردنی هزری خەڵک و بۆ بێ دەنگ کردنی خەڵک لە بەرامبەر کارە خراپەکانیان و بۆ بەلارێدا بردنی ئەندامەکانیان و بە ئاسانی کۆنترۆڵکردنیان، تەمبەڵییە، تەمبەڵی شێوازێکە بۆ بێ ئیرادەکردنی خەڵک و ترسنوک کردنیان لە بەرامبەر بێ پلانی و گەمژەیی، چونکە تەمبەڵی دەتوانێت خەڵک بێ پلان و گەمژە بکات، ئەم شێوازە تەنیا لە سیستەمی وڵاتانی نارۆشنبیر بە باشی ئامانجەکانی بەدی دەهێنێت و دەسەڵاتدارانی خەیالی ئاسا حوکمیان کردووە و بە خەڵکیان وتووە: (جەنابی کوێلە, بخو و بخەوە و دەنگت نەهێت تا دەمری).

زۆر تاکتیکی حزبی هەن کە لە رۆژهەلاتی ناوەراست لە بەرامبەر ئەندام و لایەنگرانی حزبەکان بەکار دەهێنرێت و بۆ ئەوەی تاک تەنیا لە ژێر کۆنترۆڵی یەک حزب بێت، هەوڵ دەدەن واز لە دووبەرەکێ نەهێنن و ئەمەش وا دەکات کە هەندێک کۆلتووری نەنووسراو ببێتە یاسای عورف لە نێو هزری ئەندامەکان و بۆ ئەمەش زۆربەی جار بۆ بوارەکانی ژیان مەرج و بەربەستی جیاواز دادەنین، بۆ نموونە: ئەگەر بیانەوێت رۆشنبیرێک پەروەردە بکەن پێی دەڵێن:

لایەنگری هەموو حزبێک بە بێجگە لە حزبێک!

لایەنگری هەموو ئایینێک بە بێجگە لە ئایینێک!
سەردانی هەموو شوێنێک بکە بێجگە لە شوێنێک!
هاتوچووی هەموو کەسێک بکە بێجگە لە کەسێک!
هەموو قسەیەک بکە بێجگە لە قسەیەک!
بیر لە هەموو شتێک بکە بێجگە لە شتێک!
دەبێت لە هەموو بوارەکان دژی شتێک بیت ئەگەرنا رۆشنبیر نیت! بۆیە تاکی حزبی لە کۆمەڵگای دواکەوتوو، ناچاردەبێت ماددەکانی یاسای دواکەوتوویی لە کۆمەڵگای دواکەوتوو جێ بە جێ بکات.

کەواتە یەکێک لە کارە هەرە خراپەکان کە زۆربەی حزبە کۆرت بین و بەرژەوەندی خوازەکان ئەنجامی دەدەن کارکردنە لەسەر مێشکی تاکەکان و بۆگەن کردنێتی بەوەی کە تەنیا و تەنیا بیر لە درۆشمەکانی هەلبژاردن و ریکلام کردن بۆ حزب بکەن و بەردەوام کار بۆ دروست کردنی دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوە لە نێوان ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگا دەکەن کەسەر بە لایەنی جیاوازن بن.

دەبێت واز لە ململانێی خراپ (جنێو و سۆکایەتی کردن) بهێنرێت بەرامبەر بەوانەی کە ئەندام نین لەحزبەکەدا، لە راستیدا سۆکایەتییە بۆ حزبێک کە ئەندامانی فێری سۆکایەتی دەکات بە پشت بەستن بە هەندێ درۆشمی نەتەوەیی و ئایینی و هتد...، بۆیە پێویستە ئەندامەکان بەلارێدا نەبردرێن و بیرۆکەی خۆشویستنی یەکتر لە لایان هەبێت و بەردەوام پێیان بوترێت ئەگەر ئەگەر زۆر دڵسۆز و نەتەوەپەرست و دیندارن، برۆن بزانن لایەنی بەرامبەر چ دەردێکی هەیە؟ ئەگەر قەرزارە یارمەتی بدە، ئەگەر بێکارە و

مووچەی نییە یان ئیشێکی بۆ بدوزەرەوە یان مووچەکەتی لەگەڵ نیوە بکە، ئەگەر پارەی شیر و پۆشاکی نییە بۆی بکرە، کرێی خانوویەکی بۆ بدە، کەمێک خواردەمەنی و پێداویستی بۆ بکرە، برۆ بزانە دڵی لەبەر چ گەندەڵییەک شکاوە، لە کوێ غەدری لێکراوە، چ جۆرە رقێک لە ناو دڵیدا ماوە، هەموو کات ئەم گریمانانە بۆ خۆت دابنێ: کە تۆ زەویت وەرگرت ئەو وەری نەگرتووە، تۆ کارت هەیە ئەو نا، تۆ پارەت هەیە ئەو نا، تۆ توانای هاوسەرگیریت هەبووە ئەو نا، تۆ سوودمەند بوویت ئەو نا،کاغەزی سپی مەخوێننەوە، رێز لە یەکتر بگرن.

یەکێک لە نیشانەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا تەندروست ئازادبوونی عەقلی تاکەکانێتی کە لە بەرامبەر کرداری راست و هەڵەی حزبەکەی کاردانەوەی هەبێت، بۆیە هەرکاتێک حزب یان ئەندام و سەرکردەیەکی حزب هەڵەیەک دەکات و جورئەتی ئەوە نەبێت رەخنەی لێ بگیرێت، هەرهیچ نەبێت بێ دەنگی باشترە لە پیاهەڵدان، نەک پەرە بە بێ جورئەتییەکەت بدەی و بۆ پشتگیری کردنی هەڵەکە بیانووی بۆ بدۆزییەوە، چۆنکە ئەمە ئەوپەڕی سۆک بوونی کەسایەتی مرۆڤە و هیچ پەیوەندی بە ئینتیمای حزبییەوە نییە.

دزینی هزری تاکەکان لە کۆمەڵگای دواکەوتوو و پێشکەوتوودا کێشەیەکە کە بە درێژایی مێژوو بوونی هەبووە کە لە هەندێک شوێن پێی دەلێن (دزینی هزر) و لە هەندێک شوێنی تر پێی دەڵێن (نوێ بوونەوەی هزری) بە زمانی ساکار و لە ڕووی ڕامیارییەوە پێی دەڵێن (لایەنگری هزری) ، بۆیە پێی دەڵێم دزین، چونکە هەندیک کەس هەڵدەستن بە حەز و ئارەزووی

بیروباوەری کەسێتی و بەرژەوەندی خۆیان تاکەکان گەورە دەکەن و کار لە سەر رەفتارو هزریان دەکەن لە حالەتێکدا کە کەسەکە هیچ پەیوەندییەکی بەم بیروباوەرە نیە .

لە کۆمەڵگادا چینی ئایینی و ناوچەگەر و تاوانبار و رۆشەنبیر و هتد...بە لقە جیاوازەکانیان هەیە کە هەر یەکێکیان لەسەر بەرژەوەندی و بنەمای تایبەتی ماددی و مەعنەوی یان روحی و جەستەیی دامەزراون بۆ پارێزگاری کردن لە پایە و ستونەکانی مانەوەی خۆیان کار دەکەن بۆ کوکردنەوەی جەماوەرێکی زۆر و بە دەستهێنانی پارەیەکی زۆر!

تەنانەت ئەم بیرۆکەیە بەشێوەیەک گەورە بووە کە ئێستا لە هەزارەی سێیەم لە زۆربەی وڵاتان بە ملیونەها دولار خەرجی یانەیەکی وەرزشی دەکرێت و لایەنگری بۆ دەدۆزنەوە و بەم رێیەوە مێشکی خەڵک زۆر سەرقاڵ دەکەن(دەدزن) و لە پشت پەردە ئامانجە ماددی و مەعنەوییەکانی خۆیان بەدی دێنن، یان عەشیرەتێک هەڵدەستێ بە کۆکردنەوەی هێزەکانی لە دەوری خۆی بۆ ئەوەی هێزی خۆی زیاد بکات و بگاتە ئامانجە ماددی و مەعنەوییەکانی. و لێرەشدا پێویستیان بە دزین و شۆشتنەوەی مێشکی تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە و ئەم چەندەش لە ڕووی ئایینی و سیاسی و حزبایەتی، لە قۆناغی ئێستادا لە ئەو پەری پەرەسەندندایە و تاک نەیتوانیوە لەوەتەی کە بە ئازادی لە دایک بووە بتوانێت بە ئازادیش بژیت و بە ئازادی لایەن و بیروباوەری خۆی هەلبژێریت و بەردەوام لە ژێر کاریگەرییەکانی دا بووە و هەر ئەمەش وا دەکات کە کاتێک هزرێکی تر یان کۆمەڵگایەکی تر دەبینێت بە ئاسانی لە ناو مێشکی دا دەکاتە ئامانج

و بەرەو ڕووی دەروات و ڕێگە بە دزینی بیروباوەڕەکەی دەداتە لە لایەن دزە نەناسراوەکانی هەزارەی سێهەم.

ئازادی بیرکردنەوە گرنگترە لە ئازادی ڕادەربڕین، بە هەبوونی ئایینە جیاوازەکان و حزبە گەورە و بچووکەکان و پەیجەجیاوازەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و داب و نەریت و کولتوورە جیاوازەکان و هتد... هەر یەکێکیان قوتابخانەیەک یان (تەڵەیەکی) بۆ عەقلی مرۆڤی ئێستا دایناوە و مرۆڤەکانیش تێی کەوتوون و بە ناچاری لە بەرژەوەندی و لە سنووری عەقل و داخوازی ئێستا خاوەنی تەڵەکان هەڵسوکەوت دەکەن و بە پشت بەستن بە عەقلییەتی ئەم قوتابخانانە ڕایەکەیان دەردەبڕن، لێرەدایە کە لە بوارە جیاوازەکانی ژیان بیرکردنەوەی مرۆڤەکان داگیرکراوە و ئیتر چەند ئازادیش بێت لە ڕادەربڕیندا بڕیارەکانی لە بەرژەوەندی خۆیدا نییە.

حزبە سیاسییە خراپەکان هەر بەمانە ناوەستن و هەوڵ بۆ دزینی (خاک و سامان و عەقل)ی خەڵکیش دەدەن،_

خاک و زەوی خەڵک دەفرۆشن و خەڵک ئاوارە ودەربەدەر دەکەن.

پارە و داهات و سامانی خەڵک دەدزن و برسیان دەکەن.

هزر و بیروباوەری خەڵک بە درووکردن و جنێودان دەشێوێنن و سەر لێشێواویان دەکەن.

دواتر وەک حزبە فاشیستەکان هەر حزبێک بە کادرەکانی دەڵێت کە بە خەڵک بڵێن: (ئێمە لەسەر ڕێگای ڕاستین، حزبەکانی تر هەموو لەسەر ڕێگای هەڵەن، ئێمە لە هەموویان باشترینین)، بەم شێوەیە خەڵک دەکەنە

دۆژمنی یەکتر و تۆی رق و کینە دەچێنن، بۆ ئەوەی خەڵک ئاگای لەغەدر و دزی نەبێت، حزبە خراپەکان واز لە (خاک و گیرفان و عەقلی) خەڵک ناهێنن و مەغول ئاسا رادەبێرن لەسەری.
حزبی ئۆپۆزیسیۆن لە ئەنجامی زۆری گەندەڵی و ناعەدالەتی لە دایک دەبێت، هەر لەبەر ئەمەش ئەگەر بیەوێت بەردەوام بێت، دەبێت هەوڵ بدات و نزا بکات لە وڵاتەدا رێژەی گەندەڵی و ناعەدالەتی زۆرتر بێت، چونکە نەمانی قەیران و گەندەڵی نەمانی ئەوانە، کەواتە ئەوانەی هەوڵ بۆ زۆربوونی گەندەڵی و ناعەدالەتی و قەیرانەکان دەدەن نۆکەری شاراوەی حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانە،هەربۆیە باشترین رێگە بۆ دژایەتی کردنی ئحزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانە، هەرچی زوو قەیران و ناعەدالەتی و گەندەڵی چارەسەر بکرێن نەک قووڵتر بکرێن.
کاتێک لە سیستەمی حزبایەتی خراپ، ئۆپۆزیسۆنی خراپ سەرهەڵدەدات، لێرەدا ئامانجەکانی حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکە بریتین لە: هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئەندامە بێکارەکانی خۆی وەک حزبی دەسەڵاتدار، پێدانی پلە و پۆست بە کادیرەکانی وەک حزبی دەسەڵاتدار، دامەزراندنی هێزێکی سەربازی لە بن دەسەڵاتی خۆی وەک حزبی دەسەڵاتدار، دواتر دابەش کردنی سامان و داهات و زەوی و سنووری ئیداری و بەدەست هێنانی زۆرترین پۆستی باڵا و بەخشینی پارە و دانانی زۆرترین پاسەوان لە دەوروبەریان و موزایداتی سیاسی بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و هتد، ئەمانە پرۆژە و چالاکی حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنێکی بێ پلان و رێک کوپی پێستێکی دەسەڵاتە بۆ

**شوێن گرتنەوەی حزبی دەسەڵاتدار، ئەمە پێی ناڵێن گۆڕانکاری، پێی دەڵێن کۆپی پێست.**

# یاسای ژەهراوی

**بۆ ئەوەی بەهەدەر دانی سامانی گشتی نەمێنێت و مودێلی کۆبوونەوە بێ سودەکان نەمێنێت، وڵات بە سیستەمێکی دادپەروەر بەڕێوە بڕوات، بە پێی مێژووی ئەزموونی حوکمڕانی وڵاتان، پێویستە یاسا وڵات بەڕێوە ببات، ئەمە خۆی ئەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان و دەستپێکی مێژوویەکی زێرینی نوێ بۆ چارەسەری سەرجەم کێشەکان.**

**کاتێک یاسا نەمێنێت، بۆ هەر کارێک خەڵک ناچار دەکرێت داوا لە بەرپرسەکان بکەن بۆ بەهاناهاتنیان، پرسیار ئەمەیە بوچی دەبێت پێویستیان بە بەرپرسەکان بێت؟ خۆ دەروزەکەر نین بۆ بچوکترین مافیان لە دەرگای بەرپرسەکان بدەن! هەندێک جار لەبەر ئەوەی هیچ کەسێک بۆ چارەسەری کێشە ناچێتە لای بەرپرسەکان[٤] بە ئەنقەست کێشەیان بۆ خەڵک دروست کردووە، کەواتە یەکەمجار بەرپرسەکان دەروزەکەری (دەروزەیی) خەڵکن! لەراستیدا دەبێت حکومەت بەشێوەیەکی**

---

[٤] - کەسێک ددانێکی ئێشا بە دکتوری وت: هەر هەموو ددانەکانم دەربێنە تەنیا ئەو ددانەی کە دێشێت دەری مەهێنە!دکتور وتی: ئاخر بۆچی؟ وتی: دەمەوێت وەکو سەگ بە تەنێ بمێنێت و قەدری عافیەت بزانێت، ئیتر کە یاسا نەمینێت بیرکردنەوەی سیاسییەکان و حزبەکان بەرامبەر بە یەکتر شێوازێکی نێزیکە لەم جۆرە شێوازانە.

یاسایی کێشەکانیان چارەسەر بکات، گەر تاکێک ماڵی سووتا، ئەندامەکانی لەشی لەدەستدا، نەخۆشی گران (شێرپەنجە)ی هەبێت و هتد، حکومەت ئەگەر حکومەت بێت بە یاسای تایبەت خەرجی چارەسەری دابین دەکات، نەک یاسای دەروزەیی دابنێت و وای لێ بکات خەڵک ببیتە دەرۆزەکەری بەر دەرگای بەرپرسەکان, نابێت دەسەڵاتی حزب زۆر بێت کە خەڵک بۆ چارەسەری کێشەکانی پەنای بۆ ببات، پێویستە بە یاسا مافی خەڵک دابین بکرێت ئەگەر مافی وەرگرتنی زەوی هەبوو با یاسا بداتێ نەک کاغەزی ئەم بەرپرس و ئەو بەرپرس ببات بۆ وەرگرتنی.

بێ یاسایی دەبێتە هۆی دروست کردنی خۆ بە زل زانین (غرور)ی کۆمەڵایەتی، کاتێک لە شێواز و جۆری کارکردندا خۆی دەبینێتەوە، دەبینین ئاست نزمترین کەسی کۆمەڵگا حەزی لە کار کردن لە پێگەی نزم نییە وەک بۆیاغ کردنی پێڵاو و کرێکاری و هتد، ئەمەش لە گەورەکانی وڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت و بە هەبوونی ئەو نایەکسانی و ناعەدالەتییەی کە هەیە، بە بڵاو کردنی رەگەز پەرستی و ناوچەگەری و دوورەپەرێزی کردنی سڕ کردنی کەسانی خاوەن بڕوانامە و لێهاتوو ، بە چەندەها رێگای تر ئەم بارودۆخە نالەبارەبۆ کۆمەڵگاکە دروست دەکرێت.

نەبوونی یاسایەکی پۆخت و تەواو،[٥] دەبێتە هۆی مراندنی توانای گەنجان، لە پشت گوێ خستنیان، لە ترساندنیان، لە شۆشتنەوەی مێشکیان، لە بێ ئومێد کردنیان، لە بەکوێلە کردنیان، لە نان بڕینیان، لە وشک کردنی سەرچاوەی داهاتیان، لە وڵات دەرکردنیان، لە مراندنی هەستی نەتەوایەتیان، لە ڕەشکردنی وڵات لەبەرچاویان، لە بەرامبەریەک دوژمن کردنیان، بێ یاسایی توانایەکی لە ڕادەبەر و سیحراوی هەیە، یەکەمی بێ ڕکابەرە، بۆیە دەبێت پێچەوانەی ئەم ئامانجانە هەوڵ هەبێت، نابێت هەستی خێزانی و بنەماڵەیی و خزمایەتی و ناوچەگەری و پارێزگایی و حزبایەتی ئەوەندە بەرز و بەهێز بێت، شاخ و لوتکەکان شەرمەزار بن لە بەرامبەری، بەڵام هەستی بەرپرسیارەتی بەرامبەر بە یاسا لەبەر لاوازی ببێتە گاڵتەجاری خەڵک.

دەبێت گەورە و بچوک بزانێت لە وڵاتێک کە پشت بە یاسا نابەسترێت، نەکەس دەتوانێت بگۆڕێت و نە ئامانجێکی لەم شێوەیە دەبێت، دەبێت بزانرێت کە نە کەس پاکە نە کەس ناپاک، سیستەمێکە بە ئاسانی کەسی پاک دەکاتە ناپاک و ناپاک دەکاتە کەسی پاک، تێکەڵە، حەلی نابێت، ئەمانە کاری گەمژانەن کە لە پەرت و بڵاوی یاسادا ڕوودەدرێن.

ڕێک وەک کێڵگەی چێڵەکان(مانگاکان) وایە و بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست هزری چێل بوون کێشەیەکە، کاتێک خۆت بە چێل پیشاندا یان ویستت وەک چێل بژیت، ئەوکاتە شوانێک بۆت پەیدا دەبێت، ئایندە و

بڕیارەکانی ژیانت بەدەست ئەوە، بەڵام کارەسات ئەوەیە کە ئەم شوانە فروشتنی تۆ و قوربانیکردنی تو بە خێرێکی گەورەو کارێکی مرۆڤانە دەزانێت و هەموو کاردانەوەی تو تەنیا دەبیتە هاوارێکی بەرزی بێ مانا، بۆیە نە چێل بە، نە قەساب، نە شوان، تەنیا مرۆڤ بە بۆ خەڵک.
بن پێ کردنی ئەم وتەیە (نابێت کەس لە یاسا بەرزتر بێت)، دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەری خەڵک بتاشرێت، بکۆژەکان نەدوزرێنەوەو بە ئاسانی خۆیان بشارنەوە، یاسا پارێزەکان نەتوانن پرۆفیشیۆناڵانە دۆسییەکان روون بکەنەوە بۆ خەڵک، هەر ئەمەشە وادەکات کەسانێکی یاخی مردنی مێرووولەیەکیش بکەن بە دۆسییەیەکی نێودەوڵەتی، گەر ئازادی هەبێت، بەڵام کەسانی (خۆ بە بەرزتر دانان لە یاسا) بەم کردارانەیان پیسایی دەکەنە سەر ئەزموون و خەبات و قوربانیدانی نەتەوەیەک، ئەمە دەبێتە هەوڵێک بۆ بە لاڕێدا بردنی ئەو بنەما ئەخلاقیانەی کە کۆمەڵگا هەوڵی داوە لەسەری دابمەزرێت کە ئەوانیش (دادپەروەری، گیان فیدایی و قوربانیدان، ئەخلاق و پەروەرە، زانست، تێکوشان، دەستپاکی، تا هتد...)، ئەو هێرشانەی کە بە رێکخراو ئەنجام دەدرێن هێرشن بۆ سەر بنەماکانی یاسا، کێشە سەرەکییەکە ئەمەیە جەماعەتی پشت ئەم هێرشانە لە چ سەرچاوەیەک ئامۆژگاری وەردەگرن و لە چ پوست و لە چ کوتلە و قەبارەیەک دان؟ چونکە دەبنە هۆی دروست بوونی سێبەرێکی خراپ و ترسێنەر لەسەر بنەما ئەخلاقییەکان، ئەگەر ئەم کەسانە بەردەوام بن هەموو بنەماکان بەهاکەیان لەدەست دەدەن و بەرەو لاوازی دەچن لە ناو کۆمەڵگادا...

**نەبوونی یاسا لە دابەشکردنی زەوی و زار، نەمانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، پێدانی پلە و پێگەو پوست و کەرامەت لەسەر بنەمای عەشایێری، رێگەدان بە پەرەسەندنی هزری رق و کینەی ناوخۆ و هتد...وا لە خەڵک کردووە کە ئاو بدەن بە دوژمنی نەتەوەیی و ئاینییەکەیان، بەڵام بۆ دلۆپە ئاوێک رەحم بە هاووڵاتی و هاوئاینی خۆیان نەکەن و یەکتر بکوژن، وا دەکات لە پشت سیستەمی عەشایەری هەموو تاوانێک پەردەپووش بکرێت، وا لە تاکی رۆشنبیر دەکات بە ئەنقەست پشت ببەستێت بە بیرۆکە کۆنەپەرستییەکانی کۆمەڵگاکەی، وا دەکات سەروەری یاسا دارستانییەکان پارێزراو بێت و تەنیا دوژمنی سەرەکیان هەر خۆیان بن و لە دژی بەرژەوەندی یەکتر تێبکووشن.**

**نەبوونی یاسا وا دەکات هاتنی قەیران پێشەکییەکی بۆ نەبێت و تەنانەت وەک سوپرایزێک سەرهەڵبدات،هاتنی قەیران شتێکی ئاساییە، بەڵام بوونی بە سورپرایز نائاساییە، سورپرایز شەڕ هات، سورپرایز مووچە نەما، سورپرایز ئاو نەما، سورپرایز بەنزین نەما، نەفت نەما، سورپرایز هێلکە نەما، ئەمانە ئەو سورپرایزانەن کە دەبێت خەڵک بەردەوام چاوەڕێی بێت، دەبێت ئەم جۆرە سورپرایزانە  روونەدەن و کۆنترۆلی بکەن .**

**کاتێک یاسا نامێنێت[٦] خەڵک فێڵ دەکات و حکومەتیش یارمەتی دەدات! بۆ نموونە کاتێک حکومەت مووچەی بێوەژنانە بڕی و تەنانەت پیاویش خۆی**

---

[٦]- تەنانەت نەبوونی یاسا کار لەسەر کولتووری کۆمەڵگا دەکات و بەرەو دواکەوتوویی دەبات، لە فیلمێکی ئەمریکیدا بینیم رۆژنامەنووسێکی ئەمریکی لە ساڵی ٢٠٠٠ سەردانی ئەفغانستان دەکات و باسی دیمەنە سەیرەکانی دەکات و لە دیمەنێکدا دەڵێت:

**کردە بێوە ژن، مووچەی کەم ئەندامی بڕی سێ چارەکی خەڵک نوبەیان گرت، موچەی بۆ شەهیدان بڕی ژمارەی شەهیدان لە زیندووەکان زیاتر بێت، قەرزی هاوکاری دابنێت تاک دوکانی بۆ دوو رۆژ دابنێت و را بکات و خۆی حەشار بدات، سولفەی عەقاری دانا، موستەفید و دەولەمەند هەر وەری گرت، دامەزراندنی کردەوە بەرپرسەکان داپیر و باپیری خۆیان لەجیاتی کەسانی لێهاتوو دامەزراند، بەمشێوەیە حکومەتێک پڕ لە گەندەڵی دروست دەبێت کە چارەسەرکردن و دەرهێنانی لە چالەکەوە زۆر ئەستەمە.**

**سەرشێواوی خەڵک و حکومەت بە شێوەیەک دەردەکەوێت کە کار بە یاسا نەکرێت و واستەکاری شوێنی هەرچی یاسایە بگرێت و بەم شێوەیە متمانە نامێنێت و هەم حکەمەت و هەم هاووڵاتی خەریکی فێڵ کردن دەبن لە یەکتر و بە چاو برسێتییەوە بەدەم هەر بڕیارێکەوە دەچن.زیانەکانی تری بێ یاسایی چەند کێشەیەکی تر پەیدا دەبێت کە هیچ شتێک دیار نامێنێت[٧] و**

---

خەڵکی ئەفغانستان زۆر سەیر و دواکەوتوون، چونکە لەشایی کوڕەکانیان فیشەک بە ئاسمانەوە دەنێن! بەڵام ئەگەر ئەم رۆژنامەنووسە بێت و ببینێت بۆ یارییەکی ئاسایی فیشەک بە ئاسمانەوە دەنرێت و ژیان لە منداڵ و نەخۆش و هتد... تێک دەدرێت و شارستانییەتی گەلێک دەبەنە ژێر پرسیار، دەبێ لە جیاتی وشەی دواکەوتوویی بڵێت؟

[٧]- دەڵێن هەندێک تاوانباریان گرت و بردیانە بەردەم دادگا، دادوەر پرسیاری کرد و وتی ناوتان چییە، یەکەم کەس وتی ناوم

**هیچ خزمەتێک ناهێتە بەرچاو و هەموو شتێک بە رەنج خەساری تەواو دەبێت، بۆ نموونە: ئەگەری بڕوویە ناو ئەم کۆمەڵگایانە دەبینی ودەبیستی و هیچ نابینی و نابیستی! بۆ نموونە دەڵێن: هەموو هەوڵێک دراوە بۆ ژێرخانی ئابووری، بەڵام هیچ بەرهەمێک دیار نییە، دەڵێن هەموو دام ودەزگایەک بندیواری هەیە کەچی بندیواری هەموو شوێنێک چولە و بندیوارێک دیار نییە، دەڵێن گەندەڵی هەیەو گەندەڵکارێک دیار نییە، دەڵێن زەویەکان تەجاوزی لەسەر کراوە و کەسی تەجاوزکەر دیار نییە، دەڵێن ئێمەی ئیسلامی دژی توندوتیژین، بەڵام خۆپێشاندەرێکی دژی توندوتیژی دیار نییە، دەڵێن دەیگۆڕین، بەڵام گۆڕانخوازێک دیار نییە، دەڵێن لەگەڵ ئارامیداین و پیاوی ئاشتی دیار نییە، دەڵێن دژایەتی سەربەخۆیی دەکرێت، بەڵام کێ یە؟ دیار نییە، دەڵێن خائینەکان بووینەتە بەرپرس، بەڵام خائینێک دیار نییە، دەڵێن سامانی ژێر زەوی دەدزرێت، بەڵام دزێک دیار نییە، دەڵێن دیموکراسیمان دەوێت و لەسەر گۆڕینی کورسییەک پیاوی دیموکراسییەت دیار نییە، ئیتر لە بەرمۆداش هەر وایە**

---

شەریفە، دووەم کەس وتی ناوم شەریفایە، سێ یەم کەس وتی ناوم حەسەن شەریفە، سرەی کەسی چوارەم هات دادوەر وتی بەسە ئێوە هەمووتان دەرچوون شەریف و وەکو دیارە من ناشەریف دەرچووم.

هیچ شتێک دیار نامێنێت، ئەمە ڕێک لەم شوێنە دەچێت و هیچ شتێک دیار نامێنێت و هەرجی خزمەتگوزاری و کاری باش هەیە هەمووی بە شێوەیەکی نادیار دێتە بەرچاوی خەڵک و لێرەدایە کە هیچ هەستێک بۆ دلسوزی نامێنێت.

لە کۆمەڵگایەکدا ئەگەر هیچ پرەنسیپ و بەهایەک نەبێت بۆ یاسا، سەرکەوی و شکست بێنی، بخوێنی و نەخوێنی، ئەخلاقت هەبێت و نەبێت، خیانەنت بکەی و نەکەی، قاپەکانی بەرپرسێک بشووی و نەشووی، خزمەتت هەبێت و نەبێت، لێهاتوو بیت و نەبیت، پلانت هەبێت و نەبێت، شارەزا بیت و نەبیت، بنەماڵەی شەهید بیت و نەبیت، گەنج بیت یان پیر، جوان بیت یان ناشیرین، هیچ لە بارودۆخەکە ناگۆڕێت، هەرگیز ناتوانی ئایندەی خۆت بێنیە بەرچاو لێرەدایە کە تۆ دەمێنی و شانس و بەخت.

لەم کومەڵگایانەدا ئەوەندە سەرلێشێواوی دروست دەبێت کە پێگە و پیشەی تاکەکان لەگەڵ کەسایتیان ناگونجێت هەر بۆیە تاوانبار دێت تاوانبار بەگرتن دەدات، دز دێت لێپێچینەوە لە دز دەکات، کاسەلێس بە کاسەلێس دەڵێت بەسە عەیبە کاسە مەلێسە، خائین بە خائین دەڵێت واز لە خیانەت بهێنە، عەیب ناکەی خیانەت دەکەی؟ ستەملێکراو بە ستەملێکراو دەڵێت چەند ستەملێکراوی، دروزن بە دروزن دەڵێت ئیتر باوی دروکانت نەماوە،گەندەل دێت گەندەلییەکانی گەندەل کەشف دەکات، موزایدەچی بە موزایدەچی دەڵێت کاتی موزایدە نییە، خراپساز بە خراپساز دەڵێت وەرە با چاکسازی بکەین.

لە بۆشایی نەبوونی یاسا پارە رۆڵ دەگێرێت و کار دەکاتە سەر جۆری بەڕێوەبردن و هەموو بارودوخە باشەکان هەر بە نەرێنی لەسەریان دەشکێت و ناتوان کەمترین سوود لە ئامرازەکانی بەردەستیان وەربگرن، بۆ نموونە: لە سوود وەرگرتن لە پارە لێرەدا هەبوون و نەبوونی پارە یەک شتە، گەر نەبیت (شەڕە، تۆندوتیژییە، کۆشتنە، برسێتییە، کوێلایەتییە، دزییە، زیزبوونە، خیانەتە، بێ رەحمییە، بەڕەلاییە، ترسە و هتد) گەر هەش بێت هەر هەمان شتە (شەڕە، تۆندوتیژییە، کۆشتنە، برسێتییە، کوێلایەتییە، دزییە، زیزبوونە، خیانەتە، بێ رەحمییە، بەڕەلاییە، ترسە و هتد) کەواتە ئەوەی ئەم کۆمەڵگایانەی بەرەو دواوە دەبات لێرەدا د بێجگە لە پارە شتێکی تر نییە، هەبوون و نەبوونی پارە دوژمنی مێژوویی و راستەقینەی ئەم کۆمەڵگایانە بووە، پارە قوماری بە چارنووسی ئەم کۆمەڵگایانە کردووە و ئەم کۆمەڵگایانە بەردەوام بە پارە دووڕاندوویەتی و هۆکارەکانی شکستەکانی بۆ دووبەرەکێ و شتی تر گەراندوویەتی، ئەمەش وادەکات کە کۆمەڵگا رووبەرووی قەیرانی زۆر ببێت.

وەک ئەمە وایە کە بڵێین: بەرپرسەکان و خەڵک لە کاتی راکردن لە ترسی ئەژدیهایەک کەوتوونەتە ناو چاڵێکی تاریکەوە، کاتێک حکومەت تووشی ئەژدیهایەکی چەندسەر(چەند قەیران) دەبێت، پێویستە هەموو لایەنەکان بۆ رزگار بوون لەم ئەژدیهایە ببنە یەک نەک رکابەری یەکتر بن، لە ناو چاڵ دژایەتی کردن کارێکی گەمژانەیە، دەبێت پلان دابنێن ئەژدیهاکە لەناو ببەن، نەک یەکتر، رزگار بوون لە چاڵەکەو

ئەژدیهاکە گرنگە، دوای رزگار بوون وردە کێشەکان با بخرێنە روو. ئەگەر یاسا نەبێتە دیلی گەندەڵکاران و سەروەر بێت، گەندەڵ و دزەکان ناهێنە سەر لۆتکە! ئیتر فرت و فێل بکرێت لە هەڵبژاردن پارە خەرج کردن دێتەوە ناو گیرفانی خەڵک و پشک پشکێنەی حزبی نامێنێت، بیرکردنەوەی حزبی و پرۆژە یاسای پڕ لە مۆزایدە و ئۆپۆزیسیۆنی درۆزن و بێ مانا نامێنێت، کۆمپانیا و پرۆژە خزمەتگۆزارییەکان دەکەونە رکابەرایەتی خزمەتکردنی خەڵک، نەک دۆشینیان! زوو زوو گۆڕانکاری لەبەرپرسەکان دێتە کردن و کورسی ناخرێتە چوارچێوەی میراتی کەسی، کۆمەڵگایەکی سیاسی پڕ بە دڵی خەڵک و سیاسییەکان دروست دەبێت.

---

شێوازی کاندیدکردنی پەرلەمانتاران لەو شوێنانەی کە گرنگی بە یاسا نادرێت و پێشێل دەکرێت و خواستی هەبوونی کەسانی لێهاتووی تێدا نییە بەم شێوەیە:

حزب هەیە دەڵێت: بڕوون لە هەر عەشیرەتێک کەسێک کاندید بکەن کە دیار بێت و کەس و کاری هەبێت، قەینا با نەخوێندەواریش بێت! ئیتر کەسانی رۆشنبیر و لێهاتوو هەر زوو دەبێت بیرێکی عەشایێری بۆ خۆیان بدۆزنەوە، ئەگەرنا شوێن بۆیان نامێنێت.

حزب هەیە دەڵێت: بڕوون بزانن کێ تا ئێستا لە راگەیاندنەکان زۆر رەخنەی لە دەسەڵات گرتووە و دژایەتی کردووە و هەروەها بێژەرییەکی باشی کردووە کاندیدی بکەن، قەینا با رەوشت و بڕوانامە و کەس و کارێکی زۆری نەبێت!

**حزب هەیە دەڵێت: بڕوون بزانن تا ئێستا بووینەتە چەند باڵ؟ بۆ ئەوەی لەهەر باڵێک بە پێی حسە چەند کەسێک کاندید بکەین، واز لە مەرجەکان بێنن با حسسەی خۆمان بپارێزین.**

**حزب هەیە دەڵێت: بزانن کام داعی[8] لە کۆبوونەوەکانی خەڵکێکی زۆر بەشداری دەکات، قەینا با بڕوانامە و شارەزایی لە پەرلەمان نەبێت، لە پەرلەمانیش دەتوانێت خەڵک دیندار بکات.**

**حزب هەیە دەڵێت: بزانن کام مەلا وتارەکانی توندە کاندیدی بکەن؟ قەینا با فکرەی تۆندوتیژیشی هەبێت، خۆ ڕۆکنێکی دین مان جێ بە جێ کرد.**

**ئیتر ئەزموون، شارەزایی، ئامانج، پلان، بڕوانامە، هەمووی دەکەوێتە سەر شانس و بەخت و دەبێت دوعا بکەین لەم شێوازەی کاندیدکردنی حزبەکان کەسانی باش و لێهاتوو هەڵبژێردرێن .**

**** متمانەکردن بە یاسا مەرجێکی بنەڕەتی کۆمەڵگایەکی دیموکراسییە و خاڵێکی سەرەکی نەهێشتنی گەندەڵییە، کارەساتە کە متمانەکردن بە یاسا نەمێنێت، بۆ نموونە: کاتێک یاسا هەبێت، بەڵام وەک شێخەکەی بەسەر بێت: دەڵێن ٧٠ ساڵ عیبادەتی کرد بە یەک شەو دای بە هەوا، ئەم یەک شەوە زۆر گرنگە، پێویستە یاسا سەروەر بکرێت و ڕێگە نەدرێت شەوەکە بێت و هەموو شتێک تێک بدات، لێرەدایە هەرچی زەحمەتی پیاوانی یاسایە بەیەک رستەی پروپاکندە ئاسا**

---

[8] - وتاربێژی ئایینی

(سیناریۆیە) دەی شێوێنرێت، بە شەوێک تاوانبارمەگرە و بە ٧٠ ساڵ بە دوای تاوانبارێکی تر مەگەڕێ، کەسێک بە شەوێک بەرزی مەکە و کەسەکەی تر بە ٧٠ ساڵ خەبات هەر داماو بێت، با کارەکان بە سروشتی خۆی بڕوات بەڕێوە و هەر ٧٠ ساڵ بەتەواوی بۆ هەموو لایەک یاسا سەروەر بێت، حەیفە ٧٠ ساڵ خەبات بە چرکەیەک رەش بکرێت.

یاسا لە دۆخی(رەقی و شلی وگازیدا)،

یاسا پێویستە لە دۆخێکی جێگیردا بێت و لە بەرامبەر هەموو کەسێک یەک حالەت و یەک دۆخ و تایبەتمەندی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت پێناسە بکرێت و جێ بەجێ بکرێت، نەک هەموو تایبەتمەندییە فیزیکییەکانی ماددەکانی تێدا بیت، کاتێک یاسا (هەم شل، هەم رەق، هەم گاز) بێت،

لێرەدا دادپەروەری دەبێتە پێکەنیناوی ترین بابەت، بۆ نموونە: ئەگەر یاسا بۆ هەژار و بێ دەسەڵاتەکان لە دۆخی (رەق)یدا بێت وبە هیچ شێوەیەک لێیان خۆش نەبێت و بە خراپترین شێوە سزایان بدات، بەڵام بۆ بەرپرس و دەست رۆیشتووەکان لە دۆخی (گاز)یدا بێت و هەر کە دەرهێنرا ئیتر دیار نەمێنێت، هەروەها بۆ کەسانی دەوروبەری بەرپرسەکانیش لە دۆخی (شل)یدا بیت و بەیەک تەلەفۆن و ئاماژە یاسا کە بۆیان شل بکرێت، لێرەدا ئیتر یاسا دەبێتە ماددەیەک کە پێویستە یاساناسان لە ماڵ دابنیشن و فیزیکناسەکان بێن لێکۆڵینەوە و کاری لەسەر بکەن و بکەنە داهێنانیش کە چۆن یاسا دەچێتە سەر هەر

سێ دۆخ لەیەک کاتدا؟ هەرکاتێک سەلمێنرا کە یاسا خاوەنی ئەم هەموو دۆخ و تایبەتمەندییەیە دڵنیا بن کە دادپەروەری و یەکسانی و متمانە و بابەتەکانی تر هیچ مانایەکیان نابێت.
کە وتیان هەوڵ دەدەین دەریچەیەکی یاسایی دروست بکەین، بیرت بۆ دوو شت بڕوات (تێکدانی یاسا، دروستکردنی دەرفەتی گەندەڵی)، یاسا بۆ ئەوەیە کە دیوارێک دروست بکرێت لە نێوان کاری باش و کاری خراپدا، یاسای پۆخت و وورد، پێویستی بە دەریچە و تایبەتمەندی (مەتاتی بوون) نییە، چۆنکە هەموو گەندەڵییەکان لە ژێر بیانووی دەریچە و مەتاتی بووندا دەکرێت و کراوە، ئەم دروستکردنی دەریچە وەک ئەمە وایە دەرگا و پەنجەرە لە دیواری دەرەوەی زیندان بدرێت و کەسانی نایاسایی بە حەزی خۆیان لەم دەریچانە بچنە دەرەوە، یاساکان دەبێت بەشێوەیەک بن کە هەموو بەر یاسا کەوتووەک بە دادپەروەرییەوە لێی سوودمەند بێت، یاسا دەبێت وەک هەوا و ئۆکسیجین بۆ هەموو کەسێک بڕوات، چۆنکە ئەگەر هەوا بۆ هەموو کەس نەڕوویشت دیسان ناچار دەبن بە درۆست کردنی دەریچەی یاسایی و ئەم دەریچانەش ڕێژەی گەندەڵی و تاوان زیاد دەکەن، بۆیە ئەگەر یاساکان پۆخت و ورد نەبن دەبێت بەردەوام چاوەڕێی راکردنی تاوانباران و درۆستبوونی گەندەڵکاران بیت، هەبوونی یاسای بەهێز دەبێتە هۆی داخستنی دەریچەکان و درۆست کردنی دیوارێکی پۆخت و بەهێز و ڕێگری کردن لە گەندەڵی.

زۆر جار بیانۆی ئەمە دەهێنرێت کە یاسا نییە و وا بڵاو دەکرێت کە نەبوونی یاسا وا دەکات کە گەندەڵی زۆر ببێت، لێرەدا سەرقاڵکردنی خەڵک بە گەندەڵی و نەهێشتنی گەندەڵی بەبێ هەوڵی چارەسەرکردن تەنیا بۆ سەرقاڵکردنی خەڵکە، ئەگەرچەندین ساڵ خەڵک هەست بە گەندەڵی بکات و سەرجەم چینەکان (دەرووزەکەر و منداڵ و هەرزەکار و مامۆستا و نووسەر و رۆژنامەنووس و فەقیر ودەوڵەمەند و هتد) لە دەزگا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان رەخنە و پێشنیاری خۆیان ئاراستەی حکۆمەت بکەن، بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بەرەو باش بوون بڕوات، کەچی خراپتر بێت باشتر نەبێت، نیشانەی ئەوەیە خەڵک هەر بە نەبوونی یاساوە سەرقال کراوە، بۆ ئەوەی نەزانێت ئیرادە بۆ جێ بە جێ کردن نییە.

یەکێک لەو هێرشە تەم و مژاوییانەی کە بەردەوام لە هزری گشتی کراوە، ئەمە بووە کە خەڵک وا لێکبداتەوە کە یاسا بوونی نییە، لەکاتێکدا یاسای جۆراوجۆری ئاینی و عورفی و سرۆشتی و هتد هەن ، بۆیە لە راستیدا کێشەی سەرەکی جێ بە جێ نەکردنی یاسایە لە لایەن دەسەڵاتی جێ بە جێ کردن.

ئەخلاق دەبێت لە دام و دەزگا فەرمییەکان بە تایبەت راگەیاندندا بە یاسا رێک بخرێت و لادان لە ئەم بابەتە گرنگە نەبێتە هۆی سەرچاوەی دەرهێنانی سەروەت و سامان بۆ دەزگاکان و دروست کردنی کاریگەری نەرێنی بەسەر کەسەکاندا.

هەر شتێک کە بە یاسا رێک نەخرێت و بە بەرنامەیەکی تەواو پلانی بۆ

دانەڕێژرێت ئەوا بە ئاسانی بەرەو گۆڕانکاری دەڕوات و گۆڕانکارییەکانیش ڕێرەوی کۆمەڵگا دەگۆڕن و کۆمەڵگا بەرەو سەرلێ شێواوی دەبەن.

کاتێک کۆمەڵگا بەرەو سەرلێشێواوی ڕوویی ئەوا تاکەکانی ڕێزگرتنیان نابێت بۆ یاساکان، لێرەدا کۆمەڵگا چەند دواکەوتوو بووە هەر بە دواکەوتوویش دەمێنێت و بەرێوە دەچیت.

ئەگەر خەڵک بە دروستی گوێڕایەڵی یاساکان نەبێت فێری هەندێک کولتووری نادروست دەبێت کە ئەویش بە دروست دانانی هەندێک کاری هەڵەیە، هەروەها چەمکی نوێ دێتە ناو کۆمەڵگا وەکو (گەندەڵی ، واستە ،...) کە هەموو خەڵک پێکەوە بەشداری تێدا دەکەن و تەنانەت دڵسوزترین کەسانی کۆمەڵگاش کە خۆیان بە بێ گوناە و پاک دەزانن کارە نادرۆستەکان بە دروست دادەنێن .

جۆتیارەکان پێویستە کاتێک دەنکە گەنم دەچێنن ئاگایان لە گیا بێ کەڵکەکان هەبێت کە لە پەنایان گەشە دەکەن، چونکە ئەمانە رەگ و ریشەی دەنکە گەنمەکان لاواز دەکەن ...رەگ و ریشەیان دەربێنن... هەم حزبەکەن و هەم حکومەتیش دەبێت ئاگایان لە بەرپرسە دز و خائین و گەندەڵەکان هەبێت کە گەشەیان کردووە بێ ئەوەی بچوکترین سوودیان هەبێت، بۆیە دەبێت رەگ و ریشەی ئەم بەرپرسانە دەربێنن.

زۆربەی ئەمانەش لە چینی ئایینیەوە سەر هەڵدەدەن و تەنانەت بەرەو رووی سیاسەتیش دێن و هەڵدەستن بە پێکهێنانی کۆمەڵە و پارتی سیاسی و بە چەکی ئایینەوە ڕووبەڕووی سیاسەت دەبن و بە بەشی خۆیان بەشدار دەبن لە دروستکردنی تاوان و بەرەو ڕووخان بردنی کۆمەڵگا، بۆیە

کۆمەڵگاکان هەر زوو بەرەو رووخانی سیستەم و دەسڵات دەروون و هەر هەمان سیناریۆی گەندەڵی و واستەکاری و هتد... پیادە دەکرێت، بۆیەش دەبێت بە چاوێکی سادە و بێ بایەخ سەیری ئەم کێشانە نەکرێت و هەر لە منداڵییەوە تاکەکان بە رێگەیەکی یاسایی پەروەردە بکرێن و سەروەری یاسا لە دەست دەسەڵات و حزبی سەرکەوتوو نەبێت کە بە کەیفی خۆی یاسا دروست بکات و دەست لە یاسا وەربدات.

دەبێت چینایەتی دروست نەکرێت و یەکسانی لە کۆمەڵگادا پیادە بکرێت ، دەبێت تاکەکان بە پێی ئاست و توانا و حەزی خۆیان لە ناو کۆمەڵگادا بژین و کار بکەن و بارودۆخی هەموار بۆیان برەخسێت بۆ ئەوەی بگەنە هیواکانیان، دەبێت تاکەکان بەرژەوەندی کۆمەڵگایی و میللی خۆیان سەرووی هەموو شتێک دابنێن و هەستی خزمەت کردن بە وڵات و بەرەو پێشبردنی وڵات لە ناخیان دا بچێنرێت، هەتاکو خزمەتی وڵاتەکەیان بکەن و کۆمەڵگا بەرەو پێشکەوتن ببەن، نەک بەردەوام بە دوای رێگە چارەیەک بگەرێن بۆ روخاندنی کۆمەڵگا یان وڵات یان ئەو ژینگەیەی کە تێدا دەژین ئەمەش بە پەروەردەکردنێکی ڕاست و دروستەوە بەدی دێت و بە هەمواربوونی کۆمەڵگایەکی باش کە تاک تێدا بیر لە دزی و گەندەڵی و واستە کاری و ... نەکات[٩].

ئەگەر هەموو تاکەکان یەکسان بن و بتوانن بە پێی توانای خۆیان بگەنە ئارەزوو و هیواکانیان، ئەگەر یاسا عورفی و هەڵەکان نەبنە بەربەست

لەسەر ڕێی تاکەکان، ئەگەر ئیمکانیاتی پێویستی پێشکەوتن و دابین کردنی پێداویستییەکانی تاکەکان لەبارٍ بێت و هزارەها ئەگەری تر، ئەوا تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە کاتی خۆیان بە خەمخواردن و تەمبەڵی و بێ کاریو واستەکاری ناکۆژن و بەڕەو ڕووی خزمەتی ولاتەکەیان دێن و بیر لە شتی خراپ و تاوانەکان ناکەن و هەر تاکێک دەبێتە مامۆستایەکی زیرەک لەناو کۆمەڵگادا، ئینجا ئەم کۆمەڵگایە دەتوانێت هەنگاو بەڕەو پێشکەوتن دابنێت و بیر لە داهاتوویەکی پێشکەوتوو بکات.

# راگەیاندنی ژەهراوی

کەناڵی راگەیاندن دەبێت ببێتە بڵندگۆیەک بۆ خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت، ئەگەر تاکێک غەدری لێکرا یان گەڕەکێک ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاری نەبێت، بێ دەنگ بێت، بۆیە پێویستە کەناڵێک بێت بۆ نەهێشتنی ناعەدالەتی لە دام و دەزگا حزبی و حکومییەکان، ببێتەماڵێک بۆ غەدرلێکراوان و دڵسۆزەکان، کەناڵێک بێت بۆ پێشاندانی کۆژانەکانی خەڵک و هەواڵی خەڵک نەک ریکلام و هەواڵی بەرپرسەکان، کەناڵێک بێت رەخنەی ئاواکەر ئاراستەی حکومەت بکات، کەناڵێک بێت باسی کۆژانەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران و دەرچووە بێکارەکانی زانکۆ و ئایندە نادیارەکەیان و سەرجەم چینەکان بکات، باسی دەستدرێژی بەرپرسە خراپەکان بکات بەسەر زەوی و زاری خەڵک، کەناڵێک بێت بۆ فشار خستنە سەر حکومەت بۆ چاککردنی باری گوزەرانی ژیانی خەڵک، باش کردنی ئاو و کارەبا، دابین کردنی سۆتەمەنی بۆ زستانی خەڵک، چارەسەرکردنی بێکاری و هەژاری، کەناڵێک بێت بۆ دژایەتی کردنی ئەو کەسانەی لەسەر حسێبی خوێنی شەهیدانی میللەت مافیا ئاسا پلە و پۆستەکانی حکومەتیان داگیر کردووە بۆ کەس و کاریان، داتا و شیکردنەوەی راستگۆیانە لەسەر بوودجە و بابەتەکانی تر بداتە خەڵک، کار بۆ گەڕاندنەوەی بەهای پێگەی چینەکانی کۆمەڵگا لە شەهیدەوە تا پزیشک و مامۆستایانی زانکۆ و هتد ...بکات، خزمەتی کێشەکانی خەڵک بکات کۆژانەکانی دڵسۆزان و بریندارانی باس بکات.

کەناڵەکان نابێت گرنگی بەو جۆرە کەسانە بدەن کە لە جیاتی تحلیلات فال بگرنەوە، زۆر سەیر نییە کاتێک سەرجەم شیکەرەوەکان و خەڵکی تێگەیشتوو هەموویان ببن بە فالچی، تەنانەت ئەگەر بخەوین و ڕۆژی دواتر هەستینەوە دەبینین لە فالگرتنیشدا زۆر لە دواوەن، ئایا بە هەبوونی فالچی بەهێز روون دەبوو کە کۆمەڵگا لە کوێ یە و چی بەسەری هاتووە و دەبێت چی بکات؟

لە کۆمەڵگای دواکەوتوو لێکدانەوەی ڕووداوەکان پشت بە پێشبینی دەبەستێت! بەداخەوە هەرچی شرۆڤەکار و تەحلیلکەر و راوێژکارە پشت دەبەستێت بە پێشبینی کردنی داهاتوو، پێویستە لەڕووداوەکان ڕوویە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی ڕووداوەکە باس بکرێت و لایەنی سوودمەند و زەرەرمەند دیاری بکرێت و ئەگەر توانرا نەخشە و پلانێک پێشنیار بکرێت، نەک دابنیشێت پێشبینی داهاتوو بکات، چۆنکە ئەمە کاری جادۆگەرەکانی سەردەمی فیرعەونییەکان و سامۆراییەکان بوو، دڵنیام ئێوە هیچ لە کاری جادۆگەری نازانن، بەڵام سەرم سۆرماوە بۆ لاسایی ئەوان دەکەن، هەروەها نازانم ئاستی تێگەیشتنی خەڵک دەبێت چەند بێت کە بەدوای پێشبینییەکانتان دەکەون؟بۆیە زانیاریتان لەسەر بابەتەکان زۆر بکەن و بە پێی پسپۆڕی بە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆتان هەستن.

شیکردنەوەمان هەیە بە تامی حزب، هەمانە بە تامی ڕق و کینە، هەمانە بە تامی بازرگانی، هەمانە بە تامی بەرژەوەندی، بە کورتی هەموو شی کردنەوەکان کە پڕن لە ڕا و پێشبینی خاوەن تامێکی تایبەتن، کەسێک کە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە تێر نەبێت واتە خاوەن عەقلێکی دانا نەبێت،

ناتوانێت تامەکان لەیەک جیا بکاتەوە یان هەر ئاگای لە تام نییە بە تایبەت مێشک برسی و بەتاڵەکان، چونکە بۆ کەسی برسی تەنیا بوونی خواردنەکە گرنگە نەک تامەکەی، کە تێر بوو ئینجا تێدەگات کە چی خواردووە.
لێرەدایە کە کەسانێکی ناپسپۆڕ دروست دەبن کە هەموو ئیش زانی هیچ نەزانن، بۆیە تاکی ئێمەش خۆی کردووتە جۆکەری لێکدانەوەی هەموو بابەتێک و رووداوێک، لێرەدا پێناسەی فەیلەسوفم بە بیر هاتەوە کە ئێمە بە هەڵە لێی تێگەیشتووین: فەیلەسوف ئەو کەسە نییە کە لە هەموو بوارەکان پسپۆر بیت، بەڵکو ئەو کەسەیە کە دەبێت لە بوارە جیاوازەکان زانیاری هەبێت، بەلام لە بوارێکی تایبەت پسپۆرییەکی تەواوی هەبێت، ئەمە خالی جەوهەری بابەتەکەیە کە ئێمە نیتمان و تەنیا لە بوارە جیاوازەکان زانیاریمان هەیە.
خالێکی تری مەترسیدار ئەمەیە کە کاتێک رەخنەگرەکان لە لایەن دەسەڵاتەوە دەکردرێن و لە دەزگای سێبەر دادەنرێن و ئەمانە لە پێناو شەخس و گیرفانیان کاردەکەن و بولبول ئاسا چییان پێ وتراوە دووبارە دەکەنەوە و هەر کاتێک بچنە کەناڵێکی تر دەبنە بولبلێکی تر، بەڵام رەخنەگرتن لە پێناو خەڵکە نەک شەخس، کارێکە ئاوێنە ئاسا، سەربەخۆیی تێدایە لە بیرکردنەوەو بڕیاردان، کەواتە ئەم جۆرە رەخنەگرانە لە جیاتی ئەوەی ببنە ئەندام لە سەندیکای پارێزەرانی حزب دێن دەبنە ئەندام لە سەندیکای رۆژنامەنووسان!

بۆ خۆ دوورگرتن لەم جۆرە دەزگا و لەم جۆرە کەسایەتییانە و بینینی ڕاستێتی شتەکان وەک خۆی نابێت لە خوارەوە سەیری سەرەوە بکرێت بۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ڕۆڵی تاکەکان و لایەنەکان و حزبەکان، بەڵکو لە سەرەوە سەیری خوارەوە بکرێت بۆ بینینی ڕۆڵیان، ئەوکاتە لە خۆیانەوە لێدوان نادەن و پلنگ ئاسا لایەنگرێتی دەرناخەن، بۆ نموونە: دەبینی ئەو تاک و لایەن و حزبانەی کە ڕەخنەیان لێدەگری زۆر باشتر لە تۆ هەموو ڕەخنە و کەم وکوڕییەکانیان دەزانن و بە ئەنقەست حەز دەکەن زیاتریان بکەن، هەرچەندە ڕێگا چارەسەرییەکەشی دەزانن، بەڵام چارەسەریان ناکەن! ئینجا تۆی زاناو نووسەر و ڕەخنەگر دێی ڕەخنە و کەم و کوڕییەکانی ئەم تاک و لایەن و حزبانە باس دەکەی.

بۆ گەیشتن بەدەسەڵات حزب هەنگاوەکانی ڕەخنەگرتن لەیەکتر پەیڕەو دەکەن لە یاسای ڕکابەرایەتی کردن لەگەڵ یەکتریدا، ئەوها ڕەخنە دەگرن کە خۆیان وەک فریشتەی پاک پێشان بدەن ! کە گوایە هیچ عەیبیان نییە ئەگەر ببنە خاوەنی کورسی ، بەڵام ئاگاداری ئەوە نین کە هێشتان بەر لەوەی بگەنە کورسی ڕەفتار و بیریان پڕە لە عەیب و ڕەخنە و گەورەترین ڕەخنەشیان ئەمەیە کە دەیانەوێ بێنە سەر کورسی دەسەڵات و تێنوی دەسەڵاتن .

هەر کۆمەڵگایەکیش بەرەو کولتووری ڕەخنەگرتن لە چوارچێوەی پرۆپاکەندە و گۆتەگۆتدا ڕوویی لە پێناو بەدەست هێنانی دەسەڵات ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانێت خۆی لە دواکەوتوویی ڕزگار بکات، چونکە دەبنە بەرهەمهێنەری کولتوورێک کە کاتێک کەسانی ڕەخنەگر دێنە سەر دەسەڵات

ئەوا کەسانی تر هەڵدەستن بە ڕەخنە گرتن لێیان و هەرواش کێشەکان قوڵتر دەبن، بەڵام ئەگەر لەم کۆمەڵگایانەدا هەر تاکێک هەلسێت بە رەخنەگرتن لە خۆی و شێوازی بیرکردنەوەی و رەفتارەکانی و هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی بدات دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵگاکە هەنگاو بەرەو سەرکەوتن دادەنێ، هیچ کارێک بە بێ کەم و کورتی نابێت و بەردەوام بە هۆی بەرەو پێش چوونی ژیان ئاستی داخوازییەکان بەرزتر دەبێت و کاتێک ئەم ئاست و داخوازییانەش زۆربوون ئەوا هەر پرۆژە و کارێک ئەنجام بدرێت بە کەم و کورتی دێتە بەر چاو و کەسانی دەسەڵاتخواز ئەم دەرفەتە بە هەلێکی باش دەزانن و بە رێگای ڕەخنە گرتن و دروستکردنی کێشە جیاوازەکان هەوڵ بۆ لە ناوبردنی یەکتر دەدەن .

بۆیە دەبینین چۆن لە بازاڕە هەرزان و تایبەتەکاندا کالاکان هەڕاج دەکرێن بە شێوەیەک کە لەچاو بازارەکانی تر چەند ئەوەندە ئەرزانتر دەفرۆشرێت، هەندێک کەسیش مێشکی خۆیان هەراج دەکەن و رۆژانە پیتەکانی ناو مێشکی خۆیان بێ بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی لایەنێک هەراج دەکەن، بەڵام نازانن کە ئەم مێشکە ئەمانەتی خوایە و موڵکی کەسی نییە کە هەر چییەکی ویست بڵێت و پیتەکانی ناو مێشکی زبل ئاسا فڕێ بداتە ناو گۆڕەپانی ژیان وەک کالایەکی بێ بایەخ.

کاتێک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە تۆڕە حزبییەکان و رۆڵی بارەگایەکی حزبی دەگێرن، سیاسییەکان کە دەچنە کۆبوونەوە یەکەمجار بیریان لە خواردنی گۆشت و برنجە و دواجار سەیرکردنی جل وبەرگی یەکتر و چاوشۆرکردن بەرامبەر گەندەڵییەکانی یەکتر، بەڵام کە هاتنەدەرەوە لە

**کۆبوونەوە خەڵکی ڕەش و رووت (ئەدمینی پەیجەکانیان) ڕادەسپێرن بۆ دژایەتی و جنێودان بە یەکتر! حزبەکان بەسەدان پەیج دروست دەکەن کە بە هزاران ئەدمین کاری تێدا دەکەن بۆ جووڵاندنی هزری خەڵک بەو بیرکردنەوەو ئاراستەیەی کە دەیانەوێت، پرسیار ئەمەیە ئیتر بۆچی کۆبوونەوە دەکەن کە بە پەیج وەڵامی یەکتر دەدەن؟ وا لە خەڵک دەکەن کە خاوەنی بڕیار و ئیرادەی خۆیان نەبن، نەتوانن بچکوولەترین کێشە چارەسەر بکەن! بە کورتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە گۆڕەپانی شەڕی حزب و سیاسییە کۆرتبینەکان، پەیوەندی خەڵک لەگەڵ یەکتر باشە، حزبەکان تێکی دەدەن.**

**بڵاوکردنی (دووڕوویی و درووزنی و دووبەرەک)ی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن ئەندامانی حزبە بەرژەوەندیخوازەکانەوە، فەیسبووک دیوەخانەی سەردەمە، هەرکەس راو پێشنیار و هەواڵ و بابەتێک بڵاودەکات، تاکی ئەم سەردەمە لە دیوەخانە هەست بە شعور و شەرم دەکات، بەڵام لە فەیسبووک نا**

**لە فەیسبۆک درۆ دەکات، دووڕوویی دەکات، دووبەڕەکی بڵاو دەکات و هەر خۆی شەو کە دەخەوێت پێکەنینی بەم کارەی خۆی دێت و گوێدرێژ ئاسا خۆی لە گێلی دەدات، بۆیە تاک پێویستە لە ئاست بەرپرسیارەتی کەسایەتی خۆی بێت و هەر پوستێک و بابەتێک کە بڵاوی دەکات بە شێوەیەک نەبێت کە دواتر شەرمی لێ بکات و حاشای لێ بکات و رەشی بکات، کەس خۆی ناکاتە سوک و ریسوای دێوەخانە، بۆیە تاکیش نابێت خۆی بکاتە سوک و ریسوای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.**

یەکێک لە سەرچاوەکانی گۆتەگۆت هەواڵەکانی دەزگاکانی راگەیاندنە کە بە شێوەیەک خەڵکی بەرەو خۆی راکێشاوە کە لایان ئاسایی یە کە یەک هەواڵ بە چەندین جار دوبارە گویٚ بیستی بن! هەر ئەم هەوالانەش وەک کوڵتوورێکی سەیر لە نێوانیاندا بە خێراییەکی زۆر ئەسورێتەوەو هەر کەسەو بە شێوەیەک کەم و زیادی دەکات و بلاوی دەکات، هەتاکۆ لەگەڵ بیروباوەریدا بگونجێت و دواجار هەواڵەکە بەس خوا دەزانێت کە هەتا چەند ڕاست و هەڵەیە !

بلاوکردنەوەی پرۆپاکندە شوێنی خۆی هەیە زۆر جاران وەک پلانێکی شەڕ بەکار دێت، لە لایەن جەنگاوەران لەشەڕدا وەک چەکێکی بەهێز بەکار دەهێنرێت، بۆ ئەوەی بتوانن دوژمنی خۆیان بترسێنن و هەڵبخەلەتێنن تا بتوانن بە ئاسانی لە ناوی ببەن، کەچی لە کۆمەڵگای دواکەوتوو بۆ لە ناوبردنی خۆیان ئەم چەکە بەکاردەهێنرێت، هەروەک چوون بڵێی خۆیان شمشێر لە خۆیان دەدەن یان وەک دوپشک بە خۆیان ئەدەنەوە، شەڕ هەبێت یان نەبێت ئەوان سوڕن لەسەر بەلاوکردنەوی گۆتەگۆت بیٚ ئەوەی بیر لە مەترسییەکانی بکەنەوە! مەبەستیشیان لەم کارە زیاتر ئەگەڕێتەوە بۆ نەزانینەکەیان و پڕکردنەوەی کاتە بەرفراوانە بەتاڵەکەیان و شکاندنی یەکتر لەبەر هۆی ئیرەیی و خۆ سەپاندنی خۆیان و هەر ئەمەشە کە ئاگری دوبەرەکیٚ و ناکوکی هەڵدەگیرسێنێت و دواجار تاکەکان بەردەوام کاتی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرۆپاکەندانە و وەک ئەمە وایە کە خۆیان ئاگر لە (کا) بەردەن و هەر خۆشیان بیکوژێننەوە، چونکە

کەس بە هاواریان ناهێت ! بەڵام دوای چی؟ ئەو کاتەی کە توشی زەرەربوون.

کولتووری وێنەگرتنیش پلانێکی ترە، لەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە تاک و بەرپرسەکان لە پەیوەندییەکی لاوازی بێ بنەمادا کە پەیوەندی وێنەییە ژیان دەبەنەسەر، گەلانی مردووپەرست و گەلانی وێنە پەرست، بەرپرسەکان بێ ئاگان لەوەی ئەم رسمەی کە خەڵک بە تامەزروویەوە لەگەڵیان دەگرێت تەنیا بۆ پوستێکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ ساتی مردنەکەی، داماوی بەرپرسیش خوا دەزانێت چ هەستێک لە ناخیدا دروست بووە؟ لێرەدایە بە لێشاو وێنە گرتن زۆر دەبێت، نەک بۆ خۆشەویستی و بیرهێنانەوە، بەڵکو بۆ کاتی روودان، چاوەڕێ دەکەن هەتا کو کەسەکە بمرێت و هەر زوو بڕوون وێنەکە پوست بکەن و یەک دوو رستەی عاشقانە بنووسن و بڵاوی بکەن، ئەمە فەلسەفەی وێنەگرتنە، ئەگەرنا زۆرن ئەوانەی وێنەیان لەگەڵ گیراوە و ئێستا ناخۆشن و بێ کەسن و کەس دەستی بۆ گیرفانی ناڕوات بۆ یارمەتیان یان بیرێک لە قاچەکانیان ناکەن بۆ سەردانیان.

راگەیاندن لە کاروباری وڵاتانی دواکەوتوو بە خراپی کاری پێ دەکرێت، بۆ نموونە: لە کاتێک دا کە هەموو خەڵک خەریکی کاری رۆژانەی خۆیانن و ئاگا و زانیاری تەواویان نییە لە سرۆشت و بارودۆخی دەسەڵاتی وڵاتەکەیان ئەوا دەسەڵات بە بەردەوامی پلانی جۆراوجۆر جێ بە جێ دەکات لەپێناو مەبەستی خۆی و وەک ئامێری کونترۆڵی تی ڤی ، هەموویانی بە کەیفی خۆی دەجوڵێنێت.

بۆ نموونه له هەواڵەکان لێکچوونی هەواڵ بێژی کورد و ئەکتەری بالی وود!بێژەرەکانی هەواڵ له تەلەفزیونەکان ئێمەی کورد وەک ئەکتەرەکانی {بالی وود}یان بەسەر هاتووە، جار هەیە وا هەوالەکان دەخوێنن کە گوایە {ئامیتاپ پاچان}ە و دەزگیرانەکەی له دەست دوژمنە و لەگەڵ دەیان کەس بە تەنێ شەر دەکات! جار هەیە وا هەوالەکان دەخوێنن، حەزدەکەی بەس بخەوی له کەنار رووبارێکدا، حزبەکانیش رۆڵی دەرهێنەر و سیناریۆنووسەکان دەگێرن، خەمەکەم لەوەیە خەڵک نازانێت کە سەیری دراما دەکات، نەک گوێبیستی نووچە و هەوال

.**ئەگەر رۆڵی رۆشنبیران له کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا دابەشی سێ قۆناغ بکەین بە کورتی دەتوانین :

بە گشتی بە چەندین قۆناغ رۆشنبیران لە کۆمەڵگادا دەردەکەون، کە ئەگەر قۆناغی یەکەم بە قۆناغی لەبیرکردنی رۆشنبیران دابنێین بە شێوەیەک کە قەیرانی رۆشنبیر دەبێت هەبووە و (شەڕ و ئاژاوە) له دیارترین ئەنجامەکانە و بەردەوام کۆمەڵگا رووبەڕووی دەبێت.

قۆناغی دووەمدا قۆناغێ پەیدابوونی رۆشنبیرانە، بەڵام زۆر بێ دەنگ دەبن!لەوانەیە لەبەر گەرمی گیرفانیان بێت، کە لەم قۆناغەدا (بناغەی گەندەڵی) درۆست دەبێت و رەخنەگرتن بڤەیە.

قۆناغی سێیەم قۆناغی رۆشنبیرانی حزبیە، کە تەنیا کاریان ئەمەیە بە پەڕ و باڵی حزبەکەیان دا بلێن یان بە ئەمری حزبەکەیان رەخنە له کاری باش و خراپی حکۆمەت بگرن، لێرەشدا (رەخنە و پرۆپاکندەی بێ سەروبەر) له ئەنجامە دیارەکانە.

**مرۆڤی (نووسەر و ئـاگا و هۆشیار)[10] دەبێت ژیانی وەک ژیانی خەڵکی چەوساوە بێت، نەک وەک ژیانی بەرپرسەکان لەڤی ئـای پی بێت، بەردەوام دەبێت لە خەمی خەڵک و دەوروبەری بێت، نەک خەریکی چاوچنۆکی و نووسینی ماستاوی و خۆ دەوڵەمەند کردن بێت، دەبێت بەردەوام بیر لە ڕێگە چارە بکات بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خەڵک نەک ئـاڵۆوز و خراپترکردنی، هەموو کات لەبەر کۆژانەکانی خەڵک دڵگران و خەمبار بێت و شەریکی خەمی خەڵک بێت و خۆی بە بەشێک لەم خەڵکە ستەمدیدە و هەژارە بزانێت نەک سەرخۆشی گەعدەی ناو کۆچک و دیوانی بەرپرسەکان، کەسێکی بۆنیادنەر بێت نەک تێکدەر، کەواتە ئـەگەر ڕۆژنامەنووسێکی دەوڵەمەند و بێ خەمتان بینی بزانن گەندەڵ نووسی بەردەرگای حزب و بەرپرسێکە بۆ تێکدانی هزر و ژیانی خەڵک.**

---

[10] - لـە کتێبـی دەوڵـەتـی ئیسرائێل خوێندمـەوە کـە هێرزل ڕۆژنامـەنووسێکـی جولـەکـە بوو، کـاتـی خـۆی نـامیلکـەیـەکـی نووسی لـە ژێر نـاوی دەوڵـەتـی جولـەکـە، بـە ڕستـەیـەک تـەوژمێکـی نوێـی دایـە بزوتنـەوەی زایونـیزم کـە ئـەویش ئـەمـە بوو: (هـەرکـاتێک کـە تۆ ویستت و خوازیار بوی ئـەوا ئێدی خـەون نییـە) ئـەمـەبۆ حزبـە سیاسییـەکـان گرنگـە و دەبێت بزانن دەولـەتـی جولـەکـە بۆ پاراستنـی ئـەو زوڵم و نـەهـامـەتییانـە بوو کـە بـەسـەریان دەهـات، دەبێت لـە ژێر ئـەم دروشمـە پێویست بوون بـە دەوڵـەت بۆ خۆ پاراستن لـە زوڵم و نـەهـامـەتییـەکـان بێت.

رەخنە دەبێت نێزیک بێت لە تایبەتمەندی و خۆیەکی رەفتار و بیرکردنەوەیەکی هەڵە کە بە گشتی خەڵک ئالوودەی بۆبێت و جێ بە جێی بکات، لەهەمان کاتدا دوور بێت لە بابەتی پشتگیری یان دژایەتی (حزبی و ئایینی و هزری دەمارگیرانە)، دوور بێت لە جولاندن و بەرزکردنی هەست و سۆزی خەڵک، دوور بێت لە بێ ئەخلاقی و سۆکایەتی کردن، دوور بێت لە بابەتی ورۆژاندن و پڕوپۆچانە، دوور بێت لە تانە و پیاهەڵدانەوە و تا هتد...

دەبێت رەخنەگرەکان رێز لە نووسین بگرن، چونکە نووسین رێگای سەرەکی و چەکی سەرەکی رەخنە گرەکانە، داهێنانی نووسین بە خالی جیاکەرەوەی هەردوو قوناغی بەربەرییەت و شارستانییەت دادەنرێت، کەواتە دوای دوزینەوەی نووسین قۆناغی بەربەرییەت کۆتایی پێ هاتووە وقۆناغی شارستانییەت دەستی پێکردووە، لەم سەردەمەدا ئەوەی دژایەتی نووسین دەکات بەربەرییە و ناتوانێت لە کۆمەڵگای شارستانیدا خۆی بگونجێنێت، رێزگرتن لە نووسین خۆ جیاکردنەوەیە لە بەربەڕیی بوون و رێزگرتن لە نووسەر ئاماژەیە بوو دەرخستنی کەسایەتی شارستانی، لە کۆمەڵگایەک نووسین تێدا بەهای نەبێت دڵنیا بن بەربەرییەکان و بەربەرییەت بەهای هەیە.

دەسەڵاتداران دەبێت باش بزانن کە ئەهلی قەلەم (نووسەر، رۆژنامەنووس، مامۆستا، هتد) دڵی ناسکە، هەر شتێکی نووسی پێویست ناکات لێی بپێچنەوە، دەسەڵاتی نییە چەکەکەی کاغەزێکە و قەلەمێک، نازکی کاغەزەکەی لە دڵە نازکەکەی دەکات و لەجیاتی رێشتنی

دلۆپی فرمێسک هەوڵ دەدات دڵوپی حبری قەڵەمەکەی بڕژێنێتە سەر کاغەز، شەڕ کردن لەگەڵی هۆنەر نییە، کە ناپلیۆن وتی:(شەڕی سوپایەکی گەورەم پێ دەکرێت، بەڵام شەڕی رۆژنامەنووسێکم پێ ناکرێت)، نیشانەی ئازایەتی و رێز گرتنی بوو لە قەلام، کەواتە دەبێت واز لە ئەهلی قەلەم بێنن و تەنیا کەسانی ترسنۆک و گەندەڵ هەڵدەستن بە دژایەتی کردن و لەناوبردنی ئەهلی قەلەم.زۆربەی جار شەڕی راگەیاندنی حزبەکان لە شەڕی ژن و پیاو دەچێت، بۆیە پێویستە تاکەکان و لایەنگران بتوانن کۆنترۆڵی لایەنی دەروونیان بکەن و بە ئاسانی نەکەونە ناو یاری ئەم هەڵمەتە، چونکە وەک شەڕی ژن و پیاو وایە و حزبەکان جۆرە نازکردنێک لە داواکردنی مافیان وەک شەڕ و دەمەقاڵێ دەستپێدەکەن، بۆنموونە: هەندێک ژن هەن کە تۆڕە دەبن تەنیا شتێک کە دێتە سەر زمانیان بیر هێنانەوەی هەرچی کێم و کاسی پیاوەکەیەتی و هەموو ئەو خراپی و کەمتەرخەمیانەی لەگەڵی کردووە و هەر چی قسەی ناشرین و داد و هاواری بێ بنەما و پێشاندانی لایەنە لاوازەکانی و نزم کردنی ئاستی و بەرزکردنی ئاستی خەڵکی لەبەرامبەریدا، بۆیە پیاو نابێت رێگە بدات ژن بگاتە ئەم قوناغە،حزبی گەورە و حزبی بچوکیش دەبێت ئاگاداری ئەم دۆخەی پەیوەندییەکانیان بن بۆئەوەی تووشی کێشە نەبن و سەری خەڵک نەئێشێنن.

رەخنەگرتن ئەرکێکی مرۆڤایەتییە کە بە پێی پابەند بوون بە ئەتەکییەت و ئەخلاقی تایبەت بۆ هەبوونی کۆمەڵگایەکی تەندروست کارێکی پێویستە، کۆمەڵگا وەکو نەخۆشخانەیەک وایە، گەر کەسانی خاوەن نەخۆشی جیاواز

(دز، گەندەڵ، بکوژ، نەزان، تا هتد... ) بێ چارەسەری بمێنن و بەردەوام بن لە ئەنجامدانی لادان و تاوانەکانیان و لە لایەکی تر پزیشکەکان (پیاوە باشەکان) بێ دەنگ بن و هیچ هەوڵێک نەدەن بۆ چارەسەرکردنی تەندروستی ئەم نەخۆشانە، نەخۆشی نەخۆشەکان پەرە دەسێنێت و هەموو خەڵک تووش دەبن، تا دەگاتە رادەیەک کە خۆدی دکتورەکانیش تووشی نەخۆشی دەبن و ئەو کاتەیە کە نە دکتۆرێک بوونی هەیە و نە نەخۆشێک و کۆمەڵگایەکە پڕاوپڕ لە سەرلێشێواوی و شتێک بەناوی گەندەڵی بوونی نابێت و هەر ئەم نەخۆشانە رۆڵی (گەندەڵ و گەندەڵ گر یان گەندەڵڤان) دەبینن، ئەمەیە ئەنجامی (سەرێک نەئێشێت دەستماڵی بۆ گرێ مەدە)، بەڵام دڵنیابە ئەم سەرە هەر تووشی ئێش دەبێت ئەگەر لەناو قەبرەکەیدا بێت!

بە گشتی لە کۆمەڵگاکانی تازە پێگەیشتوو خەڵک دوو هەستی هەیە بەرامبەر بە هەبوونی رەخنە و مامەڵەکردن لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن کە بەم شێوەیەیە، (یەکەم: لە لایەکەوە حەزی لە ژیانێکی ئارامە، دووەم: لە لایەکی تر حەزی لە رەخنەگرتنە)،کەواتە دەزگاکانی راگەیاندن دەبێت رەچاوی ئەم دوو خالە بکەن، بۆ ئەمەش دەبێت سەرجەم رەخنەکان دوور بن لە دەستێوەردانی حزبی و دژایەتی کەسی، بۆیە ئەگەر ئەم دوو خالە بەر چاو نەگیرێت ئەوا خەڵک هەر بە بێ دەنگی دەمێنن و دەزگاکانیش ناتوانن ئامانجە سەرەکییەکەی رەخنەگرتن کە خزمەتی خەڵکە بەدی بێنن و بەم شێوەیە تەنیا کەسانی گەندەڵ و چاوچنۆک سوودمەند دەبن، لێرەدا پێویستە راوێژکاری تایبەت لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە نێو دەزگا

راگەیاندنەکاندا دابمەزرێن و دەسەڵاتی راوێژیان پێ بدرێت بە تەواوی، بۆ ئەوەی بتوانن بە پلانێکی باش بە پشت بەستن بە توێژینەوەکان، ئانالیزێکی تەواوی هەواڵەکان بە تایبەت هەواڵە رەخنەئامێزەکان ئەنجام بدەن، بەم شێوەیە دەزگاکان دەتوانن بوێری خەوتووی خەڵک بە زانستیانە بەخەبەر بهێننەوە.

هەندێک جار کۆمەڵگا دەگاتە قۆناغێک کە بەرپرسەکان (کەڕ و کوێر) دەبن، لە ژێر سەقفی پارە سەرخۆش و لوت بەرز و زک تێری چاو بە خەو دەبن، رەخنەی ئەکادیمی کاریگەری نامێنێت، وەک لێدانی گولەیە لە ئۆتۆمبێلی گولەنەبڕ، بۆیە رەخنەی توندوتیژ لە دایک دەبێت، لێرەدا تا لە رەخنە جنێو نەدەی! قسەی ناشیرین نەڵێی! توند نەبی! تەشهیر نەکەی! هاوار نەکەی! بەدەم رەخنەوە ناهێن و ئەگەر بێن بەدەم کەسایەتی خۆیانەوە دێن، ئەمە قۆناغێکی مەترسیدارە و بە گشتی سەلمێنەری بارودۆخێکی شلەژاوە کە تێیدا شاردنەوەی راستییەکان بە رێژەیەکی زۆر ئەنجام دەدرێت.

بۆیە لێرەدا هەستیاری دروست دەبێت و بە بنەمای نەبوونی نییەتی باش لە کەسی رەخنەگر بەردەوام رەخنەکان بە لاڕێدا دەبردرێن، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک کە ئەرکێکی گران بکەوێتە سەر ئەستۆی ئەندام و لایەنگرە تایبەتەکانی حزبی دەسەڵاتدار، دەبێت ئەمەش بزانین کە یەکێک لە بنەماکانی ئەندامی سەرکەوتووی ناو حزب رەخنەگرتنە، خەڵک ئەستوونی حزبە و شاردنەوەی سستی ئەستونەکان خیانەتە، ئەندامانی حزبیش گەر هەستیان بە کەم و کورتی کرد دەبێت باس بکەن، چونکە شاردنەوەی خەمی

خەڵک کارەساتە؛ ئەگەر دژایەتیش لە رەخنەگران کرا کێشە لە لایەن حزبەوە نییە لە بەرپرسە بیر کورت و بەرژەوەندیخوازەکانە.

یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکان بۆ هەبوونی تاکێکی ئازاد لە رووی بیرکردنەوەوە، هەبوونی کارێکی ئازادە کە وابەستە نەبێت بە حزب و حکومەت، کۆنترۆڵ کردنی بەدەست هێنانی بژێوی ژیان، وەک دانانی زنجیرێکە لە گەردنی تاکەکان! لە راستیدا ئەگەر زەمینە سازی بۆ هەبوونی تاکێکی ئازاد نەکرێت، تاک ناتوانێت خۆی ئازاد بکات و سەربخۆیانە بیر بکاتەوە و هەرگیز ناتوانێت بیر لەمە بکات کە لە کۆمەڵگایەکی ئازاددا بژیت، ئەم ئازاد نەبوونە وا دەکات باش و خراپ هیچ گرنگ نەبێت بۆی، بۆیە چەند رەخنە بگیرێت لەم جۆرە کۆمەڵگایانە، نە سوودی هەیە و نە بایەخی پێ دەدرێت و نە رەخنەکە جێی مەترسییە..

---

ئەم راستییە بە بەردەوامی هەبووە کە کە چینی رەخنەگرەکان پشتگوێ دەخرێن و گلوپی سوریان بە بەردەوامی لەبەردەم دایە، کەواتە تەنیا میکانیزمێک بۆ بەرەو پێش چوون لە بەرژەوەندی چینی مەدحکەرەکانە و کە بەردەوام گلۆپی سەوز بە پێ کراوی لەبەردەمی خۆیان دەبینن، گلوپی پرتەقالیش بۆ جەماعەتێکی بەرژەوەندیخوازە کە ماسی لە ئاوی شێلی دەگرن، بۆیە دەبێت دەستێکی بەهێز هەبێت کە رێزبەندییەک دروست بکات بە یەکسانی، بۆ ئەوەی ئەم گلوپانە بەپێی کاتێکی دیاریکراو رێگە بە هاتوچۆی لایەنگران بدەن و ئەم یاسایە رەش ببێتەوە کە دەڵێت:(هەندێک بۆی دەمرن و هەندێک پێی دەمرن). لە لایەکی ترەوە دەبێت بۆ چینی رەخنەگربڵێم: کە بەتەمای

ئەمە نەبن کە رەخنە بگرن و وا بە ئـاسانی وازتـان لێ بێنن، نـا، نـاتکوژن، بەڵام ئـەوەندە فشاری دەروونیت بۆ دێنن (دارودەستەی گەندەڵکاران) کە پان ببیەوە و بوار و دەرفەتی بیرکردنەوە بۆت نەمێنێت و ڕۆژانە بمری وزیندوو ببیەوە، بۆیە بەر لەوەی بڕۆیە بواری رەخنەگرتن هەستێک دروست بکە بەگەورەیی شاخ لە شێوەی بەرد و لە کوالێتی پوڵا، بۆ ئـەوەی تیرەکانیان بەرپەرچ بدرێنەوە و بە هەر هێرشێک کپ نەکرێی. کاتێک دەبینی جیاوازی دەکرێت لە لایەن یاساوە بەرامبەر رەخنەگرەکان و کەسی رەخنەگر هەیە بۆ هەر رەخنەیەک بخرێتە بەر دادگا، بەڵام هەندێک رەخنەگری تر هەن بۆ ئـەم هەموو رەخنە زەبەلاحانەی کە دەگرن کەسیان سزا نـادرێت لە دادگا؟

خۆی ئەم رەخنەگرانە سیاسییانە و لە لایەن سیاسییەکانەوە پلانیان بۆ دادەنرێت بۆ کار کردن لەسەر بیروباوەری تـاکەکەنی کۆمەڵگا، بۆیە رەخنەیەک کە پشتگیری لە دروست بوونی خەڵکێکی یەکگرتووی خاوەن کۆمەڵگایەکی بەهێز دەکات، باشترە لەو رەخنەیەی کە پشتگیری لەت بوون دەکات.

رەخنەیەک کە هانی گەنجان بدات بەرگری لە وڵات بکەن باشترە لەو رەخنەیەی هانیان دەدات بۆ جێ هێشتنی وڵات. رەخنەیەک کە هەیبەتی کەسانی دلسوز و گیانفیدای وڵات بەرز بکات، باشترە لەو رەخنەیەی کە لە هەیبەتیان کەم دەکات. رەخنەیەک باس لە گەشبینی و ئارامی بکات، باشترە لەو رەخنەیەی باس لە رەشبینی و نا ئارامی دەکات، بۆیە سیاسییەکان مەترسیدارن و

**رەخنەگرتن لەپێناو بەرژەوەندی ئەواندا ئامانجێکی روونی نابێت و بەردەوام بە پێچەوانی بەرژەوەندی خەڵک بڕیار دەدەن، بۆ نموونە ئەمانە ئەو کاتەی دەبێت شەرم بکەن نایکەن و ئەو کاتەی نابێت شەرم بکەن دەیکەن، هیچ شەرمێک لەم سیاسەتەدا نییە گەر بۆ بەرژەوەندی خەڵکەکەت واز لە بەرژەوەندی خۆت بێنی، شەرمە گەورەکە ئەوەیە کە لە پێناو غرور و خۆبەزل زانین رێگای مەرگ بگریە بەر. پێناسەی سیاسەت بەبینینی من (رابواردنە بە کات)، بۆیە ئەگەر تاک بیەوێت نەبێتە بۆکەڵەیەک بەدەست سیاسییەک و حزبە سیاسییەکانەوە دەبێت ئەمە بزانێت کە رەخنەیەک کە کار بکات بۆ گەرانەوەی پارە دزراوەکان و دەستگیرکردنی بکوژان و گەندەڵکاران و پاراستنی ئەمن و ئارامی و کەرامەتی خەڵک و هتد، باشترە لەو رەخنەیەی کار دەکات بۆ بەرژەوەندی بەدەستهێنانی کورسییەکانی دەکات.**

# بەشی سێیەم
# سیاسەتی ژەهراوی
# بەرپرس سازی ژەهراوی
# کۆمەڵگای ژەهراوی

# سیاسەتی ژەهراوی

کە داری سیاسەت لە مێشکی خەڵکدا بە خراپی ئاو درا، رەگ و ریشەی بۆگەن دەبێت و هیچ بەرهەمێکی نابێت لە بیری خەڵکدا، هەندێک نەتەوە کە فێری سیاسەت دەبن هەموو شتێک لەدەست دەدەن وەک(راستگۆیی، هاوکاری، یەکرێزی، قارەمانێتی، بەخشندەیی، دڵسۆزی، تا هتد...)، چۆنکە وا تێگەیشتوون کە ئەگەر بتوانن فێل لە دەوروبەریان بکەن و هەڵی بخەلەتێنن، زۆتر لە ئەوان دەگەنە ئامانج و لێرەدا دەبنە کەسێکی زیرەک و سیاسییەکی گەورە، وا تێگەیشتوون کە ئەگەر شوێنێک شیاوی ئەوان نەبێت دەتوانن بە چاپلوسی و درۆ و چاوچنۆکی بەدەست بێنن، ئەمانە بۆ ئەوەی ببن بە سیاسی و خۆیان گۆتەنی زیرەک، هەموو رێگەیەکی قیزەوەن و نایاسایی دەگرنە بەر بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانیان، فێر نەبوونە لە جیاتی دژایەتی کردنی یەکتر، کار بۆ راستکردنەوەی کردارەکانی یەکتر بکەن، ئەمانە سیاسەت ناکەن بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگاکەیان و درۆستکردنی ئایندەی رۆناک، داری سیاسەت لە مێشکی ئەمانەدا رەگ و ریشەی بۆگەنی هەیە و نابێت چاوەڕێی بەرهەم بکرێت لێیان.

شارەزا بوونی هاوولاتیان لە سیاسەت شتێکی باشە و کاردەکات بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی باش و ئازادانەی هەبێت بۆ بابەتەکان، بەڵام کاتێک هاوولاتیان خۆیان دەبنە ئەکتەری سیاسی یان رۆڵی سیاسییەکان دەبینن، کۆمەڵگایەک درۆست دەبێت پڕ لە (درۆو، بەرژەوەندی، خیانەت) کە کاریگەری گەورەی هەیە لە درۆست بوونی کێشەی خێزانی و بنەماڵەیی،

هەروەها بەلارێدا بردنی پرۆسەی زانست و پەروەردە، لێرەدا سایەی بێ سەروبەری هەموو شوێنێکی کۆمەڵگا دادەپۆشێت و بابەتە راستەقینەکان دەشارێتەوە و رێگە بە بینینیان نادات، لەم کۆمەڵگایانەدا خەڵک (تێ ناگات)، بەڵکۆ (تێی دەگەیێنن)، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان هاووڵاتی (تێگەیشتوو) و هاووڵاتی (تێگەیێندراو)، بۆیە سیاسی نەبن، بەڵکو تەنیا لە سیاسەت شارەزا بن، تەنانەت ئەوەی زیاتر جیگای داخە ئەمەیە کە منداڵەکانیش ئالوودەی سیاسەت دەبن، باشە منداڵەکان کەمێک لە سیاسەت بزانن، بەڵام باش نییە بە بێ تامی غەرقی سیاسەتیان بکرێن، بۆیە دەبێت واز لە بەسیاسیبوون بهێنرێت.

سەرجەم موزایداتی سیاسی هێزە سیاسییەکان پابەندە بە هەندێک بابەتەوە، واقعی کۆمەڵگا بە گشتی گرنگی بە هەندێک بابەت و سەرچاوە دەدات و پیرۆزیان دەکات و هێزە سیاسییەکان بە خۆ بەخاوەندارکردنی ئەم سەرچاوانە قەبارەی سیاسی گەورە دروست دەکەن، سەرەکیترین جەمسەر، جەمسەری نەتەوایەتییە کە هێزەکان بە خۆ بەخاوەنکردنی سەرجەم خەبات و قوربانیدانی چەکدارەکان هەوڵ دەدەن بابەتەکە قۆرخی دەکەن و ئەوەی خەباتی لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەم هێزانە بۆ ئەم ناونیشانە کردبێت بێ بایەخ دەکەن. بۆیە بەردەوام روحێکی گەرم دەدرێتە لاشەی مردووی (هەستی نەتەوایەتی)، بۆ ئەوەی دیدی خەڵک و حکومەتی بەرامبەر بەیەکتر بگۆڕدرێت، بەم شێوەیە هەموو تاکێک هەستی دەکات کە بەشدارە لە بونیادنان و قوربانیدان، دەیان پلان هەن کە مەکینەی عەقلی هزری خەڵک دروست دەکەن و کاریان لەسەر دەکرێت.

**قۆناغی دووەم:**

**یان پێداویستی ئایین دێتە ناو گۆڕەپان و بەمەش هەندێک هێزی سیاسی خۆیان بە خاوەنی دەزانن و پیاوانی ئایینی پیرۆز دەکەن ئەمەش دیسان تەنیا بەو مەرجەی لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا بێت و بەدەر لە ئەوان بە کەسانی دووروو ناوزەد دەکرێن و لێرەشدا سەرجەم بەها ئاینییەکانیان بۆ خۆیان دەگوازنەوە.**

**یان جەمسەر وهێزێکی تر لە ژێر ناونیشانی هێنانی دادپەروەری و نەهێشتنی گەندەلی، کە بە بەکارهێنانی رۆژنامەنووسان و قەلەمی لایەنگرانیان، خۆیان بە خاوەنی ئەم بابەتە دەزانن.**

**لێرەدا دەردەکەوێت کاتێک کە هیچ هێزێکی سیاسی نەیتوانی خۆی بە خاوەنی هەموو جەمسەرەکانی راکێشانی دەنگی جەماوەر بزانێت ، بۆ ئەوەی کە بتوانێت رێژەی نیوەی یان زیاتری دەنگدانی کۆمەڵگا بۆ خۆی قورخ بکات.**

**هەر جەمسەرێکی تر بۆ پێداویستی واقعی کۆمەڵگا بێتە کایەوە و پێوەر و هێزی راکێشانی جەماوەر بن بۆ بەدەست هێنانی کورسی دەنگدان ، بە دڵنیاییەوە هیچ شتێک لە بارودۆخ ناگۆڕێت و سەرجەم حزبەکان دەنگی پێویستیان بەدەست دێنن، بەلام بە هۆی خاوەنداریتی هەڵەی ئەم بابەتانە لە لایەن هێزە سیاسییەکانەوە ئەستێرەکانی ئەم جەمسەرانە کە (هێزی چەکدار و پیاوانی ئایینی و پیاوانی قەلەم )ن هەیبەتیان تەنیا لە چوارچێوەی حزبە خاوەندارەکەیان دەبێت، بۆیە ئەگەر هێزێک توانی بە شێوەیەکی یەکسان هەموو هێزەکە بگرێتە ئەستووی خۆی و رێز و کەرامەتی**

هەموو چینەکان بپارێزێت و خاوەندارێتی خۆی بە سەرجەم ماسکەکانەوە پێشان بدات بە دڵنیاییەوە دەگاتە ئەو هێزە سیحراوییەی کە ئامانجی سەرجەم لایەن و تەواوی خەڵکە.

لە کۆمەڵگای سیاسی خراپدا ترس باڵا دەستە، هەموو چینە (ئایینییەکان و عەشیرەتەکان و لائیکەکان و...) بۆ پاراستنی خۆیان پێ لەسەر زۆر شتی ڕاست دادەنێن و بەرژەوەندی خۆیان بە ئەنجام دانی لادان و تاوان بەدەست دەهێنن، ئەمانە فێری پێکەوە ژیان نەبووینە، بۆیە باوەریان بە خۆگونجاندن نییە و ئەوەی بەرەو خۆگونجاندن بڕوات بە ناپاک وەسفی دەکەن! بۆ نموونە: بۆ ئەوەی بتوانی خۆت لەم کۆمەڵگایانەدا بگونجێنی پێویست دەکات کە ڕێز لە بیرۆڕاکان بگری و ڕێز لە چینەکان و لە هەمووی گرنگتر ڕێز لە ئادەمیزاد بگری و خزمەتی بکەی، بەڵام ئەگەر هاتوو کەسێکی ئایینی خزمەتی کەسێکی لائیک یان نە ئایینی کرد ئەوا بە گومانلێکراو پێناسەی دەکەن، یان ئەگەر کەسێکی حزبێک یارمەتی و دوستایەتی ئەندامێکی حزبێکی تر کرد ئەوا بە ناپاک پێناسە دەکرێت، بۆیە خۆگونجاندن لەسەر ئەم هزروبیرەی کۆمەڵگا کارێکی ئەستەمە.

فرە حزبی پاوانخوازی دەبێتە گەورەترین کێشە و هۆکاری سەرەکی شاردنەوەی سەرجەم تاوانەکان، هەر تاوانێک لە لایەن هەر تاک و لایەنێک بکرێت، بۆ پەردەپۆش کردنی تەنیا پێویستە بڵێت لە رقی فلان حزب ئەنجامم دا! ئیتر نە یاسا دەرەقەتی دێت نە دەسەڵات، کابرا بەم شێوەیە دەبێتە قارەمان و دەتوانێت تاوانەکەی بە قارەمانێتییەکی گەورە دابنێت و شانازی پێوە بکات، بۆیە لە دید و ویژدانی خەڵک چەمکەکانی تاوان و

خیانەت و دزی و سۆکایەتی و گەندەڵی گرنگی و مانایەکی راستەقینەی نابێت، لێرەدایە کە هەر کەسێک دەست بە کڵاوی خۆی دەگرێت و تەنانەت بۆ سەرئێشانەکەشی دەستماڵ گریَ نادات.

سیاسییەکان بە پارە ڕادەگیرێن و بە پارە هەڵدەخەڵەتێن و بە پارە دەکوژن و بە پارە دەکوژرێن وبە پارە ... چونکە لەم کۆمەڵگایانەدا سیستەمی حوکمڕانی بەردەوام نەبووە کە بۆ هەتا هەتایی مافەکانیان بپارێزێت و لە هەر قۆناغێکی زووتێپەر جۆرە حۆکمرانیەک هاتووە و دژایەتی هەندێ لایەنی کردووە و پشتگیری هەندێ لایەن و دوای لەناوچوونی بابەتەکە پێچەوانە بوتەوە ، سیستەمەکەیان ئەوها نەبووە کە بە گۆڕانکاری حوکمرانەکان ژیانیان بیمە کرا بێت و ئایندەیان ڕوناک کرابێت.

ئەگەر کۆمەڵگاکە کۆمەڵگایەکی سیاسی بێت لە رووی زۆری ئایدۆلۆجیاو زۆری حزب و چینەکانی، ئەم کۆمەڵگایە زیاتر رووبەرووی کێشە و گرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبێت کە ئەم کێشانە لە پێناو بەرژەوەندی حزبایەتی دروست دەبێت .

لەم جۆرە کۆمەڵگایانە هەموو تاوانەکان زیاتر لە دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت و ئاستی جۆری بیرکردنەوە و ئامانجی حزبی دەسەڵاتدار دەبێتە پێوەری ئەندازەگیری تاوانەکان، چونکە ئەگەر حزبی دەسەڵاتدار بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەی دەستی کرد بە ئازاردانی ئەندامانی حزبەکانی تر بە رێگای جیاواز و بەهێز کردنی پێگەی خۆیان، کاتێ حزبەکەی تر دێتە سەر دەسەڵات بۆ تۆڵەسەندنەوە هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی

تاوانەکانی حزبەکەی پێشوتر و بەم شێوەیەش ئەم جۆرە تاوانە دەبێتە چەند بەش و لقەکانی پەرەی دەسێنێ لە نێوان تاکەکان و هەرتاکێک بە پێی تواناکانی خۆی شەڕ لەگەڵ دەسەڵات دەکات و لەم جۆرە کۆمەڵگایانە بە شێوەیەکی گشتی ئەگەری ڕوودانی هەموو جۆرە تاوانێک هەیە.

جیاوازی زۆر هەیە لە جۆری ئەو تاوانانەی کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەنجام دەدرێت لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە دواکەوتوون و بە شیوەی بەکاربەر ژیان بەڕێوە دەبەن و پێداویستییەکانیان دابین دەکەن.

ئەم کۆمەڵگایانە دابەش بوونەتە سەر چەندین بنەماڵە و هۆز یان عەشیرەت کە بەردەوام ڕێگر بوونە لە باڵادەستی دەسەڵات و دادوەری بەسەریاندا و زۆربەی تاوانبارەکانیان پاراستووە بەهێزی ناوچەگەری و بە بیانووی ناوچەگەری، ڕوونترین دیاردەش شاردنەوەی تاوانبارە سەر بە عەشیرەتەکەی خۆیان بووە لە نێو خۆیان ، هەتاکو دەسەڵات نەیدوزێتەوە و سزایان نەدات.

کەواتە زۆر چین تێدا دەژین و زۆر جورە تاوانیش تێدا بەدی دەکرێت و تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە زۆر بە سەختی یەکتر قبوول دەکەن و بەردەوام دژایەتی یەکتر دەکەن، لێرەدا بەدیار دەکەوێت کە بەڕێوەبردنی ئەم جورە کۆمەڵگایانە زۆر سەختە و خۆگونجاندنیش زۆر سەختە، چونکە ئەمانە ئاستی زانیارییان کەمە و ناتوانن ڕووداو و دیاردە نوێ یەکان قبوول بکەن لە گورانکارییەکانی دەسەڵات و دادپەروەریدا.

ئەو کاتانەی کە خەڵک بەرەو هزرە رزیوەکان دەڕوات و بە شێوازە جۆراوجۆرە هەڵەکانی هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کارە خراپەکان و زیاتر کێشەی دواکەوتنەکە بەرەو هەڵقوڵاوی دەبیات.
زۆربەی سیاسییە خراپەکان هەول دەدەن هزری رزیو دروست بکەن، هزرە رزیوەکان لە ئەنجامی نەبوونی رۆشنبیری تەواو دروست بووە و پێک دێت لە چەندەها بیرۆبوچوون کە لە ڕاستی دا جێگە لە زەرەرو زیان هیچ سودێکیان بۆ کۆمەڵگا جیاکان نەبووە، (هزری رزیو وەک مێوەی رزیو وایە) کە جێگە لە دروستکردنی نەخۆشی بۆ تاک هیچ سوودێکی نییە، یەکێک لەم هزرە رزیوانە هزری سیخۆری کردنی یەکترە، زۆربەی جار دەبینین سیخوری کردن وەک پیشەیەک لە نێو تاکەکان سەرهەڵدەدات و ئەم سیخۆرییە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان بە شێواز و پەیڕەوێکی هەڵە ئەنجام دەدرێت، چونکە زیاتر بۆ رووخاندنی یەکتر و لەدژی کەسە باشەکان و بێتاوانەکانیان ئەنجام دەدەن نەک کەسانی تاوانبار و زەرەرمەند لە نێو کۆمەڵگا، ئەمەش یەکێکە لەو کارانەی کە کات پێی بە فیڕو دەدرێت و تواناکانی تاکەکان بە شێوازێکی ناحەزانە خەرج دەکرێت لەجیاتی ئەوەی کە تاکەکان خەریکی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە زانستە جۆراوجۆرەکان بن، خەریک دەبن بە لێکوڵینەوەی کردارەکانی کەس و کار و دراوسێکانیان! ئاخۆ چی دەکات و بۆ کوێ دەروات؟ ئەمەش جۆرێکە لە یاسا نهێنییەکانی مراندنی تاکەکان یان بە بەدیل گرتنیان، دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگا دواکەوتووەکان ئەم جۆرە کەسانە بەکار دێنن، هەتاکو لە لایەکەوە مەترسییەکان و دوژمنەکانی دەسەڵاتە خرابەکەیان لە ناو بەرن و لە

لایەکی تریشەوە هەوڵ بدەن ئەم تاکانە وەک کرێگیراوی خۆیان بەکار بێنن و بە سیخۆری کردنەوە سەرقاڵ بکەن ، بەڵام نازانن کە ئەگەر بە پێچەوانەوە هەوڵ بدەن بارودۆخێکی گشتی دروست بکەن کە تاکەکان خەریکی خوێندنەوەو دیراسەکردنی زانست و پەرەوەردە بن ئەوا زۆر بە ئاسان تر دەتوانن تاکەکان کۆنترۆڵ بکەن، بێ ئەوەی کە هیچ ترسێکیشیان هەبێت ، چونکە ئەو کەسانە کاتێک سیخۆری تاکەکانی بێ تاوانی دەوروبەری خۆیان دەکەن بۆ بڕە پارەیەکی کەم بۆختانیان پێ دەلکێنن کە لە پاشەرۆژدا بە ئاسانی لە دژی دەسەلاتیش ئەم کردارە ئەنجام دەدەن .

* سیخۆری ئەم رەفتارەیە کە هەستی دۆستایەتی و خزمایەتی نێوان تاکەکان لە ناو دەبات و جارێکی تر هزروبیرەکانی کۆمەلگا جیا دەکات و دەستە و گروپی جیاواز پێک دێن و بەم جۆرە هەر دەستە و گروپ و لایەن و پارتێک بە نۆبەی خۆیان دەبنە بەربەست لەسەر رێی پێشکەوتنی کۆمەلگا.

لەو کۆمەلگایانەی کە سیخۆری بەسەر هاووڵاتیانی دەکات کێشەی زۆری تر دروست دەبن کە لەوانە کێشەی تیرۆرە، رۆژە دواییەکانی کۆمەلگا لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە بیرۆکەی تیرۆر و لەناوبردن شوێنی هەموو جۆرە رکابەرایەتیەک دەگرێتەوە لە جیاتی ئەوەی کە بە ململانێی سیاسی و کۆمەلایەتی تاکەکان هەستن بە کۆکردنەوەی جەماوەر و بەدەستهێنانی ئامانجەکان، بە لەناوبردنی ئەندامانی دژە بیر وا دەزانن کە خەریکی لەناو بردنی ڤایروسەکانی دژی حکومەتەکەیانن، بەلام بێ ئاگان لەوەی

که به لەناو بردنی ئەم کەسانە زەنگی دوا هەناسەکانی کۆمەڵگایان بە دەنگ دەهێنن، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەمە جیادەکرێت لە کۆمەڵگای ئاژەڵەکان کە ئاژەڵان بە شەڕکردن و کۆشتن و خواردنی یەکتر هەڵدەستن بە بەدەست هێنانی ئامانجەکانیان و پێداویستییەکانیان کەچی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە هاوکاری کردن و بەکار خستنی هزر و بیریان و ژیانی پێکەوەیی ئامانج و پێداویستییەکانیان بەدەست دەهێنن، کەواتە ئەگەر بەم ڕێگەیەوە نەبێت ئەوا کەسانی نێو ئەم کۆمەڵگایانە بە کەسانی دواکەوتوو هەژمار دەکرێن.

یان ئەوکاتەی بیرتەسکی دروست دەکەن، کاتێک مەودای بیرکردنەوە بەرتەسک بوو ئەوا تووڕەبوون زۆر دەبێت و بە زۆربونی تۆرەبوون ئەگەرەکانی پەیدابوونی شەڕ دروست دەبێت و بە دروست بوونی شەڕ و کارەسات ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکان لە ڕێگادان، بۆیە دەبێت کار بۆ بەرفراوان کردنی مێشکی تاکەکان بکرێت بە دانانی دامەزراوەی پێویست، تاکەکان دەبێت فێری قبوول کردنی پێکەوە ژیان و پیرۆز ڕاگرتنی بیرۆرای جیاواز و بەرژەوەندی گشتی ببن، ئەگەر هەر بە بیرتەسکی تاک پەروەردە ببێت ئەوا زۆر بە سەختی بەرژەوەندی گشتی و ژیانی ڕاستەقینە و پێکەوەیی قبوول دەکات، ئەگەر بیرتەسکی چارەسەر نەکرێت ئاراستەکانی جیاواز و دەستە و کۆمەڵانی جیاواز لە کۆمەڵگا سەرهەڵدەدات و هەر کۆمەڵێک بە کاریگەری (نەرێنی) کار لە سەر بیری تاکەکانی دەکات و هەمووشیان بە نەخوازراوی دەبنە بەربەستەکانی پێشکەوتن .

ئەگەر هاتوو هەموو کێشەکان بە شەڕ چارەسەر بکرێن نەهامەتی و دواکەوتوویی زۆری بە دواوە دێت و ئەو کۆمەڵگایەی تاکەکانی بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندییەکانیان بیر لە بیرۆکەی شەڕ دەکەن کەواتە ئەوان بیر لە داهێنان و زانست ناکەن و ئەمەش ئەو تاوانە گەورەیەیە کە بەرامبەر بە خۆیان و کۆمەڵگا و پاشەرۆژیان ئەنجام دەدەن، ئەگەر ئاورێک لە مێژوو بدەینەوە کە ئەوانەی بە شەڕ هەستاون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان هەتا چەند سەرکەوتوو بوون و ئەوانەی کە وازیان لە شەر هێناوە هەتا چەند سەرکەوتوو بوون؟ دەبینین کە مێژوو زۆر بە باشی و بەڵگە وەڵاممان دەداتەوە ، لەمەشدا با نمونەی وڵاتی (یابان و عێراق) بێنین ، وڵاتی یابان کە دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەشداری لە شەڕە جیاجیاکان کرد لە دوایدا بە ناچاری وازی لەشەڕ هێنا و بەرەو داهێنان هەنگاوی نارد و وڵاتی عێراقیش هەر بە شەڕکردن کێشەکانی چارەسەر کردووەو چارەسەر دەکات، تا ئێستا بارودۆخی گۆنجاوی نەرەخساندووە کە بیر لە شەڕ نەکات و بەرەو پێشکەوتن بروات، ئێستا ئەو هەموو لایەن و جیاوازیانە و نەبوونی داهێنان و پێشکەوتن و ... با لە عێراق بەراورد بکەین لەگەڵ وڵاتی یابان کە وازی لە بیرۆکەی شەڕکردن هێناوە !

یان نموونەیەکی تر : لە نێو خێزانەکان با بەراورد بکەین، لە نێوان ئەو خێزانانەی کە ئەندامەکانیان هاوڕا و بیرتەسک نین و بەردەوام بیر لە خوێندن و زانست دەکەن لەگەڵ ئەندامانی ئەو خێزانانەی کە شلەژاو و بیرتەسک و ناڕەۆشنبیرن و بەردەوام لە ژیانیان دا بەرەو کاری

توندوتیژی و شەڕکردن دەروون ، لێرەدا پێویست بە وەڵام ناکات و دیارە کە کامەیان خێزانێکی سەرکەوتوویە .
کاتێک بیرتەسکی حزبی دروست دەبێت خۆی لە خۆیدا سەرچاوەیەکی بەهێزی تاوان دروست دەبێت، ئەم بیرتەسکییە لە هەموو ڕوویەکەوە دەبێتە هۆکارێک بۆ بەرهەم هاتنی شەڕ و شەڕەکانیش لە هەموو ئاستەکاندا دیارن و مەترسیدارترین شەڕەکانیش لە ڕووی ئاستی ئایینی و ناسیۆنالیستی و حزبایەتی و ... دان ، ئەم شەڕانە درێژخایەنن و بە زەحمەت چارەسەر دەکرێن و هەتاکۆ ڕەۆشەنبیرییەکی دروست لە ناو مێشکی تاکەکان نەچێنرێت ئەوا ناتوانین بیمەی ڕوو نەدانی شەڕ بکەین.
بەڵام سەرکردە بیرتەسک و جۆراوجۆرەکانی ئەم چینانە کە هەر کەسەو بە کەیفی خۆی کار لەسەر پاشەرۆژی هزروبیری تاکەکان دەکات و بەرەو شەڕی هزری و جەستەیی دەبەن، یان حزبەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان تەنیا کار لەسەر ئامانجی دیاری کراوی خۆیان دەکەن و تاکەکان بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی خۆیان بەرێ دەکەن نەک ئامانجی تر و لە بیریان دەچێت کە مەبەست لە حزبایەتی دروستکردنی بازنەی پێکەوە ژیان و پاراستنی بەرژەوەندی تاکەکانە نەک شتێکی تر... هەر ئەوکاتەیە کاتێک حزبێکی تر دێتە سەر کورسی دەسەڵات بە ئامانجێکی تر دێت و کۆمەڵگای بە گشتی ئەلەرزێنێ و سەدا هەشتای شتەکان بە تەواوی گۆرانکاریان بەسەر دێت، هەر بیرتەسکی ئەمانەیە کە کار دەکات بۆ دروستبوونی شەڕ و جیاوازی هزری و لاوازبوونی ژیانی پێکەوەیی، چونکە هەستەکانی تاکەکان لەبەر بیر تەسکیان بەرەو لاوازی دەروات بە

شێوەیەک کە هەموویان چاویان لە پلەو پایەیە و ئامانجی تری هەڵەیە، کە زەرەرو زیان بە کۆمەڵگا دەگەیەنێ.
ئەم کۆمەڵگایانە ناتوانن خۆیان لەم بیرتەسکیە رزگار بکەن و پێویست بە هاوکاری هەمە لایەنەی گشتی هەیە، چونکە ئەمە کێشەیەک نیە کە بە کوشتن و گرتن چارەسەری بۆ دابنرێت، بەڵکۆ ئەمە کێشەیەکە کە لە ناخی کەسەکانەوە چێنراوە و بە شێوازی زانستیانە دەبێت ریشەکێش بکرێت و گرنگترین کاریش دروست کردنی بارودۆخی لەباری یەکسانی و دادپەروەری و هەبوونی ئیمکانیاتی پێویستە کە تاک بە هۆی بە کارهێنانی بتوانێت توانای خۆی بەرز بکات و بە یاسایی و بێ جیاوازی بگاتە پلەو پێگەی پێویستی کۆمەڵایەتی کە شایانێتی، دەبێت هەڵوێست و ئیرادەی پولایین هەبێت بۆ دروست کردنی ئەم بارۆدوخە و دوپاتی دەکەمەوە کە بە چەند کەس و لایەن کێشەکە بەرەو بارۆدوخی ئاسایی و گونجاو ناڕوات .
زۆر فاکتەری نادیار هەیە کە ئاستی برایەتی و خۆشەویستی لە نێو تاکەکان لە ناو دەبات و ئەم بابەتەش یەکێکە لەم فاکتەرانە و بە نەمانی گیانی هاوکاری و خوشەویستی ، ئاڤەدانی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا شتێکی خەیالییە !
*ریگای زۆر هەن کە گەندەڵە سیاسییەکان تێدا بەردەوام دەبن لە سەر دەسەلاتیان و ئەویش سیاسەتی بڵاوکردنەوەی چاوچنۆکییە: بۆ نموونە: کەس لە جەوهەری بابەتی ئیرەیی(حەسودی) تێ نەگەیشت، گەندەڵەکانی ناو دەسەڵات هەوڵ دەدەن ئیرەیی بڵاو بکەن، بۆ ئەمەش تا پێیان بکرێت نادادپەروەری و جیاوازی دەکەن، بۆ نموونە:(کەسانی ئاست نزم بەرز دەکەن

**و گرنگی و هەیبەتیان پێ دەدەن)، بەمەش خەڵکێکی زۆر ئیرەیی بە یەکتردا دەبەن، ئەم ئیرەییە وا دەکات کە گەندەڵاکان بە ئاسانی بگەنە ئامانجیان، چۆنکە بە هۆی چەکی ئیرەییەوە هەر درۆیەک، هەر دەنگۆیەک، هەر پرۆپاکەندەیەک و تانەولۆمەیەک لە ناو کۆمەڵگا بڵاوی بکەن خەڵک زۆر بە ئاسانی وەری دەگرێت و قبولی دەکات، بۆیە لە کاتی ئاشکرا بوونی ویدیۆی ئابڕووچۆنی کەسێک، یان شکستی کەسێک، یان بەگەندەڵ و بە دز کردنی کەسێک بە ناڕاست، بزانە چۆن بە هزاران باش و خراب بە دوایدا دەگەڕێن و پێی خۆشحال دەبن و بە ئاسانی قبولی دەکەن، ئیرەیی چاو کوێر و گوێ لال دەکات و تاکەکان تەنیا چاوەڕێی کەوتنی یەکتر دەبن، هەر کەسێک دەست بە کڵاوی خۆی دەگرێت و خوی پێ راست و دروست دەبێت و تەنیا لە خەمی خۆی دەبێت و هەموو خەڵک چاوەڕێی لەناوچۆنی یەکتر دەبن.**

**کاتێک بەرپرسەکان[11] واستەیان بۆ کەسی نەشیاو کرد کە بڕواتە شوێنی شیاو، مافی هەژار و دڵسۆزەکانیان بە واستە دا بە کەفتار و مفتەخۆرەکان،**

[11] - هاووڵاتیان تەنیا نین، بەڵام بەرپرسەکان تەنیان... بەرپرسەکان دەوروبەریان پڕە لە ماستاوچی و چاوچنۆک و پانکەرەوە، بۆیە متمانە بە کەس ناکەن و تەنیا هاوڕێ لە ژیانیان (تەنیایی)ە، تەنیا شتێکیش کە لێی دەترسن و بە دوژمنی خۆیان دەزانن (تەنیایی)ە، چونکە هاوڕێیان نییە و بەردەوام تەنیان...بەڵام هاووڵاتی هاوڕێ و خۆشەویستی زۆرە، لە رووی

**نەزانیان بە واستە کردە زانا و دەسەڵاتیان پێدا، کولتووری سیخۆری و گەندەڵی و کۆتلەکاری و چەڵاوخۆرییان پیرۆز کرد، ئەمە وا دەکات لە ناو حزبەکان چەند چینێک دروست ببێت، بۆ نموونە:- چینێک خزمەت بکات و هیچی دەست نەکەوێت، چینێک خزمەت نەکات و بەردەوام زک و گیرفان پڕ بێت، چینێک قوربانی بدات و بۆ مافی چاوەڕێی دەستی چینی بەرژەوەندیخواز بێت، لەهەمووی خراپتر (غەدرلێکراو و غەدرکەر) هەر هەموویان نارازین و خۆیان بە مافلێخۆراو دەزانن، ئیتر بەم شێوەیە تێکەڵ و پێکەلی لە (ماف و دادپەروەری) لە نێوان خەڵک سەرهەڵدەدات و بێ بنەمایی سێبەری خۆی لەناو هزر و بیری تاکەکاندا دەچێنێت، دواتر بەرپرسەکان لە پێش چاوی خەڵک دەبنە (سیحرباز)، چۆنکە لە پێش چاوی خەڵک (سەری قازان) هەڵدەگرن سارد و بەتاڵ دەبێت، بەڵام بۆ خۆیان و دارودەستەکەیان هر کاتێک(سەری قازان) هەڵدەگرن گەرم و پڕ دەبێت!!**

**هەموو کات ناهەموارییەکان و نەبوونی رێکخستنێکی تەواو لەبوارەکانی ژیان بویتە هۆکاری بەرهەمهێنانی ئالۆزییەکان، بۆیە بەردەوام دەبێت کەسی لێهاتوو بە پێی توانایی خۆی بێتە سەر کورسی نەک لایەنگر و بەکرێگیراوێک بۆ بەرژەوەندی هەندێ لایەن، چونکە بەم شێوەیە هیچ خزمەتێک بە خەڵک ناکرێت و تەنیا هەندێ کەس دەبنە یاسادانەری کۆمەڵگا، ئەمەش هیچ خزمەتێک بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا نیە ، بەداخەوە**

---

هەستەکانەوە تێرە، زکی برسی کێشە نییە، دەروونی برسی کێشەیە؟

کە ئەگەری سەرەکی رووخانی هەموو حوکمڕانیەکان نەبوونی کەسی شیاوە، چ ل سیستەمە شاهانەییەکان کە دەسەڵات بە میراتگری دەمێنێتەوە، چ لە سیستەمەکانی وڵاتانی دواکەوتوو ئینجا چ بە (سیستەمی ئایینی یان دیموکراسی یان عەشاییری یان ... بێت) کە لە بەهەڵەدابردنی خەڵک کەسی نەشیاو هەڵدەبژێردرێت و کەسە هەلبژێردراوەکەش تەنیا خزمەتی مانەوەی دەسەڵاتی خۆی دەکات و خەریکی پڕکردنی گیرفانی کەس و کار و لایەنگرانییە ، بۆیە ئەگەر سیستەم بە ڕوونی و پاکی و زانستی پیادە نەکرێت ئەوا بێ کەڵک دەبێت و متمانەی لە دەست دەدات و پایەکانی دەڵەرزێ و بەرەو روخان دەروات، بەڵام بە هەبوونی کەسی شیاو کەسانی شیاویش لە دەوری کۆ دەبنەوە و لێرەدا سەرچاوەی ئاو کە کانیەکەیە بە پاکی سەراوژێر دەبێت و هەتاکو دەگاتە خوارەوە بە چاودێری و ڕێگری کردن لە پیس بوون، بە خاوێنی دەڕوات و تەمەنی پاکی کۆمەڵگا هەر بەردەوام دەبێت و هەموو تاکەکان بە پاکی دەژین.

*دەبێ بیرۆکەی بایەخ دان بە پلەوپایە بنەبڕ بکرێت و گەورەی وڵات کاریگەرترین کەسە، چونکە وەکو ئاوی کانی سەرچاوەی هەموو رەفتارەکان لە بیرۆکە و کار و کردەوەی ئەم کەسەوە سەرچاوە دەگرێ بۆ نموونە: کاتێک سەرکردە و بنەماڵە و کەس و کار و دەوروبەری حەزیان لە دەسەڵات بێت و هەوڵ بدەن بە هەر شێوەیەک بێت بگەنە کورسی، ئەوا بچوکترین تاکی کۆمەڵگاش هەوڵ دەدات بۆ گەیشتن بەم ئامانجە و لە دواجار دەبینین کە تینویەتی بۆ دەسەڵات بیرۆکەی گشت تاکەکان داگیر دەکات و لە زۆربەی دام و دەزگاکان ڕکابەرایەتی دروست دەبێت و لە هەموویانیش

مەترسیدارتر ئەوە کە لە دام و دەزگاکانی سەربازی ئەم کێشەیەش دەست پێ دەکات! چونکە بەکارهێنانی چینی سەربازی بە باشترین ڕێگە دەزانن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و ئەمەش خالە بەهێزەکەی سەرهەڵدانی کارەساتە.

کاتێک تاکەکان خەریکی چاوچنۆکی و تەماعی دونیادان، دەبێت ئامۆژگاری بکرێن و بە ڕێگەی زانستی چاوچنوکیەکان و خەسلەتە نەرێنییەکانیان لە ناو ببردرێت ، لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا لەبەر هەبوونی ترسی زۆر لە مانەوەو گوزەرانی ژیان و نەبوونی عەدالەت و یەکسانی ، تاکەکان بە ئاسانی هەلدەخەلەتێن و بەرەو تاوان دەڕوون، لەم کۆمەڵگایانە جورە هەستێکی نامۆ لە دەروونی تاک دروست دەبێت کە بەردەوام تێنوی دەسەلآت بێت یان تێنوی مال و سامان، ئەم تێنویەتیەش تەنیا بە بەدەست هێنانی ئامانجەکەی چارەسەر دەکات ئینجا بە وەرگرتنی پارەیەکی کەم یان هەر شتێکی تر! ئەمەش زیاتر دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی یەکسانی، چونکە کاتێک تاکێک تەماعی بۆ پلەوپایە بردووە کە دەبینێت کەسێکی تر کە ئاستی لە ئەو نزمترە یان لە یەک ئاستدان پلەیەکی بەرز بەدەست هێناوە ، ئەم هەستە دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز، بۆ ئەوەی چاوچنۆک بێت لە بەرامبەر وەرگرتنی پلە و پایە، کەواتە کۆمەڵگا خۆی بەرهەمهێنەرێکی هەستی چاوچنوکی یە لە ناخی تاکەکانیدا ، ئەمەش لە دەسەڵاتە بۆماوەییەکاندا (ویراسی) بە ڕوونی دیارە کاتێک باوک دەمرێ بێ ئەوەی سەیری لێهاتوویی و شارەزایی (کوڕ) بکرێت ئەوا لە جێگای باوکەکە دایدەنێن، بە پێی بەڵگەنامە مێژووییەکان دەبینین کە ئەم جورە کۆمەڵگایانە بەردەوام

پڕن له خه‌ڵکی چاوچنۆک و پڕن له شه‌ڕ و ئاژاوه ، به‌ڵام ئه‌گه‌ر تاکه‌که بیر بکات که ئه‌و پله و پایه‌یه‌ی که ئه‌و ده‌یه‌وێت ته‌نیا به خۆماندووکردن له بواره‌کانی خوێندن و خزمه‌ت و ... به ده‌ست دێت، چاوچنۆکیه‌که‌ی یان تێنوییه‌تیه‌که‌ی بۆ به‌ده‌ست هێنانی ئامانجه‌که‌ی ده‌شکێت و نامێنێت، شکاندنی تێنویه‌تی تاکه‌کان پابه‌نده به ده‌سه‌ڵاتی دادپه‌روه‌ری دوور له واسته کاری و گه‌نده‌ڵی ، کاتێک قه‌ناعه‌ت بۆ تاکه‌کان دروست ده‌بێت که به پێگه‌ی خۆیان رازی بن و به پێی توانایی و ئاستی لێهاتوویی خۆیان پێگه‌یان به‌ده‌ست هێنابێت ، هه‌ر بۆیه ئه‌م جۆره ره‌فتارانه به شێوه‌یه‌کی ئۆتۆماتیکی ده‌چێندرێن و شته باشه‌کانی کۆمه‌ڵگا له ناو ده‌به‌ن و ئه‌مه‌ش هه‌روه‌ک ئه‌م (سه‌وزه زه‌ره‌رمه‌ندانه‌یه که له کاتی گه‌شه‌ی دانه‌وێله‌کان ده‌بنه به‌ربه‌ست).

یه‌کێک له فاکته‌ره سه‌ره‌کیه‌کانی دروستکردنی چاوچنۆکی و که‌سانی به‌رژه‌وه‌ندیخواز خودی ده‌سه‌ڵاته، چونکه ده‌سه‌ڵات ئه‌گه‌ر چاودێری ته‌واوی له‌سه‌ر کۆمه‌ڵگا نه‌بێت هه‌ندێ که‌سی (نه‌شیاو) له شوێنی (شیاو) داده‌مه‌زرێن که به زه‌ره‌ری کۆمه‌ڵگا ته‌واو ده‌بن ، بۆ نموونه : ئایا ده‌بێت که‌سێکی بێ بڕوانامه له به‌شی ژمێریاری دام و ده‌زگایه‌ک کار بکات و که‌سێکی خاوه‌ن بڕوانامه‌ی ژمێریاری خه‌ریکی پاسه‌وانی بێت؟ که‌واته لێره‌دا ئه‌و که‌سه‌ی که بێ بڕوانامه‌یه و له به‌شی ژمێریاری کار ده‌کات بۆ مانه‌وه له‌سه‌ر کاره‌که‌ی خۆی هه‌موو رێگه‌یه‌ک ده‌گرێته به‌ر ئینجا چ به سیخۆری کردن و پانکردنه‌وه بێت یان هه‌ر کارێکی تر... ئایا ده‌بێت که‌سێکی بێ بڕوانامه بکرێته مامۆستا و که‌سێکی خاوه‌ن بڕوانامه‌ش له

کۆڵان هاتووچۆ بکات؟ هەندێ کەس دەڵێن مادام کەسی بێ بڕوانامە حەزی لە مامۆستاییە با ڕێگەی لێ مەگرن ! بەڵام ئەم ڕستەیە تەنیا لە وڵاتانی دواکەوتوو بەکار دەهێنرێت هەتاکۆ نادادپەروەری بشاردرێتەوە، چونکە ئەگەر کەسی بێ بڕوانامە ئەوەندە حەزی لە مامۆستاییە بوچی هەڵنەدەستا بە تەواو کردنی قۆناغەکانی خوێندن ؟! لە لایەکی تریشەوە دەبێتە ڕێگر لە باش پەروەردەکرن و فێرکردنی قوتابیان، چونکە لە ئاستی پێویستدا نیە ، کەواتە شایانی ئەمە نیە کاری مامۆستایی بکات و ئاستی تاکەکان بەرەو دواوە ببات، ئەگەر لە وڵاتانی پێشکەوتوو خەڵک بە حەزی خۆی کار دەکات پێویستی بە بەڵگەنامە و بڕوانامەی کارە ویستراوەکەی هەیە.

هەر شتێک سەرچاوەی هەیە و چاوچنۆکیش بە بێ سەرچاوە نی یە، بەڵام چۆنیەتی دروستبوونی ئەم سەرچاوەیە گرنگە و لە پاشان چۆنیەتی لە ناوبردنی سەرچاوەکانی، پێویستی بە خوێندنەوە و پێداچوونەوەی زۆر هەیە سەرچاوەکانیش زۆرن و هەر سەرچاوەیەکیش بە نۆبەی خوی کاریگەری زۆری هەیە ، بۆ نمونە : ترس لە ژیان و پاشەرۆژی ژیان بە تایبەتی لە ڕووی ماددییەوە وا لە تاک دەکات کە چاوچنۆک بێت، چونکە هەر حەز دەکات مال و سامان و پێداویستییەکانی ژیانی کۆ بکاتەوە لەبەر نادیار بوونی پاشەرۆژەکەی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی وڵات لە دابین کردنی کەشێکی ئارام و بەردەوام بۆ تاکەکان هەتاکۆ ئەم دیاردەیە لاواز بکات، یان نەهێشتنی چینایەتی و کەم کردنی مەودای چینایەتی لە نێو چینەکانی کۆمەڵگا بۆ ئەوەی ئیرەیی بە یەکتر نەبەن و ئەمەش بەردەوام ئەو کارەیە کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ساڵانە پلانی بۆ

دادەنرێ و وڵاتە دواکەوتووەکانیش لێی بێ ئاگان ! هەر ئەمانەش دەبنە ماددەیەکی نەبینراو بە ناوی دژایەتی و ڕکابەرایەتی نەرێنی و بڵاوکردنەوەی دژایەتی لە نێو تاکەکان ، چەند ئاستی ئەم جۆرە ڕەفتارە نەشازانە زۆر بن هەر ئەوەندەش دژایەتی کردن لەگەڵ یەکتری زۆر دەبێت و هەر زوو دەکەونە ژێر کاریگەری کردارە بچوکەکان کە دروستکەری ڕووداوی گەورەن ، ئەگەر بە باشی بیر لەم کۆمەڵگایانە بکەین دەبینین کە بە هەموو شێوەیەک دژایەتی یەکتر دەکەن و تا لە توانایاندایە ڕێگەکانی دژایەتی کردن دەدۆزنەوە بە شێوەیەک کە لەگەڵ تواناکانیان بگونجێت، ئەگەر هێزیان هەبوو بە هێرش کردنە سەر یەکتر و ئەگەر هێزیان لە یەکتر زیاتر نەبوو بە ڕێگەکانی تری وەک گۆتەگۆت و درو کردن و بۆختان و ... هەر هەموو ئەم کارانەش بۆ شکاندنی یەکتر و ... ە .

هەر ئەم دژایەتی کردنە خەڵک بێزار دەکات، بێ ئەوەی کە بیر لە پێشخستنی ئاستی زانیاریان بکەن بەردەوام هزرێکی شەڕاوی لە نێو مێشکیان دروست دەکەن و ئەم کۆمەڵگایانە تاکەکانی یان چەکی گەرمیان پێیە یان چەکەی سارد، بۆ پاراستنی گیانی خۆیان بیر لە هەڵگرتنی چەکێک دەکەن و بەردەوام شەڕ و ئاژاوە دروست دەکەن و پاشان دابەش دەبن بەسەر چەند بنەمالەیەک و عەشیرەت و حزب و... ئەمانەش بێزاری دروست دەکات و دوای ماوەیەک دەبینین کە تاکەکانی کۆمەڵگا لەبەر ئەوەی کات و توانایان بەم ڕەفتار و کردارانە بە هەدەر داوە نە خزمەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگایان کردووە و نە خزمەتی پێشکەوتنی خۆیان لە هەموو ڕوویەکەوە، چونکە بە کاریگەری کەمترین قسە بەرەو تاوان دەڕوون

به گۆتەگۆت کەسایەتی یەکتر لە ناو دەبەن بێ ئەوەی توانای بەرەنگاریان هەبێت بەرامبەر بەم شەپۆلەی (کات بە فێرودان ، بکوژە هزرییەکان) .
ئەوەی لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا بەدی دەکرێ ئەم رەفتارانەن کە رۆژ بە روژ پەرەی دەسێنن و بەرەو پێش دەچن و هەموو بیر و هزر و توانای تاکەکانی لە چاوچنوکی و تێنویەتی بۆ دەسەڵات و بێزاری و ... مراندووە و کزی کردووە و ئەمەش گەورەترین تاوانە کە خەڵکی کۆمەڵگا و تاکەکانی بەرامبەر خۆیان و پاشەرۆژیان ئەنجام دەدەن، ئەگەر لە جیاتی ئەم کردار و رەفتارانە خەریکی بەرهەمهێنان و داهێنان بن سیمای کۆمەڵگا و شارستانەتییەکەیان چەند جوانتر و پێشکەوتوتر لێ دێت و ئاستی بژێوی و بیری ژیانی درێژ خایەن و ئایندەیەکی گەش چەند بە خێرایی سنووری بیرکردنەویان داگیر دەکات ، هەر ئەم هۆکارە سادە و لە هەمان کاتدا روخێنەرانەن کە کاریان کردووە سەر دواکەوتوویی کۆمەڵگا و دەسەڵات کە بە تەنیا لە سوودی کەسانی دەسەڵاتدارە کە دەیانەوێ خەڵک بەم کردار و ڕەفتارانە سەرقاڵ بکەن، بۆ ئەوەی گۆمان بە نەزانین و نەشارەزایی ئەوان نەبەن و هەموو کات وا هەست بکەن کە دەسەڵاتدارەکان کەســـــانی پیرۆزن و دەبێت بە پیرۆزی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

# بەرپرس سازی ژەهراوی

**یەکێک لەو فاکتەرانەی کە پێویستە کۆمەڵگا رەچاوی بکات چۆنیەتی دروستکردنی بەرپرسە، بەرپرسەکان بە رێگەی جیاواز دێنە سەر کورسی کە یەکێک لەم رێگایانە هەڵبژاردنە، بۆیەرەچاوکردنی چوار خال (دەستپاکی، بیروباوەر، شارەزایی، دلسۆزی) کە وەک چوار پایەی ئەو کۆرسیەن کە دەتەوێت نوێنەرەکەت لەسەری دابنیشێت.[١٢]**

**بۆیە بۆ ئەوەی ویژدانتان ئاسوودە بێت، کاتێک دەنگ دەدەنە ئەو کەسەی دەیەوێت بچێتە سەر کورسی، لەسەر بنەمای (حزبایەتی و خزمایەتی و ناوچەگەری و هەست و سۆز و دیاری و خواردن) دەنگ مەدەن، تەنیا رەچاوی ئەم چوار خالە بکەن کە وەک چوار پایەی کورسییەکەیە، ئەگەر یەکێک لەم**

---

[١٢] - دەستپاك: کەسێك بێت کە دژی گەندەڵی بێت و نەبێتە چاوشۆڕی گەندەڵییەکانی حزبەکەی.
بیروباوەر: کەسێکی مەبدەئی و خاوەن بیروباوەر بێت و رێز لە بەها پیرۆزە نەتەوەیی و ئاینییەکانی خەڵکەکەی بگرێت و بە وەرگرتنی (پارەو کورسی) خۆی و خەڵك لەبیر نەکات.
شارەزایی: دەبێت رێك بۆ ئەو شوێنە شارەزایی و ئەزموونی هەبێت، بۆ ئەوەی ئیتر یاسای ناتەواو بۆ خەڵك دەرنەکرێت کە خەڵك پەنا بۆ رێگای نایاسایی ببات.
دڵسۆزی: دەبێت کەسێك بێت ئامادە بێت لە پێناو خەڵکەکەی خۆی فیدا بکات و بۆ هەموو خەبات و بەرخۆدانەك ئامادەبێت.

خالانەی تێدا نەبوو دەنگی پێ مەدەن، تەنانەت ئەگەر کەسێکت نەدوزییەوە، دەنگ بە کاندیدی حزبێکی تر بدە، بەم شێوەیە شەرمەزاری ویژدانتان نابن.
ئەگەر بە وریاییەوە مامەڵە نەکرێت لە زۆربەی کۆمەڵگا حزبییەکاندا نەخۆشییەک دروست دەبێت کە من ناوی لێ دەنێم برسیکورسی(bîrsikorsi)، ئەمە نەخۆشییەکی کۆشندەیە، لە ئەنفلوانزای باڵندە مەترسیدارترە، بەڵام ئەمەیان یەکەمجار کەسایەتیت دەکوژێت، بە هۆی ئەم نەخۆشییە زوو زوو هەوا دەتگرێت، بە ئاسانی پف دەدڕێی، ئارام ئارام حیز دەبی، دز دەبی، ئیرادە و غیرەتت مارکەکەی لەدەست دەدات، گومان لە دەوروبەرت دەکەی، ترس و دڵەراوکێ و هەستە دەروونییە خراپەکان زوو زوو کاریگەرییان دەبێت لەسەرت، نەخۆشییەکە لە پێناویدا درۆو و خیانەت دەکەی، فێری زۆر قسەکردن دەبیت، حەزت لە وێنەگرتن و مەدح کردنتە، یەکسانی و هاوسەنگی و دادپەروەری و دەستپاکی تەنیا وەک چەمک دێتە بەرچاوت، بەردەوام هەست بە کەمی دەکەیت، بە ئاسانی بڕیارەکانت دەگۆڕی، هەرکەسێک نەخۆشییەکەی گرت، هەندێک نەخۆشی تر لە خۆی کۆ دەکاتەوە و ژیانی دەوروبەری نەخۆش دەکات، بۆیە هەرگیز تێنو و برسی پلە و پایە و کورسی نەبن.
یەکێک لەو شوێنانەی کە تێدا حزبەکان هەوڵ دەدەن بەرپرسەکانی ئاییندەیان دروست بکەن پەرلەمانە، بەڵام حزبەکان دەبێت بزانن، پەرلەمان شوێنێک نییە خەڵک بنێری فێری کاری پەرلەمانی ببێت، ئیشی حزب دروستکردنی پەرلەمانتار نییە، پەرلەمان خول نییە بۆ فێربوون!!!

لێرە (خول) بە مانای کاتێکی دیاریکراو دێت، بۆیە پەرلەمان شوێنی پەرلەمان ناسە، کەواتە شیاو بۆ شوێنی شیاو، کەچی حزبەکان ئەم شیاوانە بۆ شوێنێک کە پێچەوانەی توانابیان بێت دادەنێن، کەواتە کێشە دانانی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو نییە، کێشە دانانی کەسی شیاوە بۆ شوێنی نەشیاوی، با نموونەیەکی تر بێنم: کابرا ٥٠ ساڵ خزمەتی هەیە، کەچی لە جیاتی خانەنشین کردنی بە واستە دەیکەنە شەهید! لێرەدا هەم ناوبانگی کابرا تێک دەدەن، هەم ناوبانگی شەهید، هەم خزمەتی ئەم پێشمەرگە قارەمانە بەم عەقلییەتە دەخەنە ژێر پرسیار.

بەداخەوە زۆرجا دەبینین لە کۆمەڵگادا لەبەر گەندەڵی و نەبوونی حزبی باش ئارام کەسانی ژەهراوی و چینی رادیکاڵ درۆست دەبن و کاتێک دەنگ دەدەن هەوڵ دەدەن خراپترین کەس هەڵبژێرن.

چینی رەش کۆمەڵێک دەنگدەرن، رەشبین و بە گۆمان و رادیکال و تارادەیەک نارۆشنبیرن، لە هەموو کۆمەڵگایەکدا بوونیان هەیە کە زۆر جار بە نێزیکەی (٢٠٪) دەنگدەران پێک دەهێنن، هەموو کۆمەڵگایەک دەنگدەری (جێگیری) هەیە کە ئەمەش پێک دێت لە (لایەنگر و ئەندام و مووچەخۆر و پلەدار و بازرگان و کەسانی خاوەن بەرژەوەندی تایبەت)، ئەم رەشبینانە هەوڵ دەدەن تا رادەی توانابیان دەنگ بدەن بە لایەنێک کە بە پلەی یەکەم دژی حکۆمەت و سەرجەم دەستکەوتەکان بێت و کار بکات بۆ درۆستکردنی ئاژاوە و تێکدان، ئەم دەنگدەرانە بە هەستێکی پڕ لە رق و کینە و دۆژمنکارانە دێنە سەر سندوقەکان و دەنگ دەدەن، بەهۆی چینی رەشەوە هەموو کات ئەنجامی هەڵبژاردن پێشبینییەکەی تارادەیەکی زۆر قورس

**دەبێت ئەم دەنگدەرانە ئەگەر بەشدار بن، ئەوەندە بەکێشەن کە گرنگ نیە بڕیار بدەن داهاتووی خۆیانیش رەش بێت!!**

**پێویستە لە شوێنی دروست کردنی تاکەکەسی (ئاغا)، وا لە هاووڵاتی بکرێت کە هەست بە ئاغایەتی بکات و شکۆی تایبەتیان هەبێت لەسەر خاک و نیشتمانەکەیان، نەک هەموویان لە دەوری تەنیا ئاغایەک کۆ ببنەوە و شکۆ و هەیبەتی پێ بدەن... پێویستە لە جیاتی دروست کردنی تاکی(بەرپرس)، هەموو تاکەکانی ئێمە وا پەروەردە بکرێن کە فێری بەرپرسیارەتی ببن و بەرپرس بن لە شوێن و ژینگە و ئەو ئەرکەی کە ئەنجامی دەدەن و نەبنە سەکۆیەک بۆ سەرکەوتنی بەرپرسەکان... لە جیاتی دروستکردنی (مەلا)، پێویستە تاکەکان فێری دینداریيەکی خاوێن بکرێن کە پەیوەندییەکانیان تەنیا لەگەڵ خوا بێت نەک (لەرێی مەڵا و بۆ مەڵا و لە پێناو مەلا) بێت ...**

**تێگەشتنی (بەرپرس و مەلا و ئاغا) پێویستە لە پلەو پۆست و پێگەوە بگۆڕدرێن بۆ تایبەتمەندێتی رەفتار و کرداری تاک بە تاکی هاووڵاتیان، دەبێت واز لە (بەرپرس سازی و ئاغا سازی و مەلا سازی) هەڕەمەکی و بێ سەروبەر بهێندرێت و تاک بە تاکی ئەم وڵاتە بکرێنە (بەرپرس و مەلا و ئاغا)، ئەمەش لە رووی رەفتار و تایبەتمەندێتی بۆ هەموو تاکەکانەوە نەک لە رووی پێگە و پۆست بۆ تاکەکەسێک! ئەو قۆناغەی کە پێویست بۆ خەڵک بکرێتە (مەلا و ئاغا و بەرپرس)لە رووی پێگە و پۆستەوە کۆتایی هاتووە و دەبێت سەرجەم هاووڵاتیان بکرێنە (مەلا و ئاغا و بەرپرس )، لێرەدایە کە قۆناغی درۆست کردنی هاووڵاتی سەرکردە دەست پێدەکات.**

گۆرانکاریی و کۆپی پێست نموونویەکی سادەی بەرپرس سازی بێ بنەمایە و یەکێکە لەو هەولانەی ئەوانەی تامەزرووی کورسین، لەبەر ئەوەی پلان و بەرنامەی چاکسازییان پی نییە هەوڵ دەدەن بەم ڕێگایەوە بەدەست بێنن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە تەنیا ئامانج گەیشتن بە دەسەلات و قورخکردنی بوارەکانی حوکمڕانییە.

بە گۆڕین و گۆڕانکاری هەڕەمەکی نە کەسی باش دێت و نە شتی باش دەکرێت، بۆیە دەبێت ڕێکارە سەرەکییەکان بگۆڕدرێن و کارا بکرێن ئەمانە کارا بکرێن و بگۆڕدرێن هەمان ماستە و هەمان نان، دەبێت عەقلیەتی ناوچەگەری و حزبایەتی بگۆڕدرێت و عەقلییەتی چاکسازی و بەپیشەسازی بوون کارا بکرێت، بۆ ئەمەش شۆڕشی پیشەسازی پێویستە، کە پیشەسازیت نەبوو نازانی نەتەوە و بەرهەمەکەی چەند بە نرخە؟ دەستت هەر بەردەوام بۆ گیرفانی ئەوان درێژە، بۆ بڕیارێکی بچوکیش پێویستت بە مۆڵەتە، کە پیشەسازیت نەبوو من، تۆ، ئەو، درۆ دەکەین هەر کوێلەین و بە کوێلەش دەمێنین ئیتر کوێلەی لۆکالی بێت یان نێودەوڵەتی.

ماوەی چوار ساڵ زۆرە بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، مادام پلانیان نییە و لە رادەبەر بەلێنی گەورە دەدەن بە خەلک و شایەنی کورسییەکە نین، بۆیە پێویستە ماوەی خولێکی هەلبژاردن یان وەرگرتنی پوستێکی بەڕێوەبەرایەتی بکرێتە چوار مانگ یان تەنیا سالێک، چونکە هەموو پلانەکەی کە تەنیا پێشوازی کردنە دەتوانێت لەم ماوەیەدا جێ بە جێ بکات و دواتر بە پلەی جارانی بگەڕێتەوە کاری جارانی، عەیبی تێدا نییە چوار مانگ وەزیر بە و دواتر ببە بە (پێشمەرگە، مامۆستا، جوتیار، فەرمانبەر، تا هتد...)ئینجا

**لەسەری خۆت بدە و بڵێ خۆزگە ئەوکاتە گوێم لە موعاناتی ئەم خەڵکە دەگرت و هەوڵی چارەسەرکردنم دەدا!**

***کەسایەتی بەرپرسەکان لە حزبی ڕەسەن و ناڕەسەن دا، ئەندامانی حزبە دەسەڵاتدارەکان، بۆ ئەوەی ڕەسەنێتی خۆیان بپارێزن، بە حوکمی هەبوونی دەسەڵاتی حۆکمڕانی بەدەستیانەوە، پێویستە خۆیان لە هەندێک تاقیکردنەوە بپارێزن، بۆ نموونە زۆربەی جار ئەم ئەندامانە ڕووبەڕووی چوار تاقیکردنەوە (دزی و نەزانی و حیزی و درووزنی)دەبنەوە، کە ئەگەر خۆیان نەپارێزن دەبنە خاوەنی خەسلەتەکانی ئەم چوار بوارە، ئەم چوار خەسلەتە بەسە، بۆ ئەوەی بزانی ئەم حزبە ڕەسەنە و بە ڕەسەنێتی ماوەتەوە یان نا؟ دەبێت حزبە ڕەسەنەکان بزانن کە شکۆی ئەوان، بە هۆی ئەم ناڕەسەنانەوە لەکەدار دەبێت، هەربۆیەش نەیارانی حزبە ڕەسەنەکان بەردەوام ڕەخنەگرتنیان لەم چوارچێوەیەدایە، ئەم خەسلەتانە وا دەکەن ڕەسەنەکانیش کەسایەتی خۆیان لەدەست بدەن و لە پارتی ڕەسەن بۆ پارتی ناڕەسەن بگۆڕدرێن ، بۆیە ئەو ئەندامانەی خۆیان بە خاوێنی هێشتووتەوە نابێت پشتگیری ناڕەسەنەکان بکەن، بۆ ئەوەی نەتوانن بە ڕێژەیەکی زۆر دەسەڵاتیان لەناو جۆمگەکانی بەهێز بکەن.**[١٣]

---

[١٣] - دزەکان=کەسانێکن مۆلک و سامانی گشتی و زەوی خەڵک بە ناعەدالەتی دەدزن و وەردەگرن.
درووزنەکان= کەسانێک یان ئەو سیاسییانەی بۆ گەیشتن بە پلە و کورسی درووو دەکەن.
حیزەکان= کەسانی ماستاوچی وچاوچنۆک کە وەک وایرۆس

**پێویستە حزباەکان بەرپرسەکان لە کۆمەڵگا لەسەر چوارینەی (راستگۆیی، دادپەروەری، دەستپاکی، دڵسوزی) دابمەزرێن، بۆ ئەوەی چوارینەی (بەرخۆدان، گیانفیدایی، میهرەبانی، برایەتی) لە دایک ببێت، بەڵام ئەگەر چوارینەی حزبەکان لەسەر (پارەو زەوی و دامەزراندن و پلە) بێت، ئەم چوار بنەمایە دەبێتە هۆی لەدایک بوونی چوارینەی (چاوچنۆکی، گەندەڵی، دروزنی، خیانەت) و بەردەوام چوارینەکانی تر لە دایک دەبن، هەر حزبێک بتوانێت چوارینە حەقیقیەکە لە بیری خەڵکدا بچێنێت، دەتوانێت بێ ئەوەی بەلێشاو خەڵک دابمەزرێنێ و بێ هیچ مووچەو بودجەیەک و بێ هیچ دابەشکردنی زەوی و ماڵێک بناغەی هزر و بیری حزبەکەی بە پاکی و بەهێزی دابنێت و ببێتە مایەی شانازی کردن لە لایەن لایەنگرانی حزبەکەی و خەڵکی وڵاتەکەی.**

**حزبی رەسەن نابێت لەسەر شانی حزبێکی تر خۆی پێ بگەیەنێت، ئەگەر لەهەر شوێنێک حزبەکان بۆ دروست بوونیان سوودیان لە درزی حزبێکی تر بردوو و درزەکەیان گەورە کردوو و مشک ئاسا هێلانەیەکیان بۆ خۆیان بۆنیاد نا، ئەوا ئەو شوێنە بەرەو وێرانی دەڕوات، ئەم جۆرە حزبانە هیچ سوودێکیان نییە و حزبی ئاواکەر نین و تەنیا بارگرانین بۆ سەر خەڵک، چونکە حزبی داهێنەر و سوودمەند بە بیرۆکەی تازە و بۆ خزمەتێکی تازە**

---

کەوتوونەتە گیانی هزری خەڵک.

نەزانەکان= ئەوانەی پاڵپشتی هەر سێ چینی سەرەوە دەکەن و ئامادەن ئازاری خەڵک بدەن و تەنانەت پیاو بکۆژن.

دادەمەزرێت نەک مشک ئاسا بە سوود وەرگرتن لە درزەکان! حزبێک سوود لە درزەکان وەرگرێت ئامانجی زەرەر گەیاندنە بە سامان و داهاتی خەڵک، بۆیە پێویستە خەڵک تەنیا متمانە بەو حزبانە بکات کە کار بۆ چاکسازی دەکەن و قۆناغی حزب حزبانێ پێویستە کۆتایی پێ بهێنرێت، هەر وڵاتێک پڕ بوو لە حزبی بێ سوود وەک شارێک وایە کە کەوتبێتە بەر تاعونی مشک.

هەموو کات خۆڕاگری بیرۆکە و پێوەرێکی باش بووە بۆ بە ڕەسەنێتی مانەوەی تاکەکان، هەر کارێک ئاراستەیەکی هەیە بۆ گەیشتن بەمەبەست و کۆمەڵگاکانیش ئاراستەی خۆیان هەیە بۆ گەیشتن بە مەبەست، بەڵام کۆمەڵگا دواکەوتووەکان بەردەوام ئاراستەکانیان دەگۆڕن، بێ ئەوەی کە هیچ مەبەستێکی دیاری کراویان هەبێت بەرێ دەکەون و هەر بە دەوری خۆیان ئەسوڕێنەوە و ناتوانن ڕێی دروست هەڵبژێرن، لێرەدا بە تەنیا یەک ئامانجیان دەمێنیت کە ئەویش مانەوەیە بە هەر شێوەیەک بێت، بێ ئەوەی کە پلان و سیاسەتی باش بۆ مانەوە هەبێت!

ئەگەر کار بۆ مانەوە بکەن، بێ ئەوەی ڕێگای مانەوە بزانن، ئەوا سەر لە خۆیان دەشێوێنن و لە خۆیان تێکدەدەن، کاتێک لەم کۆمەڵگایانەدا شتێکی خوراگر نەبێت، دروستکردنی کۆمەڵگایەکی شارستانی ئەستەمە ، بۆ نموونە : ئەگەر لە ڕووی کۆلتوورییەوە لە رووی زمان و جلّ و بەرگ و هتدەوە... خوراگر نەبن و بەرەو پێش نەچن، ئەوا کۆمەڵگایەکی خۆراگرمان نابێت و بە بێ هیچ بیانویەکی تەواو گۆڕانکاری بەسەردا دێت و تاکەکان بۆ مانەوەی خۆیان هەموو ڕێگەیەک دەگرنەبەر، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ

**نەبوونی سیاستەی دروستکردنی پایە و ستوونی کۆمەڵگا بۆ دابین کردنی ژیانی خەڵک و دروست کردنی دڵنیایی بۆ خەڵک و کارکردن بۆ بەرژەوەندییەکانی خەڵک.**

**خەڵکیش لە ترسی نەمانی هەموو ئەم هۆکارانە بەردەوام لە چوارچێوەی خۆڕاگری لادەدەن و لە ترسان بە بێ ئاگایی ستون و پایەکانی کۆمەڵگا بە کارە ناتەواوەکانیان بێ هێز دەکەن، ئەمەش بەردەوام کۆمەڵگا لە ئاستی شلەژان یان هەر بەدواکەوتویی دێڵێت و ڕێگە لە هەبوونی ڕێرەوەکانی پێشکەوتن دەگرێت، بۆیە خۆڕاگریلە بیروباوەر و نەهێشتنی ژەهراوی بوونی هزر و ژیری بابەتێکی گرنگە کە دەبێت بکرێتە پەیڕەو و یاسایەک کە بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵگا بپارێزرێت .**

***بەرپرسە حزبیەکان دابەشی چەند چینێک دەبن، چینێک هەیە حزب بە مانگا تێدەگەن، بەردەوام شیرەکەی دەدۆشن، ئەمانە رەخنە ناگرن و وەک مانگا حزبەکەیان بەڕەڵای دەشت و شاخ دەکەن و بۆیان گرنک نیە چی بەسەری دێت؟ هەرکە شتێکی بەسەر هات زوو سەری دەبڕن، حەز دەکەن قەبارەی حزب بە ریکلام گەورە بێت، بۆ ئەوەی زیاتر لێی بدۆشن! چینێکی تر هەیە حزب بە (دوکانێکی هەراج) کراو تێدەگەن و بۆ کەمترین خزمەت زۆرترین مافیان دەوێت و بەردەوام هەوڵ دەدەن لە هەموو شتێک سوودمەند بن، ئەمانە ئیشیان بە هیچ نییە و بە بێ دەنگی لەگەڵ هەموو لایەک دەخۆن.**

**چینێکی تر هەیە حزب بە قوتابخانەیەک بۆ خزمەت و خەبات تێدەگەن،**

ئەمانە خەبات دەکەن و قوربانی دەدەن و زۆر بەدەگمەن بەرهەمی خەباتەکەیان دەخۆن، هەموو شتێک قبول ناکەن و رەخنە دەگرن، چونکە دەیانەوێت لە رووی رۆحییەوە حزبەکەیان گەورە بێت.
چینیش هەیە بە ئەندازەی خزمەت و خەباتەکەی دەخوات، بە کورتی حەرامی ناخون.
بۆیە حزبییەکان چەند جۆرێکن، یان دەتوانم بڵێم حزبایەتی چەند جۆرە تێگەیشتنی هەیە و بەپێی تێگەیشتنی هەر چینێک، رێگایەکی تایبەت هەیە، لێرەدا تێدەگەی کە چۆن بە ئاسانی هەڵسەنگاندنێکی سەرەتایی بۆ حزبییەکانی دەوروبەرت بکەی.
یان بەرپرسە حزبیە بازاڕییەکان، زۆرکەس لە ژێر بیانوی (حزبایەتی)، سیاسەتی بازاڕی وەک (کوتلەکاری، جنێودان، قۆرخکاری، سەرپێچی، گەندەڵی، نەقل، تەجمید، دەگە، تەهدید، ئیهمال و ...) بەکار دێنن، کەواتە حزبایەتی دەکەن بۆ ئەوەی لەسەر کورسی بمێننەوە، نەک بۆ خزمەتکردنی رێباز و بیروباوەری حزبەکەیەن.
بۆ نموونە کوتلەکاری، ئاخر کوتلەی سیاسیمان هەیە کە ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام کوتلەی ئیداری!! و کوتلەی سەربازی!! هیچ مانایەکی نییە کە سەرچاوەی مووچە و داهات و ئامانجی کاریان یەک بیت، ئەمانە وایان کردووە چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی ببێتە خەون و خەیاڵ بۆ هاووڵاتیان.
لەسایەی سەری حزبییە بازاڕییەکان مۆدێلی دز و گەندەڵی شەریفیش دروست دەبێت، دز و گەندەڵێک کە کەشف نەبن، دز و گەندەڵێک کە ناو و بانگێکی

شەریفی هەبێت و وەک مارمێلکە کاری خۆی بکات.
خۆی ئەسلی حزبایەتی بریتییە لە پێشاندانی (ئەخلاقێکی جوان، راستگۆیی، هاوکاری، دەستپاکی، دڵسۆزی و ...)، چونکە بە هۆی ئەم سیفەتانە حزب دەنگدەری زۆر دەبێت و رێبازی گەورە دەبێت.
زۆر جار داوا لەم بەرپرسەحزبییانە دەکرێت کە باشترین کاندید بنێرن بۆ پوستەکان، تا ئێرە شارستانییە، بەڵام حزبەکان نازانن ئەو هەزاران دەنگەی کە دەهێنن هێی خەڵکە و ئەوانیش سەر بە حزبن، نەک ئەو (چەند بەرێزەی) لەناو بارەگا حزبییەکانن!! بۆیە تەنیا لەو (چەند بەرێزە)ی کە زۆرترین چای لەبارەگای حزبی خواردبێتەوە و کێ باشتر لە هەمووان تەزبیحی سۆڕاندبێتەوە وەک عەبقەرییەک پێشکەش دەکەن، بۆ ئەوەش کە زۆر بێ تام نەبێت یەک دوو کەسی ئەم لاو ئەولاش وەک خوێ تێکەڵ دەکەن! بۆیە دەست پێکردنی حکومەتی بەهێز ئارام لە (دەست لەرزین و شت لەبیرچوونەوە) دەست پێ دەکات تا ئیفلیج دەبێت، دوای ساڵێک و دوو ساڵ سەرجەم بوارەکان بە تەڕ و وشک دەکەوێتە بەر رەخنەی فیتەر و میوە فرۆش و هەموو بەرێزەکانی تر.
هەرچەندە لە پلە و پوست دا دوو شت هەیە:-
١ -ئەگەر پوستێکی وەرگرت ژیانی خۆش دەبێت، خەڵکیش یان دەڵێن (شایانی بووە) یان دەڵێن (بووی رەخساوە)، بەڵام دەبێت زۆر ئاگاداری خۆی بێت، رۆژانە دەبێت لە ئابرووی خۆی بترسێت، بەردەوام ناچارە قەناعەت بە دەوروبەری بکات کە دز و گەندەڵ نییە! رۆژانە بەکەمی جنێوێکی بووی دێت و دوعایەکی خراپیشی لێ دەکرێت! کە لەسەر کورسیەکەش نەما، ئیتر

تا له ژیان ماوه دەبێت له هەموو مەجلیسێک هەوڵ بدات حسێبی بوو بکرێت!
٢ -بەڵام ئەگەر پوستی وەرنەگرت، یان دەڵێن (موستەحەق نەبووە) یان دەڵێن (غەدری لێکراوە)، ئیتر هیچ سەرئێشەیەکی تری نییە... بۆیە ئەگەر پله و پوستت وەرنەگرتییە بڵێ خوایە هزار جار سوپاس کە منت خۆش دەوێت.
بەڵام خۆی پێویستە بەر لەوەی ببنە وەزیر وەک نەخۆشێک لە نەخۆشخانە حکۆمییەکان داخلی کەن کە دەیان دەرمانی لەسەر تاقی بکەنەوە و دواتر بینێرن فەحسەکانی له نەخۆشخانەی ئەهلی بکات!
وەک هاووڵاتییەک سێ مانگی هاوین پەمپێکی ئاوی له دەست بێت و تا بەیانی خەفەریاتی ئاو بگرێت!
وەک هاووڵاتییەک سێ ئەمپێر کارەبای بدەنێ کەهەر له ڕێی بەرزکردنی سرکێتی کارەبا بێت و دواتر بگەڕێت بەدوای وەستای سەلاجە و تەلەویزیۆن!
وەک هاووڵاتییەک هەوڵی (نوێ کردنەوە یان دەرهێنان)ی مامەڵەیەکی پڕ له رووتینی پێ بدەن !
وەک دەرچوویەکی زانکۆ و پەیمانگا بە موفلسی بچێتە سەر جادە و هەوڵی دۆزینەوەی کارێک بدات بەبێ واستە !
وەک هەژارێک بۆ وەرگرتنی بەرمیلێک نەوت لەبەیانی تا ئێوارە له نورە راوەستن و پلان دابنێن بۆ چۆنیەتی بردنەوەی !
وەک سەربازێک دوو حەفتە بنێرنە دەوام و تەنیا شەش رۆژ لەماڵ بێت !
وەک شۆفێرێک بەنزینی نۆرماڵی خراپی بکەنە ئۆتۆمبێلەکەی کە چەندین رۆژ له سەناعە بکەوێت !

وەک هاووڵاتییەک بکەنە فەرمانبەر لەژێر دەستی نەزان و گەندەڵێک!
وەک هاووڵاتییەک چاوەڕێی ئیمزای بەڕێوەبەرێک بن بە چەندین سەعات!
وەک هاووڵاتییەک بڕوون ئەرزاق وەربگرن و ناچار بکرێن کە هەر هیچ نەبێت برنجەکەی بخۆن!
وەک دایک و باوکێکی ئاسایی منالّەکەی بنێرنە قوتابخانەی حکومی!
ئەمانە سادەترین کارە بۆ ئەوەی بزانن چۆن خزمەتگۆزاری باش بکەن و روتین نەهێلن، ئەگەر نا هەتا چوار سالّی تر لەسەر کورسی و لەبەردەم سپلێت و لە مابەینی حەفتا و دوو ماستاوچی و دۆغەواچی، ئاگایان لەهیچ نابێت و هیچیان پێ باش ناکرێت و هەر قسەی گەورەیان پێ دەکرێت.
بەپرسەکان پێویتە کوێلەی حزب نەبن، کوێلەی بیروباوەری حزب بن، حزبەکان خاوەنی بیروباوەری جوانن کە هەر بیروباوەرێک بە نۆبەی خۆی خزمەتێکی باش بە کۆمەڵگای کوردی دەکات، بەڵام کردارەکانی حزبەکان زۆر نێزیک نین لە بیروباوەریان، کردار و گوفتاریان ئەرد و ئاسمان جیاوازە، بۆیە لە سەردەمی کوێلایەتی مودێرندا، کوێلەی بیروباوەری کوردایەتی و خەبات و دینداری و خزمەت و راستگۆیی و پێشکەوتن بە.

سیستەمی خراپ وا دەکات کە کەس ئینتمایەکی باشی نەبێت بۆ کۆمەڵگا و خەلکەکەی و بە بیانۆی جیاواز خیانەت و فێڵبازی سەرهەڵدەدات بۆ نموونە:

کاتێک بەرپرس یان حزبێک لە لایەن (دۆژمن)ەوە زیاتر گرنگی و بەها و دەسەڵاتی پێدرا، کەچی ئەو گرنگی و بەها و دەسەڵاتەی لە لایەن بەرپرس و حزبەکانی ترەوە نەبوو، دڵنیا بن ئەوانیش زیاتر گرنگی بە بەهاو ئامانجەکانی (دۆژمن) دەدات، هەتاکۆ حزبەکانی تر!!! لێرەدایە کە پرۆسەی ئەڤینداری نێوان (دوست و دۆژمن) دەست پێدەکات کە لە راستیدا لە (خیانەت) زیاتر هیچی تر نییە و ئەنجامەکەشی تەڵاق دانی دۆست و شۆکردنە بە (دۆژمن)، ئەمەش هۆکاری سەرەکی خیانەتی مێژووییە، بەهۆی گرنگی نەدان بە یەکتر بەداخەوە لە باشترین و خراپترین دۆخدا دوو حزب نابینیت کە بەراستی دۆستی یەکتر بن و لێرەدا وەڵامی هەموو پرسیارەکانی مێژوومان دەست دەکەوێت کە بۆچی خیانەت و چاوشۆڕی قەت تەواو نابێت، بۆیە حزبەکان تا بتوانن زیاتر لە دۆژمن گرنگی بە یەکتر بدەن، چۆنکە ئەگەر وا نەکەن بە زەرەر و زیانی هاووڵاتیان تەواو دەبێت و هیچ شوێنێکیان بۆ مێژووی راستەقینە نابێت.

لەم سیستەمە خراپانەدا سیاسییەکان سیاسین، خەڵک بەچی سەرسامە، سیاسەت بۆ ئەو شتە دەکەن، ئەوان ئەکتەری (سیناریۆی بیرکردنەوەی) خەڵکن، نابێت ئەم سەرسوڕمانەی خەڵک بکرێتە (چیرۆکی خۆشەویستی)! چۆنکە وەک ئەوە وایە کە خەڵک چاوحیزی (سەروەت و سامان و دەسەڵات) بێت و سیاسییەکانیش رۆڵی

عاشقی راستەقینە بگێڕن و کورسی دەسەڵاتیش مەعشوقەکەیان بێت، ئیتر بە کەمێک ناز و عیشوەی (دەسەڵات و سامان) خەڵک خۆی بکاتە خاک و

خولی بن پێی سیاسییەکان.

بۆ نموونە: کاتێک تاکەکان بە بینینی (ئۆتۆمبێل و کۆشک و تەلارەکان) دەم کراوە و چاوهەڵپەڕیو و چاوگەش و دڵگەش لێ دێن، سیاسییەکانیش سیاسەت دەکەن بەهەر رێگایەک وەک (درو، مۆزایدە، خیانەت، دزی و تا هتد...) بۆ گەیشتن بەو شتانەی کە خەڵک پێی سەرسامە، بیرکردنەوەی خەڵک ، پاڵنەرە بۆ ئەم ئامانجە، بەڵام ئەگەر خەڵک بە بینینی ئەم شتانە روو وەرگێڕن و چاوکراوە و قیزەونانە تەماشای گەندەڵی و بۆگەنییەکان بکەن و نەفرینی ئەم هەڵسوکەوتانە بکەن، باوەر بکەن سیاسییەکان بە پایسکیل دێن و دەچن..

حزب و سیاسەتی دروستکردنی نارەزایی، حکومەت دەبێت لایەنگرانی هەموو ئایینێک، هەموو حزبێک، هەموو ناوچە و هەموو چینێک چ هەژار و دەوڵەمەند، چ تاوانبار و بێ تاوان، بە رۆڵەی خۆی بزانێت و گەر جیاوازی کرد لە بەرامبەریان، لە زر باوکێکی نارۆشنبیری بێ ئامانج هیچ مانایەکی تری نییە.

هەر حکومەتێک تووشی نەخۆشی دەبێت ئەمە شتێکی ئاساییە، بەڵام هەندێک نەخۆشی هەن کە پێویستیان بە فەحسی خوێن و تیشک و هتد هەیە، چونکە دەبێت دڵنیا بن لە جۆرەکەی، بۆ نموونە: ئەگەر کەسێک تووشی نەخۆشی شێرپەنجە یان بربڕەی پشت و هتد بوو لەم کاتەدا گەر بۆ دەست نیشانکردنی سەردانی هیچ تاقیگەیەکی نەکرد و هەنگاوی بۆ

چارەسەری نەبرد لات سەیر نەبێت کە دەم نا دەم هەر لە خۆیەوە بڕیارێک بدات و بەردەوام ماندوو و بێ تاقەت بێت و گەر خەڵکیش ویستی هەلی بستێنێت ڕێگری بکات بە بیانووی جیاواز، لات سەیر نەبێت بۆ بەرگری کردن لە نەخۆشییەکەی هەرٍ پارە کۆ بکاتەوە و بشارێتەوە و تاقەتی هەوال و نووچە و باس کردنی موعاناتی خەڵکی نەبێت و بەردەوام شێستی مانگ بێت، لات سەیر نەبێت جار بە جار خۆی بلەرزێنێ و وا پیێشان بدات کە سەرمایەتی کەچی هەموو هەیکەلی لە قەیران دا بێت، هەر ئەم لەرزینە وا دەکات حەزی خوێندنی نەمێنێت و رقی لێ بێت، ئیتر ئەم حکومەتە هەر عەیبێکی هەبێت لەبەر پاڵنەری نەخۆشییەکەیە بۆیە حکومەت ئەگەر نازانێت نەخۆشییەکەی چییە هەر زوو بۆ دەست نیشانکردنی سەردانی تاقیگەیەک بکات، دەتوانی نەخۆشی بشارێیەوە، بەڵام ناتوانی پاساوی دەرئەنجامی کاردانەوە ڕەفتارییەکانی نەخۆشییەکە بدەی.

# کۆمەڵگای ژەهراوی

**کە منداڵ لە دایک بوو دایک شیری دەداتێ، کە نەخۆش کەوت هەر دایک بە هەواری دەچێت، کە گەورەش بوو هەر دایک بەخێوی دەکات، ئـاخ بۆ ئەو رۆژەی ئـەم دایکە گرنگی بە پەروەدەی نەدات، بەڕەڵای بکات و فێری لادان و تـاوانی بکات، ئینجا بێنە پێش چاوی خۆت چ جۆرە منداڵێک درۆست دەبێت؟ راستە، دەبێتە بەردەست و شاگردی تـاوانباران، بۆیە قەت چاوەڕێ مەبە ئـەم منداڵە ببێتە بـاوک، چۆنکە منداڵەکە دەبێتە تـاوانبار و دز و بەرەلا !**

**مەبەستم حکۆمەتی ساوایە، کە لە زکی میللەت لە دایک دەبێت، هەر میللەت گەورەی دەکات و خزمەتی دەکات، بەڵام ئـاخ بۆ ئـەو رۆژەی میللەت بەڕەلای بکات و بە باشی پەروەردەی نەکات، ئیتر حکۆمەت نەخۆش دەکەوێت، تووشی قەیران و گەندەڵی دەبێت و بێ چارەسەر دەمێنێت، دەکەوێتە بن دەستی گەندەڵکاران، دواجار یان دەمرێت یان دەبێتە دز و بەڕەلا، بۆیە میللەت دەبێت لە ڕۆڵی خۆی تێ بگات. تـاوانباری سەرەکی خراپ بوونی حکۆمەت و گەندەڵ بوونی خەڵک و میللەتە.**

نابێت کۆمەڵگای لاستیکی دروست بکرێت، مەبەست ئەو کۆمەڵگایەیە کە بیرکردنەوەی لاستیکی لای هەموو کەسێک و لە هەموو بوارێکدا هەبێت، نەک کۆمەڵگای بەرهەمهێنانی لاستیک و خاوەن کارگەی لاستیک، بۆ نموونە -:ئایین لاستیکی بێت و بە دڵی ئەم و ئەو شل بکرێت و تۆند بکرێت !حزبایەتی لاستیکی بێت و خزمەتی کەسەکان بە دڵی ئەم و ئەو رابکێشرێت و گەورە و بچووک بکرێت!

بازرگانەکان بەسوود وەرگرتن لە بیرکردنەوەی لاستیکی هەرچی زبلی دۆنیایە دەکەنە کالا و دەفرۆشنە خەڵک، مەعیدە و مێشکی خەڵک دەکەنە لاستیک و بە دڵی خۆیان پڕی دەکەن!

دواتر ئەم پیاوە سیاسی و ئاینی و بازرگانانە بە یادی مناڵی هەرچی بەهای جوانە وەک لاستیک رایدەکێشن و بەری دەم و چاوی خەڵک دەدەن و شەڕ لە نێوانیان دروست دەکەن و لە دوورەوە پێیان پێ دەکەنن، ئەمانە هەرچی دەق و مادده و بەندی یاسایی و ئاینی هەیە لاستیکیانە لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان رایدەکێشن.

کاتێک بێ ئاگایی تاک لە بەرامبەر کات لە ئاستێکی باڵا دابێت، لە راستیدا تێپەڕبوونی کات بە خێرایی بۆ ئەو میللەتانەیە کە رێز لە کات ناگرن و تەنیا چاوەڕوانی پیشەیانە، پرسیار ئەمەیە، ئەی میللەتی چاوەڕوان چۆن دەبێت تۆ بیرەوەرییەکان و چالاکییەکان و کردارەکانی یەک ساڵت بە چەند خولەکێک بێنیە بەرچاوی خۆت؟ ئەمە مانای ئەوەیە کە زۆر

چەقبەستووی! گلەیی لە کات مەکەن، کات ئەرکی خۆی جێ بە جێ دەکات و بێ راوەستان هەنگاو دەنێت، تاک هەنگاوەکانی لەسەر ستۆپی ژیانە و بەتەمای ئەوەیە کە کاتیش وەک ئەو پێی لەسەر ستۆپ بێت؟ بۆیە، لە جیاتی هەوڵدان چاوەڕێ یە بزانێت کەی چ روودەدات؟ کەی ساڵی نوێ دێت؟ کەی رۆژی لەدایک بوونت دێت؟ کەی ؟ بەڵام کات ناهێت هەردەڕوات. بە گەشتی دەتوانین بڵێین: لێکدانەوەو هۆشیاری تێگەیشتن لە بابەتەکان کاری هەموو گەلێک نییە، گەلێک کە بیر ناکاتەوە و تەنیا خەریکی گوێ گرتن لە پرۆپاکندەکان بێت، هەرگیز ناتوانێت گەندەڵ لە دەستپاک و گەندەڵی لە دەستپاکی جیابکاتەوە.

وڵاتە دواکەوتووەکان لە ڕووی رۆشەنبیرییەوە زۆر دواکەوتوون و ئەم دواکەوتووییەش هەڵقولاوی بارودۆخی ژیانی تاکەکانی وڵاتەکەیە، چونکە لەم وڵاتانەدا کە زیاتر بازنەی ئابووریان بە دەوری بەرهەمی نەوت ئەسورێتەوە و هەموو پێداویستییەکانی وڵات و هەموو خەرجییەکان بە فروشتنی نەوت بە دەست دەکەوێت ، بەڵام ئەوەی جێگەی گرنگی پێدانە کە لەم وڵاتانەدا ئاستی زانیاری بەرهەمهێنانی ئامێری تەکنەلوجی یان بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆیی زۆر لاوازە و خەڵکەکە بە تەمبەلی ژیان دەبەنە سەر و تەنانەت لە دام و دەزگا و سیستەمی حوکمرانییەکەشدا خەڵک بە تەمبەلی کار دەکات، ئەمەش لە بەر زۆری دام و دەزگای بێ سود

و زۆری ئەو ئەندامانەی کە تێیدا کاردەکەن و زۆری کەلتووری تەمبەڵخوازی.

جێی ئاماژەیە ئەم تاکەکەسانە لەبەر نەبوونی کاری تر و نەبوونی پیشەی جۆراوجۆر و یان هەر لەبەر نەبوونی پیشە توشی بێزاری دەبن و بەرەو تەمبەڵی دەروون، حکومەتیش بۆ شاردنەوەی ئەم دیاردەیە دام و دەزگای بێ سود دادەمەزرێنێت و فەرمانبەری تەمبەڵی بێ سود دادەمەزرێنێت و تواناکانی تاکەکەسەکان بە تەمبەڵی دەکوژێت ، بۆیە تەمبەڵی ئەگەر لە ڕادەی زیاتر بوو ئەوا تاکەکەسان بەرەو تاوان دەبات و هەر چەند تاکەکەسان بێ ئیش و تەمبەڵ بن هەر ئەوەندەش چ ئەو کێشانەی لە ناوخۆی کۆمەڵگان و چ ئەو کێشانەی لە دەرەوەی کۆمەڵگان، هێزی بەرگری کردنی ئەم کۆمەڵگا یان وولاتانە لە بەرامبەر کێشەکان کەمتر دەبێت و هەندێک کولتووری نابەجێ لە کۆمەڵگادا دروست دەبێت کە یەکێک لەم کولتوورانە خۆ بە زڵ زانین و کوێلە بوون! چونکە تەمبەڵی (کرم)ێک لە ناو لەشی تاکەکەس دا دروست دەکات کە بە هیچ شتێک رازی نەبێت یان بە ئەستەم رازی بێت و خۆی بە کەسێک بناسێت کە پێویستە هەموو کارێکی بۆ بکرێت و ئەمەش دەبێتە ئەگەری نەمانی هەست و سۆز و مرۆڤایەتی، دواجار دروست بوونی کۆمەڵگا یان وولاتێکی لەرزوک کە بە ئاسانی رووبەرووی کێشەکان دەبێت و بە زەحمەت چارەسەر دەکرێت.

بەم کۆمەڵگایانە دەڵێن وولاتە بێ ئیشەکان یان وولاتە نەوتییەکان کە تاکەکانی ئەم وڵاتانە بەردەوام لە ناخۆشیدان و هەر زوو باری دەروونیان تێک دەچیت.

ئەم کۆمەڵگایانە بە بەردەوامی کاریگەری سیاسەتی دوژمنکارانەی بێگانەیان لەسەرە، چونکە هەموو پێداویستییەکانیان لە بەرهەمەکانی بیانی دێت و زۆر بە ئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەری وولاتانی دراوسێدا و زۆر بە ئاسانی کولتووریان دەگۆڕن و بەرەو کولتووری بێگانە بەرێ دەکەون و هەیبەتی وڵاتەکەیان دەرۆخێنن و بەرەو نەمان دەبەنە. دەستی دەرەکی رۆڵی بەرچاوی هەیە لەم کۆمەڵگایانەدا! تاوانەکان لەم کۆمەڵگایانەدا بریتییە لە هەبوونی فرە هزری و ئایدولۆجیای جیاواز کە زۆر بەرچاوترن لە تاوانەکانی تری وەک دزی و ...

*کۆمەڵگا دواکەوتوەکان هەموو ژیانیان بە شێوەیەکی سیستماتیک لەسەر حسابی گەندەڵی دەروات، بە ئۆتۆمبێل بۆ هەر شوێنێک حەزیان لێ بێت دەڕوون، بێ ئەوەی زەحمەت بکێشن پارە دێتە گیرفانیان و تەنانەت ئەگەر لە دام و دەزگایەکیش دا کار بکەن ئیشیان بە زۆری دانیشتن و خواردن و خواردنەوەیە، بەڵێ ئەمە خۆی لە خۆیدا تاوانێکی نادیار و بزرە، چونکە لەم کۆمەڵگایانەدا جوڵە کەمە و بەردەوام خەڵک لە رووی هزرییەوە خەوتووە، ئەمەش سەرچاوەی نەخۆشییە جۆراوجۆرەکانە وەک (شێرپەنجە ،

نەخوشیەکانی پشت و چاو و دڵ ...) بە زۆری خەڵک بەم جۆرە دەمرێت یان بە رووداوی هاتووچو کە ئەگەر ساڵانە سەرژمێری بکرێت لە نێوان ئاماری مردووەکانی کۆمەڵگا بەم هۆکارانە دەبینین کە کەمتر نیە لە مردوەکانی شەرێکی مێژویی (عوسمانییەکان و سەفەوییەکان) ! کۆمەڵگای تەمبەڵ یان کۆمەڵگای تەکنەلۆژیایی لەسەر حسابی ولاتانی پێشکەوتوو، وەک پەپولەیەک وایە کە بە ئاسانی دەتوانرێت لەناو ببردرێت، هەر لەبەر ئەمەیە کە بە ئاسانی دەکەونە ژێر رکێوی ولاتانی پێشکەوتوو، ڕاستە لە ولاتانی پێشکەوتوو تەکنەلۆجیا هەیە، بەلام خەڵک لە جولە نەکەوتووە بۆ نموونە: لە ولاتی یابان کە پڕە لە تەکنەلوجیا خەڵکەکە خۆی هەڵدەستێت بە دروست کردنی ئۆتۆمبێل بە هێز و بازوو و هزری خۆیان، یان هەر خۆیان ئامێرە تەکنەلۆجیەکانی تر بەرهەم دێنن، بەلام ولاتانی دواکەوتوو بە تەنیا ئیشیان بەنزین تێکردن و (سویچ لێدانی) ئوتۆمبێلە، نە مێشکی خۆیان ماندوو کردووە نە هێز و بازووی خۆیان و هەر بۆیە وەک کەسانی مردوو وان کە بە تەنیا جەستەیان کار دەکات !!!

ئەوانەی کە ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە بەڕێوە دەبەن تاوانبارن و ئەوانەی کە لەم کۆمەڵگایانەدا دەژین تاوانبارترن و هەر هیچ نەبێت تاوان لە دژی جەستەی خۆیان ئەنجام دەدەن و بە مردوویی دێلن و بەردەوام دوچاری نەخۆشیە جۆراوجۆرەکانن.

تاوان هەر دزی نیە هەر شتێک کە جۆلەی نەبێت و سوودی نەبێت تاوانە و هەر ئادەمیزادێک کە کار نەکات و جۆلەی نەبێت و داهێنان و سودی بۆ دەورووبەری نەبێت تاوانبارە و دەسەڵاتیش هەر بەم شێوەیە تاوانبارە.

* یان زۆربوونی تەمبەڵی: توانای ئادەمیزاد بە بێ هەبوونی زانست و رۆشنبیری لەو پەڕی بێ هێزی دایە و ئەمەش لە سەردەمی ئێستادا ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان وڵاتانی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا، دەبینین کە رۆژئاواییەکان لە رووی تەکنۆلۆجیاوە چەند لە پێشەوەی رۆژهەڵاتیەکانن و لەم دۆخەشدا لاوازی رۆژهەڵاتیەکان بەرامبەر ئەوان زۆر ئاشکرا و ڕوونە لە هەموو ڕوویەکی کۆمەلایەتیی و سیاسی و رۆشنبیرییەوە ، ئەگەر بەرهەمی نەوت نەبوایە ئێستا ووڵاتانی جیهانی سێهەم کە روژهەڵاتیەکانن لە چ بارودۆخێکی هەستیاردا ژیانیان بەسەر دەبرد؟! ئەمرۆ هەرچیەک هەیان بێت لەسەر بەرهەمی فرۆشتنی نەوتە! بۆیە هەموو توانایان لەم سەرچاوەیە بەدەست دێت و بەبێ بوونی ئەم سەرچاوەیە قەیرانێکی ئالۆز بەڕەو رۆیان دێت .

ئەگەر ئادەمیزاد کاری هەر خواردن و خۆشگوزەرانی بێت و سەرچاوەی داهاتەکەشی لە سەرچاوەی بەڵاشە(سامانی سروشتی) بە دەست بێت و ئاژەڵیش بەو نادانییەی خۆی بەردەوام لە هەوڵی بەردەوام دابێت بۆ بەدەست هێنانی پێداویستییەکانی کەواتە ئاست و رێزی ئاژەل زۆر بەرزترە

له مرۆڤی رۆژهەڵاتی کە بەردەوام خەریکی خواردن و خۆشگوزەرانیە بە بەرهەمی بەڵاش و ئەلاش! یەکێک لە هۆکارەکانی تەمبەڵی تەکنەلوجیایە، تەکنەلۆژیا ئەو دەردە نادیارەی کۆمەڵگایە کە تاکەکان لێی بێ ئاگان و تەنانەت هەستیش بەم دەردە ناکەن، ئەگەر بە ڕوونی بابەتەکە باس بکەم جارێکی تر لە سەرەتاوە دەست پێ دەکەم بۆ نموونە: لە کۆمەڵگاکانی دواکەوتوودا سەرەتا خەڵک خەریکی کشتوکاڵ و بەرهەمە خۆمالیەکانە و بەردەوام نان و پێداویستییەکانی خۆی بەهێزو بازووی خۆی بەدەست دێنێت، بەڵام کاتێک لەم کۆمەڵگایانەدا سەرچاوەی نەوت دۆزرایەوە و خەڵک فێری بەدەست هێنانی پارەی بەڵاش بوو! بەرە بەرە بەرهەمی کشت و کاڵی لاواز بوو! بەڵام کاتێک لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپی شۆرشی پیشەسازی دەستی پێکرد و جیهان هەنگاوی بەهێزی نا بەرەو تەکنەڵۆژیا، هەر لە دوای دەرکەوتنی تەکنەڵۆجیا هەتا ئێستا کە لەو پەری ئاستی پێشکەوتندایە و رۆژ لە دوای رۆژ لە پێشکەوتن وەستانی نەبووە ئێدی شەڕیش مانای نەماوە و ئەگەر ماناشی مابێت دیسان شەڕی تەمبەڵەکانە! چونکە شەڕکەر لە هەزارەی دووەم لە شوێنی خۆی دادەنیشێت و هێرشدەکاتە سەر دوژمن ، بۆ نموونە : شەڕکەر لە وڵاتی خۆی بە یەک دوکمە موشەک ڕەوانەی ولاتی تر دەکات، بۆیە پێی دەڵێم شەری تەمبەلەکان! کە ئەویش هەر کاریگەری تەکنەڵۆجیایە بە سەریدا و ئێدی

وەک جاران نیە کە بە چەکی سارد و گەرمی وەک (خەنجەر و شمشێر و...) سینگ بە سینگ لەگەڵ دوژمن شەڕ بکات بەم جۆرەیە کە هەر بە تەواوی جیهان تەمبەڵ بووە.

❊❊❊ دەسەلاتی حزبی بۆ کۆنترۆل کردنی کۆمەڵگا و دەست بەسەردا گرتنی و بە حەز و ئارەزوو جولاندنی تاکەکان بابەتێکی نامۆ نییە، ئەمانە بە هەندێک ڕێگا هەڵدەستان بە وێران کردنی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانیان، بەلام لە ولاتانی پێشکەوتوو بەم شێوەیە نییە و دەسەلات فەلسەفەکەی بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ژیرانە پیادە دەکات، بۆ نموونە: بۆ وەلام دانەوەی داخوازی و پێداویستی و نەرازیبوونی خەڵکەکەی حکومەت هەڵدەستێت بە بەهانا چونیان و دابین کردن و دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گۆنجاو، هەڵدەستێت بە دابین کردنی لایەنی ماددی بە یەکسانی بۆ تاکەکانی و بڕیارەکانی ولاتەکەی لەسەر خواستی خەڵکەکەی نوێنەرانی دادەنێت و بارودۆخی هەبوونی (کار) زیاد دەکات و خەڵک سەرقاڵی کار کردن و فێربوونی زانیاری بەسوود دەکات و خەڵکەکەی ئاگادار دەکات لە مەترسییەکانی سەرهەڵدانی تاوان و ڕووداوی نەخوازراوی تر، بەلام ولاتی دواکەوتوو بەردەوام دەستی بەسەر هزر و بیری خەڵک دا گرتووە و ڕێگا نادات لە چوارچێوەیەکی داخراودا بچێتە دەرەوە .

❊ زۆر خۆ بە زڵ زانین و دەسەلاتی ڕەها مەترسیدارە، خۆ بە زڵ زانین کێشەیەکی تری مێژوییی ئادەمیزادە هەر لەو کاتەی کە بە پێی مێژووی ئایینەکان کە دەڵێن : شەیتان بە فەرمانی خوا کڕنوش (سەجدە)ی نەبرد

یان سەری بۆ حەزرەتی ئادەم نەچەماند، بۆیە سزا درا و بۆ بە گەورەترین دوژمنی ئادەمیزاد، هەر لەوکاتەوە ئەم کردارە بوو بە هۆی سەرچاوەی دروست بوونی کێشەکان لە نێوان مرۆڤەکان، ئەوانەی خۆیان بە زڵ دەزانن و بە هەندێ شتی بچوک هەڵدەخەلەتێن و لە بیریان دەچێت کە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بە تەنیا دەبێت شانازی بە رەفتارە باشەکانی بکات نەک شانازی بە پارە و هێز، هەر بۆیەش نابێت لە کۆمەڵگا تازەپێشکەوتووەکان زۆر لە ڕادەی پێویست گرنگی بە زۆرکردنی دەسەڵاتەکانی (صلاحیات)ی تاکەکەسان بدرێت بۆ ئەنجامدان و بە دەستهێنانی هەر شتێک کە حەزی لێ بێت، بەڵام بەداخەوە ئەگەر وا نەبێت لە لایەکەوە دەبێتە هۆکاری تێکدانی پەیوەندییە گشتییەکان و لە لایەکی تریش حەزە بێ سنورەکانی گرفت بۆ ئادەمیزاد دروست دەکات و کۆمەڵگاش ناتوانێت بەرگەی ئەم چەندە بگرێت بۆ نموونە: ئەگەر لە ڕادەبەدەر گرنگی بە سەرۆکی وڵات بدرێت و ئەوەندە تواناى هەبێت کە دەست بەسەر هەموو یاساکان بگرێت ئەوا ئەم کۆمەڵگایە بەرەو دەسەڵاتی تاکرەوی (دکتاتۆری) دەڕوات، ئەنجامەکانی ئەم دەسەڵاتانەش لە هەردوو شەڕی جیهانی دا بە ڕوونی ئاشکرایە .

ئەگەر لە نێو خێزان، گەورەی خێزان بە پێی ویستی خۆی هەر کارێک بکات ئەوا خێزان بەرەو تاکرەوی دەبات ، هەموو نەهامەتییەکانی ژیانی ئێستا لە خۆ بە زڵ زانینەوە سەرچاوە دەگرێت هەر لە دەسەڵاتی سەرۆکێک یان خۆ بە زڵ زانینی وڵاتێک بۆ داگیرکردنی وڵاتێکی تر یان باڵادەستی حزبێک بۆ لە ناو بردنی حزبێکی تر.

خوای گەورە کە ئادەمیزادی دروست کرد وەک تاکە بوونەوەر دروستی کردووە کە بە بەژن و بالاَیەکی ڕاست دێت و دەڕوات و بەردەوام سەری بەرزە و بە جوانترین شێوە دروست کراوە لە چاو بوونەوەرەکانی تر، هەر ئەمەشە کە وای لێ دەکات بەڕەو خۆ بە زلَ زانین بڕوات! چونکە هەموو بوونەوەرەکانی تر بە مل کەچی دروست کراون و بەردەوام لە شێوەی کڕنوش دەژین .

دیموکراسی واتا حوکمی دانیشتوان، کەواتە لە شوێنێک خەلَک حکومەتەکەی هەلَبژێریت نیشانەی هەبوونی دیموکراسییە لە ئەوپەڕی ئاستی دا، هەلَبژاردنی حکومەتێک خۆی مانای داهێنانی حکومەتێکە، بۆیە باشترین شت ئەوە کاتێک ئەو خەلَکانەی حکومەتەکەیان هەلَبژاردووە و لەناو خۆدی حکومەتەکە دەست رۆیشتوو و بڕیاربەدەستن، بیر لە چاککردنەوەی شوێنە سووتاو و خراپەکانی (نادادپەروەری و گەندەلی و دزی و هتد،...)ی داهێنانەکەیان بکەنەوە و پەرە بە ئاستی داهێنانەکەیان بدەن، دلَنیا بن خەتای حکومەتی تێدا نییە،حکومەت داهێنانێکی خەلَکە و تەواو، ئەگەر چاک نەکرێت و پەرە نەسێنێت، یان لەکار دەکەوێت یان کڕیاری نامێنێت، دژایەتی کردنی داهێنان سوودی نییە، گەر خەلَک ئینتیمای بۆ حکومەتەکەی نەبوو، حکومەتیش ئینتیمای بۆ خەلَکەکەی نامێنێت، خواستی خەلَک لە سەرووی هەموو شتێکە[١٤] .

---

[١٤] - لە کتێبی دەولَەتی ئیسرائێل خوێندمەوە کە هێرزل رۆژنامەنووسێکی جولەکە بوو، کاتی خۆی نامیلکەیەکی نووسی لە ژێر ناوی دەولَەتی جولەکە، بە رستەیەک تەوژمێکی نوێی دایە بزوتنەوەی زایونیزم کە ئەویش ئەمە بوو: (هەرکاتێک کە تۆ

**هەندێک جار خەڵک بە سەیری بڕیار دەدات، بۆیە کاتێک خەڵک حەز دەکات و بڕیار دەدات کە لەلایەن تاکەکەسێکەوە بەڕێوە ببردرێت ئەمە مانای دیکتاتوریەت نییە و مودیلێکی نوێی دیموکراسییە، یان کاتێک خەڵک بڕیار دەدات کە حکومەتەکەی خەریکی گەندەڵی و واستەکاری و قۆرخکاری بێت ئەمە شێوازێکە کە بۆ پێشبینی کردنی لەناوچوونی پێویستی بە بیرکردنەوەی قول هەیە، ئەم جۆرە خەڵکانە تا دەچەوسێنرێنەوە زیاتر گوێڕایەڵتر دەبن و ئینتیمایان بۆ وڵات و دەسەڵات زیاتر دەبێت ئەم خەڵکانە هەر جۆرە سیفەتێکیان هەبێت ناتوانن لەم جۆرە بیرکردنەوەی دوور بکەون، چونکە بناغەی پەروەردەیان بریتی بووە لە بەرژەوەندیخوازی و ترس و ناوچەگەری و نەبوونی متمانە.**

**زۆربەی زانایانی جیهان بیرۆڕای تایبەتی خۆیان هەبووە لە بارەی دەسەڵات و هەر ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی سیستەمی جیاواز لە کۆمەڵگاکانیان بۆ بەرەو پێش بردنیان، بەڵام کاتێک کۆمەڵگا دواکەوتووەکان بۆ شاردنەوەی سەروسیمای خۆیان هەڵدەستن بە دانانی ئەم سیستەمانە بۆ پەیڕەوی حوکمڕانی خۆیان، ئەوا بەڕەو ڕووی زۆر کێشە**

---

ویستت و خوازیار بوی ئەوا ئێدی خەون نییە) ئەمە بۆ حزبە سیاسییەکان گرنگە و دەبێت بزانن دەولەتی جولەکە بۆ پاراستنی ئەو زوڵم و نەهامەتییانە بوو کە بەسەریان دەهات، دەبێت لە ژێر ئەم دروشمە پێویست بوون بە دەوڵەت بۆ خۆ پاراستن لە زۆلم و نەهامەتییەکان بێت.

دەبنەوە، چونکە یەکەم جار سیستەمەکە لە گەڵ کولتووری کۆمەڵگا و خەڵکەکە ناگونجێت و دووەم جار سیستەمەکە بە تەواوی جێ بە جێ ناکرێت و سێیەم جار ئەزمونی تەواو نییە بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ کێشەکان و چەندەها ئەگەری تر، کە هەتا کۆمەڵگاکە زیاتر پێش بکەوێت و ئازادی زیاتر لە نێو خەڵک دا هەبێت ئەوا ئەم کۆمەڵگایە بە ئاسانتر و زووتر دەتوانێت سیستەمەکە جێ بە جێ بکات و بە شارەزایی و ئەزمونی باشتر ڕووبەرووی کێشەکان ببێتەوە کە ئەمەش پێویست دەکات کە خەڵک بڕیاری لەسەر بدات، چونکە ئەم جۆرە سیستەمانە دەبێت بە فەرمانی خەڵک دابمەزرێن و ئەگەر خەڵک بڕیار نەدات ئەوا جێ بە جێ بوونی زۆر ئەستەمە لە کۆمەڵگاکاندا و هیچ مانایەکی نیە .

لە کۆمەڵگای دواکەوتوو هەمیشە کاتێک هێزیکی تر دێتە سەر دەسەڵات بە تەواوی گۆڕانکاری بنچینەیی لە کۆمەڵگادا دەکات، بۆ نموونە : ئەگەر هێزێکی رۆشەنبیر بێتە سەر دەسەڵات ئەوا دەسەڵات بەرەو رۆشەنبیریی دەبات و ئەگەر چینێنێکی سەربازی بێتە سەر دەسەڵات ئەوا کۆمەڵگا بەرەو جەنگ و سیستەمی سەربازی دەبات! ئەمەش یەکێکە لەو جیاوازییانەی کە هەیەتی لەگەڵ کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا، چونکە لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا گرنگ نییە کێ دێتە سەر دەسەڵات؟ چونکە هەموو سیستەم بە پێی یاسا رێک خراوە و رێزگرتن تیایدا تەنانەت بو ئاژەڵانیش دیاری کراوە کە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان رەحم بە ئەندامانی خۆیان ناکرێت !

**جیاوازی چینایەتی و نادادپەروەری رۆڵی باڵای هەیە و هەر ئەمەشە کە کاتێک گۆڕانکاری بەسەر دەسەڵات دا دێت لە کۆمەڵگای دواکەوتوودا، ئەوا هەڵدەستن بە گورینی بنچینەیی بنەماکانی کۆمەڵگا و لێرەدا توشی بەربەست و خەڵکی دژە بیروڕا دەبن، بەم جۆرە لە کۆمەڵگادا دژایەتی دروست دەبێت و ژیانی پێکەوەیی مانای نامێنێت و ژیانی هەموو تاکەکان لەسەر بەرژەوەندییەکانەوە گرێ دەدرێت ، لێرەدایە کە هەموو تاکەکان تامەزرو و تێنوی دەسەڵات و پلەو پایە دەبن و زۆر بە ڕوونی کەسی ناشیاو بە ئاسانی پلەی بەرز بە (گەندەڵێ) بە دەست دەهێنیت ! لەم کۆمەڵگایانەدا هەزارو یەک کێشەی نادیارو جیاواز هەیە و هەزار و یەک هۆکاری نادیارو جیاواز.**

****کاتێک کۆمەڵگایەکی هەژار بەرهەم بهێنرێت، لێرەدا هەژاری بەهەموو شێوەیەک دەبێتە پەتا، پێویستە شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی لێرەدا رۆڵی باش ببینن وەک ئاسانکارییەک بەرامبەر بە دەسەڵات،[15] چۆنکە گەر نەتوانی**

---

[15] - لەوانەیە بەکارهێنانی کۆمەڵناسی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا لە ئەرکەکانی کۆمەڵناسێک بێت، بەڵام بە فەرمی کۆمەڵناسی لە پێناو چارەسەری کێشەکان و پێدانی رێگای چارەسەر بۆ ئەم کێشانە نییە، ئەرکی کۆمەڵناسی هەر وەک لە ناوەکەیدا دیارە ناسینی کۆمەڵگا و ناسینی پەیوەندییەکانی تاکەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایەیە ، کەواتە کۆمەڵناسی یەکەم جار زانستێکە لە پێناو ناسین و تێگەیشتن، دواتر زانستێکی کارپێکەرە ، کەواتە تا کۆمەڵناسێک بەتەواوی شارەزای ناسین نەبێت

**به باشی ڕەفتاری لەگەڵدا بکەی لە ڕووی ئاکار و هزرو بیر و هەموو بوارێکی تر هەژارت دەکات، بەڵام هەژاری عەیب نییە، عەیب ئەمەیە کە**

---

ناتوانرێت چاوەڕێی ئەمە لێی هەبێت کە لە پلەی چارەسەرکردندا بێت،
هەرچەند بە ناسینی کۆمەڵگاش بە فەرمی کاری کۆمەڵناس چاکسازی و چارەسەرکردن نییە لە کۆمەڵگا.
چاکسازی لە کۆمەڵگا پێویستی بە گۆڕانکاری هەنگاو بە هەنگاو و هەندێک جار بونیادینە لە چوارچێوەی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و کولتووری، بۆیە ئەو کەسەی لە زانکۆ کۆمەڵناسی دەخوێنێت کۆمەڵناس نییە.
بۆ نمونە دیاردەی میهرەبانی هەندێک جار وەک مودێلێکی کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگا باو دەبێت، بەلام بۆ کێشەکان نابێت پشت بەم مودێلە ببەسترێت هەر وەک چون هەژاری بە دیواری میهرەبانی ببەسترێت و ئەمە وەک دەرکەوتەیەکی بینراو و کاتی ناتوانرێت چارەسەر بکرێت.
هەژاری کێشەیەکی بونیادینە کە پابەندە بە کێشەکانی ئابووری و سیاسی و ئەمە بابەتێکە دەبێت هەر کۆمەڵناسێک بزانێت ؛ بۆیە کەسێک لە پلەی کۆمەڵناسێک دەبێت بەر لە هەموو شتێک کۆمەڵگا بناسێت و کەمتر لە ململانێی چارەسەری کێشەکان بێت.
مسعود زمانی مقدم
وەرگێرانی اسکندر چاربۆتی

مرۆڤ پارەی هەبوو و نەتوانێت بە باشی و ڕێک و پێکی ئاگای لە ژیان و خانەوادەکەی بێت و بەردەوام بە کەسێکی شەرمەزار ببینرێت، حکومەتیش وایە کە پارەی هەبوو و نەیتوانی وڵات وەک پێویست بەڕێوە ببات و لەهەژاری بپارێزێت و پێداویستی خەڵکەکەی دابین بکات، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لە زۆر بواری وەک زانست و داهێنان و کولتوور و کەرتە جیاوازەکانیش هەژار بێت، لێرەدایە کە بە وڵاتێکی بەڕەڵا و سەرسەری هەژمار دەکرێت هیچ بەهای نامێنێت لە چاوی خەڵک و دەورووبەر.

کاتێک ژیانی سەگ ئاسا بۆ تاکەکان دابین دەکرێت، پەیوەندی نیوان خەڵک و حکومەت لەسەر بەرژەوەندی دەبێت، با نموونەیەک بێنین: سەگەکە هەر دەچوو ئێسکەکەی دەهێنایەوە و خاوەنەکەشی دووبارە فڕێی دەدایەوە، سەگەکە بۆ ئەوەی نانەکەی نەبردڕێت ئەم کارەی دەکرد، کەچی خاوەنەکەی وا تێدەگەیشت کە لەبەر وەفادارییەکەیە! لەناو کۆمەڵگاش زۆر جار پەیوەندی خەڵک و بەرپرس دەگاتە ئەم ئاستە، خەڵک ئەوەندە گوێڕایەڵی بەرپرسەکانیانن کە هیچ گرنگی بە خیانەت و گەندەڵی و ناعەدالەتی نادەن تەنیا لەبەر ئەوەی نانبڕ نەبن و بەرژەوەندییان تێک نەچێت، ئەمەش وایان لێ دەکات کە لای بەرپرسەکانیان بەکەسانی وەفادار بناسرێن، کەچی نازانن کە پەیوەندی لەسەر ئەم بنەمایە هەمان پەیوەندی سەگ و خاوەنەکەیەتی! ئەمجۆرە پەیوەندییە کولتوورێکی فەشەل لە نێو خەڵکی کۆمەڵگا دەچێنێت، چۆنکە بەرپرسەکان ئاگایان لە ئەرکەکانیان نامێنێت و کات بەهەدەردان دەبێتە بەشی هەردوو لا.

دەبێت باش بزانین کە سەگیش لە ژیان دەمێنێت!
بە کەسێکیان وت مووچەت کەمە بۆچی لە ژیانت رازیت و گلەیی ناکەی؟
وتی: چۆنکە هێشتا لە ژیان ماوم!
بە کەسێکی تریان وت: مووچەت زۆرە بۆچی لەژیانت رازی نیت و گلەیی دەکەی؟ کەچی ئەم برادەرە مووچەی کەمە و گلەیی ناکات؟ وتی: نامەوێت وەک ئەو ئامانجم تەنیا بە زیندوویی مانەوە بێت لە ژیان، دەمەوێت ژیان بکەم و لە خۆشییەکانی ژیان بێ بەش نەبم.
بەداخەوە زۆرکەس تەنیا دەیانەوێت لە ژیان دا بمێنین، نامانەوێت ژیان بکەین و نایانەوێت ژیان بکەن،بەڵێ! ئوڵاتانانە نایانەوێت ژیان بکەین و تەنیا دەیانەوێت لە ژیاندا بمێن، جیاوازی نێوان حکۆمەتی باش و خراپ دەبێت ئەمە بێت کە سیاسەتی خۆشکردنی ژیانی خەڵک لە ئەولەویاتی بەرنامە و ئامانجەکانی بێت، بۆیە ئەو خەڵکە سەرکەوتووە کە نایانەوێت ئامانجیان تەنیا مانەوە بێت لە ژیان و رێگە نادەن دەوڵەتمەداران واز لە خواستی خەڵک و بەردەوام بوون لە سیاسەتی (بخۆ، نەمرە) بێنن.
خەڵک دەبێت کاریگەری هەبێت لەسەر دەسەڵات، بۆ ئەوەی باری ئابووریان باش بکەن، چونکە بێ پارەیی و هەژاری کوشتن و تاوانی تر زۆر دەکات .
هەروەها خزمەتگۆزارییەکان باش بکەن وەک کارەبا، چۆنکە گەرما داینەمۆی مێشکی مرۆڤەکان گەرم دەکات بۆ تاوان.
بێکاری چارەسەر بکەن، چونکە زاناکان دەڵێن دایکی تاوانەکانە .
گرانی چارەسەر بکەن، چونکە چینایەتی زیاد دەکات.
ناوچەگەرێتی چارەسەر بکەن، چونکە شیرازەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

تێک                                                                    دەدات.
حزبایەتی چارەسەر بکەن، چونکە دەبێتە هۆی دروستبوونی لێکترازانی نێومالّی                                                          نەتەوەیی.
پەروەردە باش بکەن، چونکە بێ ئەخلاقی زیاد دەکات.
زانست باش بکەن، چونکە خواردەمەنی عەقلە برسییەکانی تاکەکانە.
هەژاری وا دەکات هیوا نەمێنێت، کاتێک هیوا نەمێنێت ژیان دەگاتە ئاستی بالاّی بێ مانایی، سەرچاوەی نەهێشتنی بێ هیوایی خەلّک دەبێت لە لایەن دەسەلاتی حزبەوە بدوزرێتەوە و رێگە چارەیەک دابنرێت بۆ دروست کردنی ئومێدێکی گەورە لە بنیادنانەوەی هیواکانی خەلّک، ئەگەرنا هەرخەریک بوون بە تۆڕە کۆمەلاّیەتییەکان و دانانی وێنە کۆنەکان دەبێتە پلانی داهاتووی                                                                    خەلّک،
ئەگەر خەلّک بەر لە ١٥ سالّ دەیان هیوای گەورەو بچووکی هەبوو بێت ئێستا نەک بۆ ١٥ سالّی تر، بەلّکو بۆ ١٥ خولەکی تر هیچ هیوایەکی تری نییە.
چۆن لاشە پێویستی بە ئاوە هەر وا رۆحیش پێویستی بە هیوایە، لە هەموو ولاّتەکان گرنگی بەسەرجەم تواناکان و حەزەکان و بوارەکان دەدرێت و بە نرخ و بەهایەکی گەورە سەیر دەکرێت بۆ ئەوەی هیوای خەلّک نەمرێت، سوود وەرنەگرتن لە تواناکان هەر ئەوە نییە کە کەسیک بێکارە یان کاری

**پێنەدراوە، بەڵکو کاریگەرترین چینەکانی کارکەریش ئەگەر سوودیان لی وەرنەگیرێت دەبنە مایەی زیان لە هەموو بوارەکن.[16]**

**ئەگەر ترس و هۆکارەکانی ترساندن زۆر بوو میللەت دووڕوو دەبێت، لەم کاتەدا خەڵک دووڕوویی وەک گرنگترین ئامراز بۆ بەرگری کردن و خۆ پاراستن بەکاردێنێت، نموونەی ئەمە لە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان بەدی دەکرێت بە شێوەیەک کە خۆیان بە لایەنگری دڵسۆزی دەسەڵات دەزانن و لەلایەکی تر بە بێ دەنگی نزای رووخانی دەسەڵات دەکەن، ئەمانە لەسەرەوە دەنگیان بە بەڵێ یە و لە ژێرەوە نەخێرن، وەک بە شۆڕشی بێ**

---

16- بۆ نموونە:
ئەگەر مامۆستایەکی زۆر ماندوو رۆژانە ٤ کاتژمێر دەوام بکات، لە حەفتەیەکدا دەبێتە ٢٤٤ کاتژمێر، و لە مانگێکدا دەبێتە ٤ رۆژ و لەماوەی سالێکی خوێندن کە ٨ مانگە دەکاتە ٢٤ رۆژ، بۆ ئەم ٢٤ رۆژە مووچەی ١٢ مانگ وەردەگرێت! کە بە خەملێنراوی دەبێتە مووچەیەکی زۆرە لە بەرامبەر کارێکی کەم!
کێشە لە بەکارنەهێنانی تواناکانە، لە ساڵێکدا تەنیا بای ٢٤ رۆژ سوود لە گرنگترین توێژ وەردەگیرێت! پلانی کار کردن و دابەشکردنی کار کە نەبوو ولات پێش ناکەوێت ئەگەرنا بە سوود وەرگرتن لە تواناکانیان لەو ١١ مانگە بێ ئیشییە دەتوانرێت داهاتی وڵات و داهاتی کەسی تاک زیاتر بکرێت.

دەنگییە، چۆنکە بە شاردنەوەی دەنگی هەستەکانیان فێل لە دەسەڵات دەکەن، ئـەم شۆڕشە کاتێک دروست دەبێت کە ترساندنی خەڵک لە ئـاستێکی باڵادا بێت و ڕەشبینی ئـەوەندە زۆر بێت کە هیچ هیوایەک نەمێنێت بۆ دروست بوونی دەسەڵاتێکی دادپەروەر، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئـەم شۆڕشە پێویستە دەنگە بێ دەنگەکان، بەدەنگ بهێنرێن لە لایەن خۆدی دەسەڵاتەوە!!! نەک لەلایەن کۆمەڵە کەس و بازرگان و حزبی بەرژەوەندیخوازەوە!!! شۆڕشی بێ دەنگی گەر کۆنترۆل نەکرێت دەسەڵات بێ دەنگ دەکات.

ئەمە دەبێت چ جۆرە کۆمەڵگایەک بێت کە تێدا خۆمان دوژمنی خۆمان، کەسانی دەوروبەر دوژمنی خۆمان، کەسانی دراوسێ دوژمنی خۆمان، خۆمان دزی گیرفانی خۆمان، کەسانی دەوروبەر و ناوخۆ دزی گیرفانی خۆمان، کەسانی دراوسێ دزی گیرفانی خۆمان، بۆ خیانەتیش هەروا... دواتر بە شکستەکانی خۆمان خۆشحال، کەسانی ناوخۆ و دەوروبەریش بە شکستەکانی خۆمان خۆشحال، کەسانی دراوسێش هەر خۆشحال، لەم بارودوخەدا هەر خوا ئـاگادارمان بێت!

ئەو کەسانەی کە بیرۆڕایان لە گەل بیرۆڕای دەسەڵات یان حزبی دەسەڵات بەدەستدا نەبێت زیاتر بەرەو ڕووی سزاکان دەبن و زۆربەی سزاکانیش بریتین لە سزای بە هاووڵاتی نەناسین یان بە خائین ناسین یان بێ بەشکردنیان لە مافەکانی بە هاووڵاتی بوون وەک دامەزراندن و وەرگرتنی پلەی پێویست یان وەرگرتنی زەوی و ... کەئەمەش دەبیتە هۆی دروست

**بوونی شەڕی هزری و تۆڵەسەندنەوەی لایەنی بەرامبەر کاتێک دێتە سەر دەسەڵات و ئەگەر بێتە سەر دەسەڵات...!!**

❊❊❊❊❊❊❊❊❊

**لە(٢٠١٨/١٢/٣١)کۆتایی هات**

## سەبارەت بە نووسەر

-بڕوانامەی بەکالوریوس لە کۆمەلناسی ساڵی ٢٠٠٨
-بڕوانەمەی ماستەر لە کۆمەڵناسی یاسا ٢٠١٥
-بڕوانامەی کۆمپیوتەرICDLو سەنتەری زمانی ئینگلیزی
-شارەزای زمانەکانی فارسی و تورکی و ئینگلیزی و عەرەبی تا رادەیەکی باش
-نووسەری هەشت کتێبە.
-کتێبی جڤاک یان سێدارە،ساڵی ٢٠١١
-کتێبی هزری باش ساڵی ٢٠١٢
-کتێبی لەبیرکراو ٢٠١٣-٢٠١٥.
-کتێبی وشە هاوبەشەکانی کورد و فارس لە قسەکردندا، ساڵی ٢٠١٤
-کتێبی پەرلەمان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ساڵی ٢٠١٥
-کتێبی چەتری ئایین٢٠١٧
-کتێبی ژەهری ژیر ٢٠١٨
-کتێبی ژین و ڤین،٢٠١٩
-لە بواری وەرزشی یاریزان و راهێنەری یاری کاراتی.
-وەستای هونەری دروستکردنی قالی ئاوریشمی ئێرانی.
-٣ ساڵ خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەی ئاکرێ پاراگراف بووە(٢٠١٠-٢٠١٢).
-٣ سال خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەی کوردستان پاراگراف بووە(٢٠١٢-٢٠١٥).
-ئەندامی سەندیکای کۆمەڵناسان.
-ئەندامی چەندین رێکخراوی هونەری و رۆشنبیرییە.